WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16 27ی ڕێبەندانی 2714 (750) دینار

## شاندی کوردستان بەدەستی بەتاڵەوە گەڕایەوە

**ڕووداو – هەولێر**

سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی، بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند کە بەغدا پارەی نییە و ناتوانێ بودجە و مووچەی مانگی یەک و دوو بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات. بەوجۆرەش سەردانی شاندەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەغدا دەڵێ پارەمان نییە و پارەیەکی ئێجگار کەمی خستە بەردەم شاندی هەرێمی کوردستان کە دەوروبەری 300 ملیۆن دۆلار بوو بۆ هەر مانگێک، بەڵام نێچیرڤان بارزانی بەو بڕە ڕازی نەبوو، گوتی بەشە بودجەی ئێمە وەکو ئەوەی کە لە بودجەی عێراقدا پەسەندکراوە دەبێ خەرج بکرێ".



دوای ئەو کۆبوونەوە بێ ئەنجامەی ڕۆژی یەکشەممە، شاندی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ بەرەو هەولێر گەڕانەوە. بە گوێرەی هەواڵی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان "لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە ڕوونبووەوە کە بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی کاشەوە، حکومەتی عێراق لەم کاتەدا ناتوانێ بەشە بودجەی شایستەی هەرێمی کوردستان بدات".

**پەرلەمانتارێک:**
مەلایەک 9 پاسەوانی هەیە چواریان بندیوارن

7



وەزارەتی دارایی داوای ئۆتۆمبێلی "لێژنەکە" دەکاتەوە

4

**310** تۆن گەنم لە سایلۆی هەولێر دیار نامێنێ

8

پێشمەرگە تەنیا وەک هێزی پشتیوانی بەشدار دەبێ

# "شەڕی مووسڵ لە حوزەیران دەستپێدەکات و 10 مانگ دەخایەنێ"

« 3





## ژاپۆنییەک لە کوردستان دەستگیردەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕادیۆی نیشتمانیی ژاپۆن لە زاری بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەوە ڕایگەیاندووە، ژاپۆنییەک دوای ئەوەی لە سنووری تورکیاوە چووەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، لەوێ دەستگیرکراوە. ڕادیۆکە دەڵێت پاسەوانانی سنووری هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و لێپێچینەوە لەو کەسە بیانیانە دەکەن، کە لە سنوورەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (داعش) نزیکدەبنەوە. ئەو ژاپۆنییە چەند ڕۆژێک دەستبەسەر بووە و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن ڕایانگەیاندووە کە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی.



# 5 ملیار دینار لە نێوان دوو وەزارەت دیار نامێنێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ماوەی دوو ساڵە 5 ملیار دیناری کەمئەندامان دیار نییە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کەمئەندامان و پەرلەمان، وەزارەتی دارایی تۆمەتبار دەکەن، بەڵام وەزارەتی دارایی دەڵێت "ئەو پارەیە چووەتە سەر حسابی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی".

بەپێی یاسای ژمارە (1ی ساڵی 2013)ی پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری ژمارە (2ی 2013)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕی 106 ملیار دینار لە بودجەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەنجوومەنی دادوەری و دەزگای ئاسایش بڕدراوەو تەرخانکراوە بۆ کەمئەندامان و پێشمەرگە و ئەنجوومەنی خانمان) لەو بڕەش پێنج ملیاری بۆ کەمئەندامان دانراوە، بەڵام وەریاننەگرتووە.

یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان زیاتر 125 هەزار ئەندامی هەیە و مووچەی مانگانەیان بۆ ئەو کەمئەندامانەی هیچ مووچەیەکیان نییە 150 هەزار دینارە و ئەوانەشی مووچەخۆرن 100 هەزار دینارە. ئەو بڕە پارەیە ئەگەر بدرابووایە کەمئەندامان، بەپێی ڕێژەی کەمئەندامییەکەیان مووچەیان بۆ زیاد دەکرا.

سامان حوسێن، سکرتێری یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی یاسای بودجەی 2013ی پەرلەمان، ئەو پارەیە بۆ کەمئەندامان بووە، بەڵام بەداخەوە تەنیا بۆ بانگەشەی ڕاگەیاندن و موزادەیەکردن بوو، چونکە تائێستا وەرماننەگرتووەو کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە".

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تائێستا چەندین نووسراویان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو پارەیە. محەمەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت لەو کاتەوەی وەک وەزیر دەستبەکاربووە بەدواداچوونی بۆ ئەو پارەیە کردووە، بەڵام دەرکەوتووە پارەکە نەهاتووەتە سەر حیسابیان و گوتی "کە هاتیشم نووسراوم بۆ وەزارەتی دارایی کردووە، بەڵام وەڵامیان نییە".

هاودیانی هەروەها گوتی هەر بەپێی بەدواداچوونەکانیان وەزیری پێشووش نووسراوی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووەو ئەنجوومەنیش نووسراویان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە، بەڵام دارایی وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانی نەداوەتەوە.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت دەبووایە لەو پارەیە 5 ملیار دینار بۆ کەمئەندامان خەرج بکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەکەیان وەرنەگرتووە. د.پەری ساڵح، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کردوویانە وەزیری پێشووی دارایی نووسراوی بۆ ئەو مەبەستە کردووە، بەڵام وەزیری پێشووی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی گوتویەتی "بەدەستمان نەگەیشتووە" بۆیە تائێستاش چارەنووسی نادیارە و ئەوانیش بەردەوام دەبن لەبەدواداچوون.

### دارایی: پارەکە خراوەتە سەر حیسابیان

بەڵام دلێر تارق، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو پارەیە چووەتە سەر حسابی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی. دلێر تارق بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند ئەو پێنج ملیار دینارە لە فەسڵی (سوودی گشتی) چووەتە سەر حیسابی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بودجەکەیان لە 2013دا لە (48 ملیار دینارەوە بووەتە 53 ملیار). ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە لەژمێرەی کۆتایی 2013شدا سەرجەم داهات و خەرجییەکان ڕوونکراوەتەوە.




(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

## داوای ملیارێک و 200 ملیۆن دیناری لێدەکات

# کوردێک هێڵی ئاسمانی ئیمارات دەداتە دادگا

**بێستوون عوسمان**
**ڕووداو — هەولێر**

لە دادگایەکی هەرێمی کوردستان سکاڵا لەسەر هێڵی ئاسمانی ئیمارات تۆمار دەکرێت و داوای ملیارێک و 200 ملیۆن دینار قەرەبووی لێدەکرێت.

هاووڵاتییەکی دانیشتووی هەولێر بە ناوی ڕێباز جەمیل شێخ محەممەد، سکاڵایەکی لەسەر هێڵی ئاسمانی ئیمارات تۆمارکرد، بە پاساوی ئەوەی فرۆکەیەکی ئەو هێڵە بە مەبەست جێی هێشتووە و بەو هۆیەش زەرەرمەندبووە.

ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "دەمویست بە مەبەستی کار بچمە دوبەی. لەگەڵ ئەوەی پێشتر بلیتم کڕیبوو و لەکاتی خۆشیدا لەفرۆکەخانە ئامادە بووم، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی ئیمارات پێیا نگو تم ناتوانیت سەفەر بکەیت و هیچ هۆکارێکیشیان بۆ روون نەکردمەوە. تەنیا بلیتێکی دیکەیان بە دیاری پێدام، من دەزانم جێگەکەی منیان دا بە کەسێکی دیکە".

ئەو هاووڵاتییە لە بەرامبەردا سکاڵایەک تۆمار دەکات لە دادگای بەرایی عەنکاوە. لە سکاڵانامەکەدا باس لەوە دەکات کە بە مەبەستی کار ویستوویەتی سەردانی شاری دوبەی بکات و کۆمەڵێک کۆبوونەوەی هەبووە کە بە نەگەیشتنی لەکاتی دیاریکراودا زەرەرێکی زۆری ماددی کردووە.

لەسەر ئەم تۆمەتانە و بە پێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێباز جەمیل شێخ محەممەد، سکاڵای لەسەر کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی ئیمارات تۆمار کردووە و داوای ملیارێک و 200 ملیۆن دینار وەک قەرەبوو لەو هێڵە دەکات.

کاکە زیاد گەردی، پارێزەری هێڵی ئاسمانی ئیمارات لە هەولێر پشتڕاستیکردەوە کە بریگرتەکەی دراوە بە دادگا و ڕایگەیاند کە پرۆسەی دادگاییەکە بەردەوامە.

گوتیشی "داواکارەکە پێشتر بەڵگەیەکی لەگەڵ هێڵی ئاسمانی ئیمارات واژوو کردووە، وەک قەرەبوویەک بۆ ئەو گەشتەی لەدەستی چووە".

بەپێی قسەی پارێزەر کاکەزیاد بایز کێشەکە لەسەر خودی ئەو بەڵگەیە، لەبەر ئەوەی کۆپییە ڕەسەنەکەی بە زمانی ئینگلیزییە و هەڵە لە وەرگێڕانەکەیدا هەیە. ئێستا دادگا 3 شارەزا (خەبیر)ی ڕاسپاردووە بۆ پێدانی ڕا خۆیان لەسەر خودی بەڵگەکە و وەرگێڕانەکەی.

هەفتەنامەی ڕووداو بۆ وەرگرتنی ڕای پارێزەرێکی ڕاوێژکار پەیوەندی کرد بە وریا حەمە کەریم سیوەیلی. ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی "هەموو هاووڵاتییەک کە هەست بکات مافی خوراوە دەتوانێت داوا تۆمار بکات. دەسەڵاتی دادوەر و دادگاکان گەلێک فراوانە کە دەتوانێت ماف بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی".




# سوپای پاسداران لیوایەکی خانەنشینکراوی پێشمەرگە دەستگیر دەکات

### بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە: ئەو کەسە ویستوویەتی بە چەکەوە بچێتە گوندەکانی ئێران

### فازڵ بەشارەتی: نەخێر چەکی پێنەبووە



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی خانەنشینکراوی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن هێزێکی پاسدارانی ئێران لە نزیک سنوور دەستگیردەکرێت و لەگەڵ پاسەوانەکانی دەبرێنە پاوە. بەرپرسی لقی 12 پارتیش ڕایدەگەیێنێ "ئەو بەرپرسە لەنێو خاکی باشووری کوردستان دەستگیرکراوە".

فازل بەشارەتی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/2/15 لیوایەکی خانەنشینکراوی وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی سەید بەهائەدین، لەلایەن هێزێکی پاسدارانی ئێرانەوە کەمینی بۆ دانراوە و خۆی و دوو پاسەوانەکەی دەستگیرکراون و براون بۆ پاوە.

وەک ئەو بەرپرسەی پارتی باسیکرد، سەید بەهائەدین سەرقاڵی پرۆژەیەک بووە "ویستویەتی ڕێگایەک تەواو بکات کە لە ئاوی سیروانەوە دەڕواتە گوندەکەیان بەناوی گوندی لاوران لە ناوچەی هەورامان، بەڵام پاسدارانی ئێران دەستگیریان کردووە و تەنانەت شۆفێری شۆفڵەکەشیان دەستگیرکردووە".

گوندی لاوران، لە ناوچەی هەورامانە و فازل بەشارەتی وای بۆدەچێ ئێران گومانی لەو ڕێگایە کردبێ و بە کارێکی مەبەستدار تێگەیشتبێ، گوتیشی "بەڵام کاتێک لەنێو خاکی باشووری کوردستان و لەنزیک گوندەکەی خۆت دەستگیرت بکەن، پاساوێکی وانامێنێتەوە، بۆیە مەکتەبی سیاسی و ئاژانسی پاراستن و دەزگا پێوەندیدارەکانمان تێگەیاندووە".

سەید بەهائەدین، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانە و بەپلەی لیوا لە وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کراوە و ئێستا لە گوندەکەی خۆی دادەنیشێت و ویستویەتی هەرچی زووە ئەو ڕێگایە تەواوبکرێت، بۆ ئەوەی کێشەی هاتوچۆی خەڵکی گوندەکە چارەسەر ببێت.

فازل بەشارەتی دەڵێ "چەند ڕۆژێک بەهۆی باران بارینەوە نەیانتوانی کاری تێدا بکەن، بۆیە ئەو ڕۆژە لە نەورۆڵەوە چووە و بە بەلەم لە ئاوەکە پەڕیوەتەوە بۆ گوندەکەیان و کاتێک پەڕیوەتەوە، لەگەڵ پاسەوانەکانی دەستگیرکراون".

نوخشە ناسیح، بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەڵێ "بەپێی ئەوەی لە بەرپرسانی پاسەوانی سنوورم بیستووە لە ناوچەکە، ئەوان بۆیە دەستگیرکراون ویستویانە بە چەکەوە بچنە گوندێکەوە کە لە سنووری ئێرانە و لەوێ سەردانی ناسیاوێکیان بکەن".

ناوبراو هەروەها دەڵێت پێویستە خەڵک لە کاتی هاتوچۆکردنیدا ئاگاداری هەستیاری سنوورەکان بن "زۆرجار ئێمە خۆمان کارئاسانی بۆ ئەوانە دەکەین کە دەیانەوێ سەردانی خزم و کەسوکاریان بکەن لەو گوندانەی دەکەونە ئەودیوەوە، بەڵام هەڵەیە بەچەکەوە بچیتە ئەودیو".

بەڵام فازڵ بەشارەتی ئەم قسەیە ڕەتدەکاتەوە "ئەسڵەن سەید بەهائەدین یەک هەنگاو نەچووەتە خاکی ئێرانەوە و تەنانەت لەنێوخاکی کوردستان دەستگیرکراوە، بۆیە با کەس چەک نەکاتە بیانوو و پەردەپۆش نەکرێ بەوەی سنووری بەزاندووە، ئەسڵەن پاسدارەکان هاتوونەتە خاکی باشووری کوردستان و لەوێ دەستگیریان کردووە".

بەرپرسی لقی 12 پارتی چەند کاژێرێک دواتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەواڵمان پێگەیشتووە "سەید بەهائەدین خەریکە ئازاد بکرێت و لەوانەیە ڕۆژی دواتر بگاتەوە باشووری کوردستان".

## ڕوونکردنەوەیەک

لە ڕاپۆرتی تایبەت بە "لیژنەکە" لە هەفتەی ڕابردوودا، ناوی تەلەڤزیۆنی زاگرۆس لە ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا هات، بەپێی ئەوەی کاری لیژنەکە وەک بەرنامەیەک لەو تەلەڤزیۆنەدا بڵاودەکرێتەوە، بۆیەش ئەگەر بەهەڵە تێگەیشتنێک هەبێت داوای لێبووردن دەکەین و مەبەستەکە تەنیا ئەوەبووە. هەروەها لەو وێنەیەش کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی ڕووداودا کە وێنەی کەسانێکی دەرەوەی لیژنەکەی تێدابووە، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لێبووردن دەکەین .

ڕووداو

## ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:

# گومانمان لە دابەشکردنی زەوی لە شێخان هەیە

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو — دهۆک**

بەهۆی دابەشکردنی سەدان پارچە زەوی بەدەر لە ڕێنماییەکان، سەرۆکی شارەوانی شێخان، قایمقامی شێخان و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی دهۆک بانگ دەکرێنە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بۆ پێدانی ڕوونکردنەوە بە ئەندامانی ئەنجوومەن.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەوان بە دواداچوونیان کردووە دیاربووە سەدان پارچە زەوی لە قەزای شێخان دابەشکراوە، بەبێ ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی دهۆک تاپۆکرابن.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن کە لەبەر هەستیاری بابەتەکە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە چوار نەخشەی گەڕەکی نوێ لە شێخان پارچە زەوی دابەشکراون، بەبێ ئەوەی ئەو نەخشانە پێشترلە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاڤاهیان (تخگیگ العمرانی) پەسەندکرابن، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنمایی و یاسایە، بۆیە ئێمە گومانمان هەیە".

لەبارەی ئەوەی بۆچی میوانداری دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێت. ئەو ئەندامە گوتی "هەندێکمان بۆچوونمان وابوو یەکسەر لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنرێت، بەڵام هەندێکیان پێیان باش بوو بۆ جاری یەکەم میوانداری بکرێین، ئەگەر نەگەیشتینە قەناعەت بۆ جاری دووەم لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".

هەڤاڵ ئامێدی، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو ئاگادار کراوەتەوە کە ڕۆژی 2015/2/17 بچنە ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڵام ناوەڕۆکی بابەتە نازانێت.

سەبارەت بە هەبوونی گومان لە شێوازی دابەشکردنی پارچە زەوی لە سنووری شارۆچکەی شێخان، ئەو بەڕێوەبەرە گوتی "هیچ شتێک لەبەر دەستمان نییە و کەس سکاڵای تومار نەکردووە. مافی ئەنجوومەنە لێپرسینەوە بکات لەگەڵ هەر بەڕێوەبەرێک، بەڵام لەبیرمان نەچێت ڕاستە ئێمە ئیدارەی شێخان دەکەین، بەڵام کارمەندەکانیان سەر بە مووسڵن".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## "بەغدا مانگانە 20 ملیار دینار بۆ موسڵ دەنێرێت"




**ڕووداو- موسڵ**

مانگانە ملیارەها دینار لەلایەن حکومەتی بەغداوە دەڕوات بۆ موسڵ بەناوی مووچەی فەرمانبەران، بێ ئەوەی دڵنیایی هەبێ لەوەی ئەو پارە ناچێتە دەستی داعش. عەلی عەلاف، جێگری پارێزگاری موسڵ، کە ئێستا لە دهۆک نیشتەجێیە، باسی چۆنێتی ناردنی ئەو پارەیەی کرد بۆ فەرمانبەران و گوتی "مانگانە 20 ملیار دینار دەنێرن بۆ موسڵ، هەندێکیان لە ڕێگەی حەواڵە، هەندێکی دیکەش لە ڕێگەی کارتی زیرەک".

### شارەزایەکی سەربازی:

# شەڕی مووسڵ لە حوزەیران دەستپێدەکات و 10 مانگ دەخایەنێ



## 30 هەزار سەربازی پێویستە و پێشمەرگە تەنیا وەک هێزی پشتیوانی بەشدار دەبێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

شەڕی چاوەڕوانکراوی ڕزگارکردنی مووسڵ لەدەستی هێزەکانی داعش بەگوێرەی شیکردنەوەی شارەزایەکی سەربازی پێویستی بە 30 هەزار سەربازە و لە سێ میحوەرەوە هێرش دەکرێتە سەر شارەکە. وا مەزەندە دەکرێ کە هێرشی زەمینی بۆ دەرکردنی چەکدارانی داعش لە شارەکە بکەوێتە مانگی حوزەیرانی داهاتوو کە هێزی پێشمەرگە تێیدا تەنیا وەک هێزی پشتیوانی بەشداری دەکەن و ناچنە ناو شارەکە.

شاری مووسڵ هەشت مانگ لەمەوبەر و لە 2014/6/9 بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ لەلایەن سوپای عێراقەوە، کەوتە دەستی چەکدارانی داعش کە لەبەری لای ڕۆژئاوای شارەکەوە چوونە ناوی.

شارەزایەکی سەربازی لە شرۆڤەی خۆیدا بۆ شەڕی چاوەڕوانکراوی گرتنەوەی مووسڵ، وا مەزەندە دەکات کە شەڕەکە ماوەی نزیکەی 10 مانگ بخایەنێ، بەهۆی گەورەیی شارەکە و ئەگەری شەڕی کۆڵان بە کۆڵان کە یەکلاکردنەوەی کاتی دەوێ.

عەقید ڕوکن مەسعود ساڵح، شارەزای سەربازی، پێشبینی دەکات کە شەڕی مووسڵ یەکێک بێت لە سەختترین شەڕەکانی دژی تیرۆر لەدوای ساڵی 2003وە لەعێراق.

ئەو ئەفسەرە کە مامۆستای ئەکادیمیای سەربازییە لە زاخۆ، هۆکاری درێژەکێشانی شەڕەکە بۆ خاڵە لاوازەکانی سوپای عێراق دەگێڕێتەوە کە تەنیا لەسەر پاراستنی سنوورەکان مەشقیان کردووە لەدوای 2003وە و مەشقیان لەسەر شەڕی ناو شار و کۆڵان بە کۆڵان نەکردووە، ئەستەمیشە هێزەکانی عێراق بەبێ وەرگرتنی مەشقی پێویست بتوانن شاری مووسڵ لەدەستی داعش دەربهێنن.

### قۆناغەکانی و میحوەرەکانی شەڕی مووسڵ

عەقیدی ڕوکن مەسعود ساڵح ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بە سێ قۆناغ دەبێ و گوتی "ئێستا دەست بە قۆناغی یەکەم کراوە کە بریتییە لە چاودێریکردن، کۆکردنەوەی زانیاری، مەشقی سەربازی بە سوپای عێراق و پڕچەککردنی هۆزەکان". قۆناغی دووەمیش وەک ئەو گوتی، بریتی دەبێت لە "شیکردنەوەی زانیارییەکان و دیاریکردنی ئامانجەکان و دانانی نەخشەی سەربازی و داڕشتنی پلانی شەڕ، پاشان دیاریکردنی کاژێری سفری هێرش و لێدانی ڕێگاکانی پاڵپشتیکردنی چەکدارانی داعش کە لە سووریا و بەعاج و قائیمەوە دێن. قۆناغی سێیەمیش دەستپێکردنی هێرش دەبێ لە سێ میحوەری ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوای شاری موسڵەوە.

### ڕۆڵی پێشمەرگە

دەربارەی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەو هێرشەدا، عەقید ڕوکن مەسعود ساڵح دەڵێ "هێزی پێشمەرگە بەشداریی شەڕی زەمینی ناکات بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ، بەڵکو تەنیا وەکو هێزی پشتیوانی بە چەکی قورس پاڵپشتی سوپای عێراق دەکات. هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی کەمینەکان دەپارێزن لە بەرتلە و حەمدانییە و باشیک و شوێنەکانی دیکە".

عەقید ڕوکن مەسعود ساڵح لەو ئەفسەرانەیە کە پاش ئازادکردنی عێراق بۆ خولی مەشقی سەربازی براونەتە ئەمریکا و ئاگاداری وردەکارییەکانی سەرەتای دروستکردنەوەی وەزارەتی بەرگریی عێراقە. ئەو لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ولایەتە یەکگرتووەکان هێزی پێشمەرگە وەکو پێویست پڕچەک ناکات و ڕاستەوخۆ چەکەکانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان نانێرێ، باسی دوو هۆکار دەکات: "یەکەم، ئەمریکا نایەوێ باڵانسی سەربازی و هێز لە عێراق تێکبچێ و هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی پیشەیی نییە".

### بۆچی 30 هەزار سەرباز پێویستە؟

ئەو شارەزا سەربازییە وای لێکدەداتەوە کە هەر میحوەرێکی ئەو شەڕە پێویستی بە 10 هەزار سەرباز دەبێت. لە هەریەک لەو 10 هەزار سەربازە هەشت هەزاریان شەڕکەرن و دوو هەزاریش یەدەک دەبن. ئەو بەجۆرێک لە دڵنیاییەوە دەڵێت شەڕی مووسڵ درێژخایەن دەبێ و ڕەنگە 10 مانگ بخایەنێ، ئەگەرچی هەندێ فەرماندە پێچەوانەی ئەوە بیردەکەنەوە و وای بۆ دەچن کە هێزەکانی داعش لەناو مووسڵ تووشی داڕمان دێن.

ئەو ئەفسەرە وا مەزەندە دەکات کە هێزی شەڕکەری داعش لەنێوان هەشت بۆ 12 هەزار کەس بن، لەبارەی ئەوەش کە دەگوترێ ژمارەیان نزیکەی 30 هەزار کەسە، گوتی کە ئەو زانیارییانە ڕاست نین و داعش وەک بەشێک لە پروپاگەندە ئەو ژمارانە دەخاتەڕوو.

### شەڕەکە بۆچی درێژ دەبێ؟

مەسعود ساڵح ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە داعش دەمێکە لە دەوروبەری مووسڵ دەستی بە لێدانی خەندەق کردووە، هەروەها خۆکوژ و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و دانانی بۆمب لە تەنیشت ڕێگاکان بە شێوەیەکی بەرفراوان ترس دەخەنە دڵی سوپاوە و پێشڕەوییەکانی خاودەکەنەوە. شەڕی نێو شاریش ئەستەمە بەوپێیەی خەڵکی مەدەنی لەنێو شاردا هەیە و ئامانجەکان بەباشی دیارنین، ئەمانە هەموو دەبنە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە".

گوتیشی "هەموو مەزەندەکان وا دەردەخەن کە لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو دەست بە هێرشەکە دەکرێ و لە بنەڕەتیشدا ئەو شەڕە نزیکەی شەش مانگ ئامادەکاری پێویستە، ئێستا ئەوە دوو مانگە ئامادەکاری دەکرێ، کەواتە نزیکەی چوار مانگی ماوە".

### بەرپرسێکی یەکێتی:

# قاسم سلێمانی سەردانەکەی بۆ سلێمانی هەڵوەشاندەوە



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ دیداری ژەنەراڵ قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی سەردانی سلێمانییان کرد، بەڵام بەرپرسە ئێرانیەکە سەردانەکەی بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی هەڵوەشاندەوە.

هەرچەندە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندن وایان بڵاوکردەوە کە قاسم سلێمانی سەردانی سلێمانی کردووە و لەگەڵ یەکێتی کۆبووەتەوە، بەڵام (ڕووداو) لە بەرپرسێکی باڵای یەکێتییەوە کە ئاگاداری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانە، زانیویەتی کە قاسم سلێمانی گوتوویەتی سەردانەکەی بۆ سلێمانی سوودی نەدەبوو، چونکە باڵە ناکۆکەکانی نێو یەکێتی ئامادە نەبوون سازش بۆ یەکدی بکەن.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران کە سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، بە (ڕووداو)ی گوت "قاسم سلێمانی نە سەردانی سلێمانی کردووە و نە لەگەڵ باڵەکانی نێو یەکێتی کۆبووەتەوە".

ڕۆژی 2015/2/10، سەرکردەی باڵە ناکۆکەکانی نێو یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) چاوەڕێی گەیشتنی قاسم سلێمانی بوون، بۆئەوەی بە ئامادەبوونی (پیاوە ئێرانییەکە) لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی نێو حیزبەکەیان بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام قاسم سلێمانی سەردانەکەی هەڵوەشاندەوە.

نزیکەی 6 مانگە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و لە دوا دانیشتنی ئەو سێ بەرپرسە باڵایەشدا لە مانگی ڕابردوو، بڕیار لەسەر ئەوە درا کە تاوەکو ئەو چەند لیژنەیەی بۆ بوارە ناکۆکی لەسەرەکان پێکهاتوون کارەکانی خۆیان تەواو دەکەن، مەکتەبی سیاسی کۆنابێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئێستا بەناوی یەکێتی بڕیار دەدات و ڕابەرایەتی ئەو حیزبە دەکات، داوای لە هەردوو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح) کردووە، هەرچییەکیان هەیە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بیخەنە سەر بەڕە، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح دژی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسین، چونکە دەزانن ئەگەر کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بکرێ، بڕیارەکانی لە بەرژەوەندی هێرۆخان دەشکێنەوە".

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بەرزترین و کاریگەرترین کەسایەتی خۆیەوە هاتە سەر خەت بۆئەوەی یەکێتی لەو قەیرانە ڕزگار بکات کە پاش نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی بەدیارکەوت، بەڵام وادیارە کێشەکان ئەوەندە قووڵن کە بە قسەی کەسێکی نزیکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی "ئێرانیش نەیتوانی چارەسەری بکات و ئاغای قاسم سلێمانی سەردانەکەی بۆ سلێمانی هەڵوەشاندەوە".

کۆماری ئیسلامی ئێران تاوەکو ئێستا پاڵپشتی باڵی هێرۆخان دەکات لەنێو یەکێتیدا، تەنانەت لەسەر داوای هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئێران بۆ ماوەی دوو ساڵ هەموو لایەنەکانی شیعەی ڕازی کرد بەوەی بێدەنگی هەڵبژێرن بەرامبەر پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کە بەهۆی نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەتاڵ بوو.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران وێڕای ئەوەی ڕەتیکردەوە کە فەرماندەی سوپای قودس سەردانی سلێمانی کردبێ وەک ئەوەی بڵاوکرایەوە، گوتیشی "ئێران تاوەکو ئێستا تەسمییەی کەسێکی نەکردووە بۆئەوەی ڕابەرایەتی یەکێتی بکات، ئەوان تەنیا گوتوویانە ڕێکبکەون و یەکڕیزیی خۆتان بپارێزن".

نازم دەباغ، باسی کاریگەرییەکانی فەرماندەی سوپای قودس دەکات کە بەرپرسی مەلەفی عێراق و هەرێمی کوردستانە و نوێنەری تایبەتی عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە "کە دەڵێن قاسم سلێمانی واتە ئێران، ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکات کە لە ناوەندی بڕیاری ئێرانەوە دەردەچێ".

نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێ "من ناتوانم بڵێم هەموو کورد، واتە کوردی پارچەکانی دیکە، بەڵام وا هەست دەکەم قاسم سلێمانی دۆستی کوردی عێراقە".

دەربارەی ڕای کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر کێشەکانی یەکێتی، نازم دەباغ دەڵێ "پێویستە بە ڕێککەوتن کەسێک وەکو جێگرەوەی تاڵەبانی دابنرێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی یەکێتی و ئێستاش لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە کێ بێ هەر باڵە و بۆچوونێکی هەیە". ئەو گوتی "کاتی خۆی کە ڕێککەوتنی تاران کرا لە سەرەتای مانگی یەکی 2014، هەر سێ سەرکردەکەی یەکێتی بە حزوری نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری ئێران دانیشتن بۆ ئەوەی یەکێتی بەڕێوەببەن کە یەکێکیان کاروباری پێشمەرگە، ئەوی دیکە کاری پەیوەندیی دیبلۆماسی و یەکێکیش ئیدارەی یەکێتی بکات، بەڵام ڕێککەوتنەکە تاوەکو ئێستا کاری پێ نەکراوە".

ڕووداو
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16



## "سیستمی سەلامەتی گوندی ئەڵمانی کەموکوڕی تێدایە"

**ڕووداو- هەولێر**

لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بەدواداچوون بۆ کێشەکانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی گوندی ئەڵمانی یەک و دووی شاری سلێمانی دەکات. سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونیش دەڵێ "کەموکورتی لە سیستمی سەلامەتی و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەباو سەوزایی پرۆژەکە هەیە". بەپێی ڕاگەیێندراوێکی قایمقامییەتی سلێمانی، کە کۆپییەکی بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) نێردراوە، "پاش بەدواداچوونی لیژنەکان دەرکەوت کەموکورتی لە سیستمی سەلامەتی و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەباو سەوزایی پرۆژەکەدا هەیە".

### ئۆتۆمبێلی "لێژنەکە" یەکێکیانە

# وەزارەتی دارایی داوای چەند ئۆتۆمبێلێک دەکاتەوە

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی دارایی و ئابووری داوای چەند ئۆتۆمبێلێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و حیزبەکان و فەرمانگەکان دەکاتەوە کە پێشتر پێیاندراوە. یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانە دراوە بە لێژنەی باڵای بەدواداچوونی سەر بە پارێزگای هەولێر و لەلای سەرۆکی لێژنەکەیە، بەڵام تائێستا ئۆتۆمبێلەکە نەگەڕێندراوەتەوە. جگە لەوەش لەجیاتی ژمارەی دارایی، ژمارەیەکی کاتی لە ئۆتۆمبێلەکە دراوە.

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی دارایی لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ وەرگرتنەوەی ئۆتۆمبێلی حکومی لە فەرمانگەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و حیزبەکان.

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی ژمارە 1283 لە ڕۆژی 2014/2/9 کە واژۆی یاسین واحید ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی لەسەرە، داوای وەرگرتنەوەی چوار ئۆتۆمبێلی کردووە کە یەکێکیان بەپێی نووسراوەکە لەلای قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێرە، بەڵام قایمقامی قەزای هەولێر دەڵێت ئەوان هیچ ئۆتۆمبێلێکی وەزارەتی داراییان لەلا نییە.

نووسراوەکە ئاراستەی کەناڵی ئەلعێراقیە/ نووسینگەی هەولێر، قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر، فەرماندەی سنووری پاسەوانی ناوچەی یەک و حیزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێران کراوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە "لەسەر فەرمانی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بفەرموون بە ئاگاداریتان و گەڕاندنەوەی ئەم ئۆتۆمبێلانەی کە لە خوارەوە جۆر و ژمارەی تابلۆی دیاریکراوە بۆ دیوانی وەزارەتمان کە پێشتر دراوە بە بەڕێزتان بەهەر هۆکارێکەوە بێت، وەرگرتنەوەی لەلایەن لێژنەی تایبەتمان دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە بە فەرمانی وەزاری ژمارە 709 لە 2015/1/27".



ئۆتۆمبێلەکانیش بریتین لە دوو ئۆتۆمبێلی نیسان پیکاب بە ژمارەکانی (326/دارایی، 327/ دارایی) کە لەلای نووسینگەی هەولێری کەناڵی ئەلعێراقیەیە. تۆیۆتا لاندکرۆزەر بە ژمارە (177/ دارایی) کە لەلای قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێرە. دوو پاسی جۆری نیسان کە هەڵگری تابلۆی شارستانین و لەلای حیزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێرانە.

ئیبراهیم زێوەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر پشتڕاستیکردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو پاسی پێداون، بەڵام گوتی ئەو پاسانە پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر بە ئێمە دراون، بەڵام بێئاگایی خۆی نیشاندا کە وەزارەتی دارایی داوای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کردبێتەوە. گوتیشی "هەر کاتێک نووسراوی وەزارەتی داراییمان پێگەیشت ئەوکات قسەیەکی لێدەکەین".

### ژمارەی کاتی بۆ دەبەستن

یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەی وەزارەتی دارایی داوایکردووە، لەلای قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێرە بە ژمارە 177 دارایی، بەڵام هەر دوای وەرگیرانی ئۆتۆمبێلەکە تابلۆ شینەکەی لێکراوەتەوەو تابلۆیەکی کاتی دهۆکی بە ژمارە 88356 لێدراوە. لە کاتێکدا جێگری قایمقام ئۆتۆمبێلێکی دیکەشی لەلایە کە تابلۆی وەزارەتی ناوخۆی لەسەرە و لە جۆری فۆرد ئێکسپلۆرەر، ئەوکاتەی بەڕێوەبەری ناحیە بووە ئەو ئۆتۆمبێلەی پێدراوە.

بەپێی نووسراوێکی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارە 7717 لە ڕۆژی 2012/7/12 کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە، ڕەزامەندی دراوە لەسەر کڕینی ئۆتۆمبیلێکی جۆری لاندکرۆزەر بۆ لێژنەی باڵای بەدواداچوون و چاودێریکردنی سەرجەم شوێنەکان کە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

هەر بەپێی ئەو نووسراوە ڕەزامەندی دراوە بە خەرجکردنی بڕی 6 ملیۆن دینار مانگانە وەک بودجە بۆ لێژنەی ناوبراو. بۆ خەرجی ئەندامانی لێژنە لە بەنزین و نانخواردن و پاداشتکردن.

نیهاد قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕەتیکردەوە کە هیچ ئۆتۆمبێلێکی وەزارەتی داراییان لەلا بێت و گوتی "ئێمە تەنیا ئۆتۆمبێلی وەزارەتی ناوخۆمان لەلایە". گوتیشی "ڕەنگە وەزارەتی دارایی داوای ئەو ئۆتۆمبێلەی کردبێتەوە کە پێشتر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ لێژنەی باڵای بەدواداچوونی کڕیوە، بەڵام ئەو لێژنەیە پەیوەندی بەمنەوە نییە و تەنیا شوێنەکەیان لەلای منە".

(ڕووداو) پەیوەندیکرد بە هێرش حوسێن، جێگری قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر، ناوبراو لەبارەی وەرگرتنەوەی ئۆتۆمبێلەکە گوتی "ئەوە پەیوەندی بە ژمێریاری پارێزگاوە هەیە".

سەبارەت بە گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەش لە تابلۆی شینەوە بۆ تابلۆی کاتی، هێرش حوسێن سەرەتا گوتی "ئەم ئۆتۆمبێلە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ لێژنەکەمان کڕدراوە، بەهۆی تەواونەبوونی مامەڵەکەی تائێستا تابلۆی کاتی لەسەرە". بەڵام دواتر گوتی "مامەڵەکەی تەواوبووە و ئێستا تابلۆی شینی لەسەرە".

هەفتەی ڕابردوو هەفتەنامەی (ڕووداو) ڕاپۆرتێکی لەسەر لێژنەی باڵای بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر بڵاوکردەوە کە لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنراوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی وەزیری ناوخۆ بۆ پارێزگای ناردووە، دەبێ لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە دەگوترێت لێژنەکە پارەی لە چەند شوێنێکی سەرپێچیکار وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی وەسڵیان بۆ بکات.


هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی وئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی
ئۆتومبێل

Kurdistan Region - Iraq
Presidency Council OF ministers
Ministry Of Finance & Economy

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية و الاقتصاد
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة و الذاتية
سيارات

ژمارە: ٢٧١٤ کۆرەو ڕێکەوت: / / ٢٠١٥ز

بۆ / کەناڵی العراقیە /نووسینگەی هەولێر
قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر
فەرماندەی سنوری پاسەوانی ناوچەی یەك
حزبی دیموکراتی کوردستان /ئێران
ب/ وەرگرتنەوەی ئوتومبێل

لەسەرفەرمانی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری بفەرموون بەئاگاداریتان و گەڕاندنەوەی ئەم ئوتومبێلانەی کەلەخوارەوە جۆرو ژمارەی تابلۆی دیاری کراوە بۆ دیوانی وەزارەتەکەمان وکەپێشتردراوە بەبەڕێزتان بەهەرهۆکارێکەوەبێت ووەرگرتنەوەی لەلایەن لێژنەی تایبەتمان دەبێت کەبۆئەم مەبەستە پێك هێنراوەبەفەرمانی وەزاری ژمارە ( ٧٠٩ لە٢٠١٥/١/٢٧ ) .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

| ز | لایەنی پەیوەندیدار | ژمارەی ئوتومبێل | جۆری ئوتومبێل |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | کەناڵی العراقیە | ٣٢٧-٣٢٦/دارایی | نیسان پیك اب |
| ٢ | قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر | ١٧٧/دارایی | تۆیۆتا لاندکروز |
| ٣ | حزبی دیموکراتی کوردستان /ئێران | هەڵگری ژمارەی شارستانین | نیسان پاص |

یاسین واحد اسماعیل
بەڕێوەبەری گشتی دیوان
٢٠١٥ / ٢ /

وێنەیەك بۆ ـ
نووسینگەی بەڕێزوەزیری دارایی/بۆئاگاداریتان .
قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر /بۆئاگاداریتان و کاری پێویست .
فەرماندەی سنووری ناوچەی یەك / بۆئاگاداریتان وکاری پێویست .
حزبی دیموکراتی کوردستان /ئێران / بۆ ئاگاداریتان وکاری پێویست .
کارگێری وخۆیەتی /بۆئاگاداریتان .
هۆبەی ئوتومبێل / لەگەڵ سەرەتاکان .
سەرۆك وئەندامانی لێژنەی ئوتومبێل /بۆکاری پێویست .

### بە واژۆی وەزیری خوێندنی باڵا

# قوتابییەک بە نمرەیەکی کەمەوە لە پەیمانگاوە دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆ

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، قوتابییەکی تازە وەرگیراو کە نمرەیەکی نزمی هەبووە، لە پەیمانگەی تەکنیکیی چۆمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین. ئەندامێکی ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت لە دوای ڕاپەڕینەوە هیچ قوتابییەک بەم جۆرە لە پەیمانگایەکەوە نەگوازراوەتەوە بۆ کۆلێژ.

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاری داوە بە گواستنەوەی قوتابییەک لە پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان بۆ کۆلیژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین، بەپێی سیستمی پاراڵێل، بەڵام زانکۆی سەلاحەددین لەو کۆلێژە کار بەو سیستمە ناکات.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەلای (ڕووداو) ن د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا بە نووسراوی ژمارە 94 لە 2015/1/29 فەرمانێکی دەرکردووە و تێیدا هاتووە "ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین ژمارە 403 لە 2014/1/14 و هەموو بەرایییەکانی بابەتەکە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستی لێهاتوویی زمانەوانی ئەو وڵاتانەی کە بەشەکانیان لە زانکۆی هەرێم هەیە، وەکو زمانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی)، بە تایبەتی ئەوانەی زیاتر لەو 9 ساڵ لەو وڵاتانە خوێندوویانە، لەلایەن کۆلیژەکەوە تاقیکردنەوەی لێهاتووییان بۆ کراوە، بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بە گەڕانەوەی هاووڵاتیانی ڕەسەنی هەرێم. بڕیارماندا بە وەرگرتنی هەردوو قوتابی (بێری مەسعود عەزین) و (ئەژین سابیر حەمەدەمین) لە بەشی ئەڵمانی لە زانکۆی سەلاحەددین لە قۆناغی یەکەم بەپێی سیستمی پاراڵێل.

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددینیش بە پشتبەستن بەم نووسراوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، فەرمانێکی زانکۆیی بە ژمارە (705/2/1) لە 2015/2/1 دەرکردووە کە واژۆی د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددینی لەسەرەو تێیدا بڕیار دراوە بە:

1- هەڵوەشاندنەوەی فرمانی زانکۆییمان ژمارە 7474 لە 2014/12/29 تایبەت بە گۆڕینی شوێنی خوێندنی قوتابی (بێری مەسعود عەزین) لە پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان بۆ کۆلێژی زمان لە زانکۆکەمان.

2 - وەرگرتنی هەردوو قوتابی (بێری مەسعود عەزین) و (ئەژین سابیر حەمەدەمین) لە بەشی زمانی ئەڵمانی کۆلێژی زمان لە زانکۆکەمان بۆ ساڵی خوێندنی 2014/2014 بەپێی سیستمی پاراڵێل).

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەددین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گواستنەوەیە لەڕێی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە نەبووە و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ئەوە یەکەمجارە قوتابییەک بەم شێوەیە لە پەیمانگایەک بگوازرێتەوە بۆ کۆلێژ".

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو دوو قوتابییە بەپێی سیستمی پاراڵێل، ئەو سەرچاوەیە گوتی "ڕاستە سیستمی پاراڵێل هەیە، بەڵام زانکۆی سەلاحەددین تاوەکو ئێستا بۆ خوێندنی بکالۆریۆس کاری بەو سیستمە نەکردووە، بۆیە ئەوەش هەر نایاساییە".

سیستمی پاراڵێل لەسەردەمی د.دلاوەر عەلائەددین، وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵا بڕیاری لەسەردرا، بەپێی ئەو سیستمە زانکۆکان دەسەڵاتیان پێدراوە کە ژمارەیەک قوتابی لە زانکۆ حکومییەکان بە پارە وەربگرن، بەڵام بەو مەرجەی ئەو قوتابییەی لە بەشە زانسییەکان و پزیشکییەکان وەردەگیرێن 15 نمرە کەمتری نەبێت لە کۆ نمرەی ئەو قوتابیانەی لەو بەشە زانستییانە وەرگیراون، بۆ بەشە ئەدەبییەکانیش لە 20 نمرە کەمتر نەبێت لە کۆ نمرەی وەرگیراوان.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەمساڵ کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە بەشی ئەڵمانی کۆلێژی زمان 488 نمرە بووە، بەڵام قوتابی (بێری مەسعود عەزین) کۆنمرەکانی 442 بووە، واتە تێکڕای نمرەکانی 63.1 بووە. بەپێی ڕێنماییەکانی سیستمی پاراڵێل دەبووایە نمرەکانی ئەو قوتابییە 468 بێت، ئینجا بۆی هەیە لەو بەشە وەربگیرێت، ئەویش دەبێت لەسەر داواکاری زانکۆکە و بەپێی کێبڕکێ بێت لە نێوان ئەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە.

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بە نووسراوی ژمارە 7474 لە 2014/12/29 بڕیاری داوە بە "گۆڕینی شوێنی خوێندنی قوتابی (بێری مەسعود عەزین) قوتابی قۆناغی یەکەم بەشی (تەکنەلۆژیای زانیاری) پەیمانگەی (تەکنیکی چۆمان) بۆ هەمان قۆناغ و بەشی (زمانی ئەڵمانی) کۆلێژی (زمان) لە زانکۆکەمان بۆ ساڵی خوێندنی 2014 — 2015 لەبەر ئەوەی زیاتر لە 9 ساڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا بە زمانی ئەڵمانی خوێندوویەتی، وەکو هاوشێوەکانی".

د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین پشتڕاستیکردەوە ئەوان ئەو قوتابییەیان لە زانکۆکەیان وەرگرتووە، بەڵام لەسەر بڕیاری سەرووی خۆیان بووە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بووە.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بە (ڕووداو)ی گوت "نووسراومان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆهات کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو قوتابییە بکرێت لە بەشی ئەڵمانی، ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کرد و ئەنجامەکەمان بۆ وەزارەت ناردەوە کە لە چاوپێکەوتنەکە دەرچووە، دواتر نووسراویان بۆ کردین کە ئەو قوتابییە لە پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان بگوازرێتەوە بۆ بەشی زمانی ئەڵمانی لە کۆلێژی زمان، ئێمەش نووسراومان بۆ وەزارەت کردەوە کە ئایا دەکرێت ئەو قوتابییە بەم نمرە کەمە لە زانکۆ وەربگیرێت، وەزارەت وەڵامیان داینەوە کە بەپێی ڕێنمایی ڕێگەپێدراوە کەسێک لە دەرەوەی کوردستان خوێندبێتی و ئاستی زمانەکەی باش بێت، دەکرێ لە بەشەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی وەربگیرێت".

بەڵام سەرۆکی زانکۆ هەر بەوەش وازناهێنێت و نووسراوێکی دیکە بۆ وەزارەت دەنێرێت و دەڵێت کە ئەم قوتابییە لە کوردستان پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو کردووە، ئایا ئەو ڕێنماییانە دەیگرێتەوە، ئەو دەڵێت "ئەمجارە وەزارەت ئەمەی بۆ ڕوون نەکردینەوە، بەڵکو نووسراوێکی کرد و بڕیاری دا کە ئەو دوو قوتابییە بەپێی سیستمی پاراڵێل وەربگیرێن، ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی زانکۆ ناتوانین بڕیاری سەرووی خۆمان ڕەتبکەینەوە".

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو دوو قوتابییە بەپێی سیستمی پاراڵێل گوتی "سیستمی پاراڵێل مەرجی خۆی هەیە، ئێمە لە زانکۆی سەلاحەددین تاوەکو ئێستا تەنیا لە دوو شوێن ئەو سیستەمەمان پەیڕەو کردووە، ساڵی ڕابردوو لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات، ئەمساڵیش لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان". گوتیشی "سیستمی پاراڵێل بۆ ئەو قوتابیانەیە کە بە تەمەنن، ئەویش دەبێت لەسەر داواکاری زانکۆ بێت و بە کێبڕکێش دەبێت، ئێمە ڕەزامەندیمان نەداوە بۆ خوێندن بە پاراڵێل لە بەشی زمانی ئەڵمانی".

ئایا وەرگرتنی ئەو دوو قوتابییە بەمشێوەیە یاساییە؟ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین گوتی "دەبێ ئەو پرسیارە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێت، ئێمە تەنیا بڕیاری سەرووی خۆمان جێبەجێ کردووە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە فوئاد عەلی، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە کرد، بەڵام ناوبراو گوتی "لەبەر ئەوەی ئەوەلیاتی ئەو قوتابییەم لەلا نییە کە چۆن وەرگیراوە، بۆیە ناتوانم قسەی لەسەر بکەم".


وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/نووسینگەی وەزیر فەرمانتان سەردەوە... لەگەڵ ڕێزدا
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ف.خوێندن وپلان دانان وبەدواداچوون /بەناوەندی وەرگرتن بۆزانین... لەگەڵ ڕێزدا
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بەراوێزتان لە ٢٠١٥/١/٢٩...... لەگەڵ ڕێزدا
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر /تۆماری گشتی تایبەت بە قوتابی (بێری مسعود عەزین)...
کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/تۆمار نووسراوتان ژمارە (٦٢) لە ٢٠١٥/١/٧ تایبەت بە قوتابی (ئەژین صابر حمدامین)بۆکاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا
کۆلێژی زمان/تۆمار بۆکاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا
تۆماری گشتی/ لەگەڵ بەرایییەکان
دەرکردە


وێنەیەك بۆ :-
نووسینگەی بەڕێز وەزیر/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
دەرکردە

### نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# بەغدا دەیەوێ لەگەڵ ئێمە کێشە دروستبکات


(فۆتۆ: حوسێن هیممەتی)

کاژێر هەشت و نیوی بەیانی لە دوبەی . بۆ ئەم هەڤپەیڤینە دیاریکرابوو لەلایەن نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە. لە نهۆمی چلی یەکێک لە بەرزترین تاوەرەکانی دوبەی کە هەرچوارلای شارەکەی لێوە دیاربوو، چاوەڕێی دەکردم . کە گەیشتم گوتی هەرچیت دەوێت بپرسە. بەڵام کاتەکە کەم بوو، تەنیا 25 خولەک کاتمان هەبوو. چەند ڕۆژێک بوو بەشی هەرە زۆری میدیای ئیماراتی بە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە سەرقاڵی سەردانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوون کە یەکێک بوو لە بەشداره هەرە دیارەکانی کۆنگرەی حکومەت لە دوبەی .

نێچیرڤان بارزانی لەو هەڤپەیڤینەدا باسی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدای کرد لەسەر نەوت و دەربارەی شەڕی داعشیش گوتی "ئەو شەڕە بۆ ئێمە لەسەرەتادا شۆک بوو، بەڵام پێشمەرگە هەیبەت و شکۆی داعشی شکاند".

هەر لەوەڵامی پرسیارەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداودا ، باسی ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد ، هەروەها وەک جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی پەیوەندییەکانی پارتی کرد لەگەڵ PKKو گوتی کە دانوستاندن لەنێوان هەردوولا هەیە .

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**رووداو: ئێوە لە کۆنگرەی دەوڵەت بوون لە دوبەی کە باسی 50 ساڵی داهاتووی ئەو وڵاتەی دەکرد. کورد چی فێربوو لەو کۆنگرەیە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرۆک وەزیرانی ئیمارات بەشداریمان لەم کۆنگرەیە کرد. بێگومان بۆ ئێمە وەک هەرێمی کوردستان دەرفەتێک بوو، بۆ ئەوەی لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە فێرببین. ئەم وڵاتانە هەموویان پێشتر ئەزموونێکی کەم و زۆر وەک ئێمەیان هەبووە. بە ئەزموونێکدا تێپەڕیون ، لە زۆر بواردا توانیویانە پێشکەوتن بەدەستبێنن. بۆ ئێمەش لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێک بوو کە هاوکارانم لە کابینەی حکومەتدا بەشداربن و خۆم لەهەندێک پانێلدا بەشداربووم ، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین فێرببین و هیوادارین زیاتر ئەو ئەزموونانەی لەم وڵاتانەدا هەن بەشێوەیەک لە شێوەکان، بتوانین بەشە باشەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ بکەین. لەپاڵ ئەمەدا ئێمە هەندێک دیتنی فەرمیمان هەبوو لەڕووی سیاسییەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئیمارات، لەگەڵ شێخ محەممەد بن زاید، لەگەڵ وەزیری دەرەوە لەگەڵ خودی محەممەد بن راشد کۆبووینەوە و لەم دیدارانەشدا پتر باسی دۆخی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی و عێراق و کوردستانمان کرد . بێگومان پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیمارات پەیوەندییەکی نوێ نییە، قەبارەیەکی زۆری بازرگانیمان هەیە، ئەوان کاری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەکەن، قەبارەی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئیمارات بەشێک بوو لە باسەکانی ئەو دیدارانەی لەئیمارات لەگەڵ بەرپرسانی ئەم وڵاتە کردوومانن .

**رووداو: چ شتی نوێتان لە ئیمارات بیست لەو دیدارانەدا، چونکە گوتەبێژی حکومەتی ئیمارات گوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیمارات زۆر گرنگە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڕاستی ئارەزوویەکی زۆر هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە کە یارمەتی ئێمە بدەن، بەشێکی مومکینە ڕاستەوخۆ، بەشێکیش دەبێ لەڕێگەی بەغداوە بکرێت. هەندێجار کێشە لێرە دروستدەبێ ، ئەگەرنا هەستمکرد لەڕووی هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان، لە ئیمارات ئارەزووی ئەوە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی هەرێمی کوردستان بدەن. لەڕووی بازرگانی و وەبەرهێنانیش ئیمارات یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کاری وەبەرهێنان و بازرگانیی زۆری هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

## بەرپرسیارێتی PKK بەهیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان نییە

**رووداو: لە کۆنگرەی حکومەت لە دوبەی ئەوان باسی 50 ساڵی داهاتووی خۆیان دەکرد، تەنانەت گوتیان چەند ساڵێکی دیکە تەنیا 6%پشت بە داهاتی نەوت دەبەستین، هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێ سوود لەم ئەزموونەی ئیمارات وەربگرێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** مەسەلەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان شتێکی هەتا بڵێی نوێیە، ئێمە چەند ساڵێکە دەستمان پێکردووە، پێشتر ئەسڵەن هیچ ژێرخانێکی نەوتی لە وڵاتی ئێمە نەبوو. بێگومان پشتبەستنی هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی سەرەکی بە نەوت، مەترسییەکی زۆر گەورەیە . ئەوەی گرنگە هەموو وڵاتێک بتوانێ نەوت بەکاربێنێت بۆ دروستکردنی ژێرخانی دیکەی ئابووری، چونکە بە بودجەیەکی کەم کە لە بەغداوە دێت، ناتوانی وڵاتێکی وێران بەو هەموو کێشانەی کە هەیەتی ئاوەدان بکەیتەوە . بێگومان داهاتی نەوت پێویستە سوودی لێوەربگیرێ بۆ دروستکردنی ژێرخانی دیکە کە لەئایندەدا وڵات نەتوانێ هەر پشتبەستووبێت بە نەوت . ئێستا خۆ ئەم وڵاتانەش، تەنانەت ئیماراتیش کە ئەو پرۆسەیەی دەستپێکردووە، ئیعتیمادی سەرەکی لەسەر نەوت بووە، بەڵام ئێستا 35 تاوەکو 40% پشت بە نەوت دەبەستێ و وەکو دیکە پشت بە بازرگانی، خزمەتگوزاری و گەشتوگوزار دەبەستێ، ئەوانە داهاتی سەرەکی ئیمارات دابیندەکەن. دەکرێ ئەمەش ببێتە مودێلێک کە ئێمە بتوانین لە ئایندەدا سوودی لێوەربگرین. بەڵام لەڕاستیدا ئێمە هێشتا لە سەرەتادایین ، هێشتا زۆر زووە بۆ ئێمە.

**رووداو: بۆچی دەوڵەتانی کەنداو ئەوەندە گرنگی بە هەرێمی کوردستان دەدەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەوان حەزدەکەن ئەم گرنگییە بەهەموو عێراق بدرێت نەک تەنیا بە هەرێمی کوردستان. بەڵام بێگومان ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە تەماشا بکەین، هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا توانیویەتی فاکتەری سەقامگیری بێت لە ناوچەکە و ئەوان زۆرباش لەوە تێدەگەن. تێدەگەن کە لەهەموو ئەو پرۆسەی چەند ساڵەیە ئەگەر لە دوای 2003وە بیژمێرین ، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر هێمنانە هەوڵیداوە ببێتە فاکتەری سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە. ئەوان ئەمە بەچاوی خۆیان دەبینن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پێیانخۆشە پەیوەندییەکی باشیان هەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لەبەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانیشە پەیوەندی باشی هەبێ لەگەڵ ئەم وڵاتانە .

**رووداو: ئەی بۆچی تائێستا هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی خۆی لە ئیمارات نەکردووەتەوە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بێگومان ئێمە لەو ڕووەوە کەمتەرخەمین. کارەکانی هەرێمی کوردستان لە ئیمارات زیاتر لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دەکرێن ، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە بیری لێدەکەینەوە بۆ دانانی نوێنەرێکی بازرگانی لە ئیمارات .

## پشتیوانی لەو خەباتە دەکەین کە ئەمڕۆ کورد لە سووریا دەیکات

رووداو: بودجەی هەرێمی کوردستان پشت بەداهاتی نەوتی کوردستان و ئەو پارەیە دەبەستێ کە لەبەغداوە دێ. ئێستاش ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا کێشەی تێکەوتووە . کێشەی ئەم ڕێککەوتنە چییە و بۆچی تائێستا پارە لەبەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە؟

نێچیرڤان بارزانی: من لەوباوەڕەدام کێشەی گەورەی بەغدا لەگەڵ ئێمە ئەوە نییە کە کێشە هەیە، بەڵکو بەغدا دەیەوێ کێشە دروستبکات. من وایدەبینم. با بەوشێوەیە باسیبکەم، کە ئێمە چووینە بەغدا ڕێککەوتنێکمان کرد ، دوای ئەوە کە گەڕاینەوە لەو 150 هەزار بەرمیل ڕۆژانەیەی تاوەکو کۆتایی ساڵی 2014 کە دەبوایە بیاندەینێ، پێماندان و ئەو ئیلتیزامەمان بەباشی جێبەجێ کرد. لەسەرەتای ساڵی 2015 ڕێککەوتنمان لەگەڵ بەغدا بەوشێوەیە بوو کە ئێمە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل لەوان وەردەگرین و لە هەرێمی کوردستانیش 250 هەزار بەرمیلیان دەدەینێ ، بەهەمووی دەبێتە 550 هەزار بەرمیل و دەینێرینە دەرەوە. ئێمە دەیگوازینەوەو لەبەندەری جیهان رادەستیان دەکەین و ئێمە تەجهیزی عێراق دەکەین بۆ مەسەلەی بودجە. ئەوان هەر لە هەفتە و دوو هەفتەی یەکەمەوە کردیانە شتێکی زۆر گەورە کە ئێمە ئیلتیزامان نەکردووە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێیاندەڵێین، ناکرێ ئێوە ڕۆژانە حیساب بکەن ، بەڵکو دەبێ موعەدەلی کۆتایی حیساب بکرێ ، ئایا لە موعەدەلی کۆتایی هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بووە یان نا. ئەمەیە ئیلتیزامی ئێمە، لەوانەیە ڕۆژێک 100 هەزار بەرمیل بنێرین، ڕۆژێکیش 250 هەزار بەرمیل بنێرین، ئەمە هەموو مەسەلەی تەکنیکین نەک مەسەلەی سیاسی. ئەوەی گرنگە تەماشای موعەدەلی کۆتایی بکەی کە ئایا هەرێمی کوردستان پابەندی ئەم ڕێککەوتنە بووە یان نا. بەداخەوە ئەسڵەن ئەوان تەحەمولی ئەوەیان نەکردووە و پشوودرێژ نین لەسەر ئەوەی کە ئایا هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێککەوتنەکەیە یان نا. ئەوان دەڵێن هەرێمی کوردستان پابەند نەبووەو تەجهیزی ئێمەی نەکردووە لەکاتێکدا نەوتی زیاتر فرۆشتووە. من لە بەغداش زۆر بە راشکاوانە پێمگوتن، ئێمە ئەو بڕە نەوتە دەنێرینە دەرەوە هەرچەندێک بێت، ئێمە تەنیا پابەندی ئەو بەشەین کە ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە لە بەغدا. ئەمەش هۆی هەیە، ئەوە نییە من لە خۆمەوە قسە بکەم ، لە 2014وە پارەیەکی زۆرمان قەرزکردووە لە دەرەوە، ئەمڕۆ ئێمە پابەندین کە ئەو قەرزانە بدەینەوە، چونکە ئێمە مووچەمان داوە، مووچەی خەڵکی کوردستانمان چۆن دابینکردووە! ئێمە مووچەمان دابینکردووە بەشێوەیەک کە پێشەکی پارەمان لە کۆمپانیاکان وەرگرتووەو ئێستا ناچارین قەرزەکانیان بدەینەوە .

**رووداو: بەڵام هەرێمی کوردستان ئێستا دەتوانێ لە ڕۆژێکدا زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل هەناردە بکات؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ دەتوانێ ...

**رووداو: ئەی بۆچی 250 هەزار بەرمیلی بەغدا نادات و کۆتایی بە گلەییەکانی ناهێنێت؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** دوای ئەوەی جەنابی عادل عەبدولمەهدی هات، جەدوەلێکمان رادەستی ئەوان کرد ، جەدوەلەکە ڕۆژانە دیاری دەکات کە هەرێمی کوردستان چەندە نەوت دەداتە بەغدا و جەدوەلەکەشمان بۆ یەک ساڵ تەسلیمی بەغدا کردووە، لە موعەدەلی کۆتاییدا ئەوە دەردەکەوێ کە ئێمە لەسەری ڕێککەوتووین و دەردەکەوێ کە لەماوەی ساڵێکدا ئێمە ئیلتیزامی خۆمان بەرامبەر ئەوەی ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە بۆ 550 هەزار بەرمیل جێبەجێ کردووە، بەڵام حەقیقەتێک هەیە عێراق پارەی نییە . عێراق لە گەورەترین تەنگژەی داراییدایە .

**رووداو: پارەی عێراق بۆ کوێ ڕۆیشتووەو کێ بردوویەتی؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** کەس نازانێ بۆ کوێ ڕۆیشتووە، دەبێ خۆیان بزانن ئەو پارەیە بۆ کوێ ڕۆیشتووە . لە کۆتایی ساڵی 2013دا عێراق نزیکەی 18 ملیار دۆلاری لە سندووقی DFI هەبووە، ئێستا عێراق ملیارێکی نییە و ئەم مەسەلەی دابەزینی نرخی نەوتیش کێشەیەکی زۆر گەورەی دروستکردووە . پێشنیازی من بۆ بەغدا ئەوەبوو، ئەگەر کێشەتان متمانەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە ئیلتیزامی خۆی جێبەجێ نەکردووە، با سێ مانگ سێ مانگ حیساب بکەین ، ئێوەش سەیر بکەن ئایا ئەو موعەدەلەی ئێمە ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە جێبەجێمان کردووە یان نا ، دوای ئەوە دەتوانن باس لەوە بکەن بودجە دەنێرن یان نا، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەم و حەفتەی یەکەم بڵێی چونکە ئەمەت نەکردووە پارە نانێرین، بەڕاستی پێموایە ئەمە لەڕووی ئابوورییەوە هیچ مانایەکی نییە .

**رووداو: ئەم پێشنیازەتان ناردووەتە بەغدا؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەڵێ لەڕێگەی کاک د.ڕۆژەوە ئەم پێشنیازەم گەیاندووە .

**رووداو: وەڵامی بەغدا چی بووە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە وەک هەرێمی کوردستان پابەندی ئەم ڕێککەوتنەین و دەمانەوێ ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا جێبەجێ بکرێت. ئەمە لە بەرژەوەندی بەغدا و هەرێمی کوردستانە و، هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە دەبێ کە جێبەجێ بکرێت. بێگومان تەوەرێکی سەرەکی قسەکانی ئێمە لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی و بەغدا، ئەم مەسەلەیە دەبێت.

## ناتوانم دڵنیایی بدەم کە مووچەی فەرمانبەران چیدی دواناکەوێ

## کەس نازانێ پارەی عێراق بۆ کوێ ڕۆیشتووە

**رووداو: دەگوترێت ئەم هەموو سەردانانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەلاوازی هەرێمی کوردستانەوەیە، چونکە تائێستا حەیدەر عەبادی سەردانی هەولێری نەکردووە، ئایا ئێوە ناچارن بۆیە ئەوەندە سەردانی بەغدا دەکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** پێموایە ئەوانە شتی زۆر شکڵین، ئەسڵەن ئەوە گرنگ نییە کێ سەردانی کێ دەکات، بەڵکو ئەوەی گرنگە کارەکە بکرێت. خۆ ئێمە لە یەک وڵاتدا دەژین ، ئەویش سەرۆک وەزیرانی عێراقە. من خۆم بەلامەوە گرنگ نییە ئەسڵەن کێ سەردانی کێ بکات .

**رووداو: ئەوەی لای ئێوە گرنگە بودجە و مووچە بێت بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** گرنگ ئەوەیە کێشەکان چارەسەر بکرێن و بودجە بێت و ئەو دۆخەی ئێستا تێیکەوتووین لێی رزگار ببین. ئێمە ئامادەین و حەزدەکەی هەموو ڕۆژێک دەچینە بەغدا.

**رووداو: دەتوانی دڵنیایی بدەیە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە چیدیکە مووچەیان دواناکەوێ؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** تائێستا ناتوانم ئەو دڵنیاییە بدەم، با بە واقیعی قسە بکەم. بەڵام هەموو هەوڵێکی ئێمە ئەوەیە بتوانین شتێک بکەین ئەم مووچەیە دوانەکەوێ و ئیدی نەبێتە هەواڵ و ئەو هەوڵەمان بەردەوامە. ئەوەی گرنگە بۆ ئەوانەی کە مووچە وەردەگرن لە هەرێمی کوردستان، لەوە دڵنیابن مووچەی کەس نافەوتێ، ئێمە ئیلتیزامامان هەیە و پابەندین پێیەوە. ئەوەی گرنگە خەڵک بزانێ ئەمڕۆ کێشەی ئابووری لە کوردستان نییە، بەڵکو گەورەترین قەیرانی دارایی و ئابووری لەهەموو عێراقدا هەیە. ڕاستە ئێستا لە هەرێمی کوردستان مووچە درەنگ دەدرێ ، بەڵام لە عێراقیش بەهەمان شێوەیە و ئەمە کێشەیەکی یەکجار زۆر و جددیە لەڕووی داراییەوە کە ئێستا یەخەی عێراقی گرتووە .

## پەیوەندیمان لەگەڵ PKK ئاساییە

**رووداو: دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان 17 ملیار دۆلاری قەرزکردووە، ئەم قەرزە گەورەیە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** کام قەرز؟

**رووداو:** ئەوەی بۆ مووچە و خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووتانە، لەو ماوەیەی کە بودجە لە عێراق نەهاتووەو ئێوە قەرزتان کردووە؟

نێچیرڤان بارزانی: نەخێر بەو قەبارەیە نییە، 17 ملیاری چی؟ ئەوەی بەغدا قەرزداری هەرێمی کوردستانە 16 تریلیۆن دینارە کە دەبوایە بەغدا لەساڵی 2014 بیداتە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەیداوە . ئێمە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی خۆمان لە هەرێمی کوردستان ، ناچاربووین قەرزبکەین ، بەڵام چۆن ئەو قەرزەمان کردووە؟ ئێمە ئیلتیزامامان داوەتە کۆمپانیاکان و پارەمان لە کۆمپانیاکان وەرگرتووە بەرامبەر ئەوەی کە ئێمە نەوتیان دەدەینێ و، ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەو بەشە نەوتەی کە دەمێنێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی دەنێرین بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیزامەی خۆمان پڕبکەینەوە .

**رووداو: ئەگەر باسی شەڕی داعش بکەین، ئێستا داعش تاچەند مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان ماوە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** شەڕی داعش لە سەرەتاوە شۆکێکی گەورە بوو بۆ هەرێمی کوردستان. لە سەرەتاوە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئێمە دەبێ هەوڵبدەین خۆمان دوورەپەرێز بگرین لەم شەڕەدا و هەر ئەو سیاسەتەشمان پەیڕەوکرد تاوەکو داعش یەخەی هەرێمی کوردستانی گرت. ئەو شۆکە بە بڕوای من تەواوبووە لەهەرێمی کوردستان ، ئەمڕۆ ئێوە دەبینن لەهەموو بەرەکانی شەڕ هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، خۆبەخش، ئێستا موبادەرەی شەڕ زیاتر لەدەست هێزەکانی هەرێمی کوردستاندایە . ئەگەر ئەو خۆڕاگری و ئەو قارەمانی و خوێنی ئەو ئازیزانە نەبووایە، بەڕاستی ئێستا دۆخی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. بەهیممەتی ئەوان، خۆڕاگریی ئەوان، ماندووبوونی ئەوان توانرا دۆخەکە تا حەددێک زۆر باش رابگیرێت. ئەوەی ئێستا هەیە، داعش لە زۆر شوێن هەوڵدەدات بزانێ لە چ شوێنێک خەلەلێکی بچووک هەیە بتوانێ سوودی لێوەربگرێ و زەربە لە پێشمەرگە بدات. ئەوەی ئێستا داعش دەتوانێ بیکات زیاتر زەربە لێدانە نەک گرتنی شوێن، بێگومان ئەو قۆناغەش تێپەڕی کە ئیدی داعش شوێنێک بگرێ و بیپارێزێ، بەڵام تائێستاش دەتوانن زەربە بوەشێنن .

**رووداو: دەتوانین بڵێین هەیبەتی داعش بەدەستی پێشمەرگە شکا؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** لەسەر ئەرز تەنیا هێزێک کە توانی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە و زەربەی لێبدات هێزی پێشمەرگە بوو. بێگومان هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەرزەوە تەنیا هێزە کە هەیبەت و هەیمەنەی داعشی شکاندووە لەهەموو شوێنێک. خۆت لەوێ بووی، ئەو ناوچانە بە قسە خۆشە ئەوەی کە باس لە ئازادکردنیان کرا. لە شنگال بووی، لەو سنووره بووی و بینیت، ئەوەی کە کراوە کارێکی یەکجار زۆر گەورەیە، لە جەلەولا و لە سەعدییە، کەرکووک، مەخموور و گوێڕ ، لەهەموو بەرەکانی شەڕ.

**رووداو: سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لە دوو بەرپرسی ژنی (یەپەگە) و (یەپەژە) کرد، هەڵوێستی ئێوە چییە لەسەر ئەم پێشوازییە کە دەوڵەتێکی گەورە بە فەرمی پێشوازی لە وەفدی هێزێکی ڕۆژئاوای کوردستان کرد؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەوەی کە پێشوازی لەهەر هێزێکی کوردی بکرێت . ئێمە بەڕاستی پشتیوانی لەو خەباتە دەکەین کە ئەمڕۆ کورد لە سووریا دەیکات. قسەی ئێمە بۆ ئەوان تەنیا یەک شتە: یەکگرتووبن و پێکەوەبن، دەرفەت بدەن خەڵکی دیکەش لەگەڵ ئێوەدا کاربکات، دەرفەت بدەن هێزەکانی دیکەش لەگەڵ ئێوە کاربکەن. سەرنجێکی زۆر هەڵە دروستبووە لەسەر پارتی لەوبارەوە. وا پێشان دەدرێت کە پارتی دوژمنایەتی هەیە لەگەڵ ئەوان، بەپێچەوانەوە کاتێک کۆبانێ تووشی شەڕ بوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی دا کە قەناعەت بە ئەمریکا و تورکیا بێنێت مۆڵەت بدەن هێز بنێرین بۆ یارمەتیدانی کۆبانێ. هێزەکان ڕۆیشتن و یارمەتیشماندان. ئەمڕۆش هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە زیاتر لەم مەسەلەیەدا زۆر بەداخەوە دەبینین هەندێ لایەن دەیانەوێ ئەمە بەتایبەت لە دژی پارتی بقۆزنەوەو سوودی لێوەربگرن. ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە، هەڵوێستی ئێمە و هەموو هێزە کوردستانییەکان پشتگیرییە لەو خەباتەی ئەمڕۆ کورد لە سووریا دەیکات. هەر هەنگاوێکی سیاسی و سەرکەوتنێکی سەربازی جێگەی خۆشحاڵیی ئێمەیە و پشتیوانی لێدەکەین. قسەی ئێمە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەک بۆ ئەوان ئەوەیە یەکگرتووبن و ڕێگە بە خەڵک و هێزەکانی دیکەش بدەن و پێکەوە کاربکەن تاوەکو بتوانن لەم قوناغە تێپەڕن.

**رووداو: پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و PKK چۆنە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ PKK ئاساییە، مومکینە هەندێ ناکۆکیمان هەبێ لە بیروبۆچوون، بەڵام وەک پەیوەندی دوو هێزی سیاسی پەیوەندیمان لەگەڵ PKK هەیە، دانیشتنمان هەیە و شتەکان زۆر بە ئاساییتر بەڕێوەدەچن لەوەی کە ئێمە لە ڕاگەیاندن دەیبیستین. ئەمە ڕاستییەکەیە و بەردەوامیش ئەم دانوستاندنانە هەن ، ئەوان هێزێکن لەسەر ئەرز هەن ، بەڵام ساحەی خەباتی ئێمە و PKK جیاوازە. بەرپرسیارێتی ئێمە لە هەرێمی کوردستانە و PKKش دەبێ لەوە تێبگات، بەرپرسیارێتی PKK بەهیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان نییە. ئێمە بەرپرسیارین بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئەمە بە پلەی یەکەم بۆ ئێمە ئەولەویەتە و دەبێ هەموو هەوڵێک بدەین کە ئەم بەرپرسیارێتییە بەرێکوپێکی بەجێبگەیێنین.

ڕاپۆرت
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## ئەمریکا 4 هەزار سەرباز بۆ شەڕی داعش دەنێرێت

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی ڕۆژنامەیەکی کوێتی، ئەمریکا 4 هەزار سەرباز و چەندان تانک و زرێپۆشی برادلی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کردوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی داعش. ڕۆژنامەی دەستووری کوێتی بڵاویکردووەتەوە "ئەمریکا 4 هەزار سەربازی ڕەوانەی کوێت کردووە، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە سووریا و عێراق". ڕۆژنامەکە دەڵێت "ئەو بڕیارە لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەیە کە گریمانەی هاتنی هێزی زەمینی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکەن بۆ عێراق، بەهۆی ئاڵۆزییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە چەند ناوچەیەکی عێراق".



## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا:

# هاوکاری سەربازیی ڕاستەوخۆ بۆ کورد نانێرین

## 40 ملیۆن فیشەک و چەکی سووک و قورسمان بۆ پێشمەرگە ناردووە

**پەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

وەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هاوکارییە سەربازییەکانیان بۆ هێزی پێشمەرگە لەڕێی بەغداوە دەنێرن بۆ کوردستان.

جێن ساکی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەفتەی ڕابردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "سیاسەتی ئێمە وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناردنی هەموو هاوکارییەکی سەربازی دەبێت لەڕێی حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە بێت". چونکە وەک ئەو گوتی "بەپێی یاسای ئەمریکا دەبێت هاوکاریی سەربازی لەڕێی حکومەتی فەرمییەوە بێت".

ساکی گوتیشی کە ئەمریکا زیاتر لە 1000 هێرشی ئاسمانی بۆ پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجامداوە، ئەمە جگە لەوەی کە واشنتن چەکی پێویستی بۆ "کوردەکانی عێراق" ناردووە.

بەڵام چەند سیناتۆرێکی پارتی کۆماری ڕەخنە لە ئیدارەی ئۆباما دەگرن لە نەناردنی هاوکاری سەربازیی ڕاستەوخۆ بۆ کورد، چونکە ئەوان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە شەڕی دژی داعشدا.

بەرپرسانی کورد بەردەوام گازندە دەکەن لەوەی بەغدا بەپێی پێویست ئەو چەک و پێداویستیانە نانێرێت کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆ کورد دەنێردرێن. حکومەتی ناوەندی ترسی ئەوەی هەیە بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگە خواستی سەربەخۆیی لەلای کورد زیاد بکات.

ساکی گوتی "بایی زیاتر لە 3 ملیۆن پاوەند لە پێداویستی سەربازی لەڕێگەی 60 کارگۆوە بۆ کورد نێردراوە، ئەوانیش پێکدێن لە 15 هەزار نارنجۆکی دەستی، نزیکەی 40 ملیۆن پارچە چەکی سووک و قورس و فیشەک، 18 هەزار کلاشینکۆف و 45 هەزار گوللە تۆپ و هاوەن".

ساکی گوتیشی "لەگەڵ هاوپەیمانان بە ئەڵمانیاشەوە هەوڵەکانمان یەکخستووە بۆ دابینکردنی چەک، ئەمە چەکی قورس و پێداویستییەکانی دیکەش دەگرێتەوە بە تۆپ و گوللە تۆپی T62 بۆ 100 تانکەکەیان و ئۆتۆمبێلی سەربازی و پێداویستی دژە بۆمب."

بەڵام ئەڵمانیا یەکێکە لە هاوپەیمانەکان کە ڕاستەوخۆ چەک و پێداویستی بۆ پێشمەرگە ناردووە. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فرانک والتەر شتاینمایەر لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ گوتی "من خۆم یەکێکم لەو چەند کەسە کەمەی لە ئەڵمانیا داوای دابینکردنی پێداویستی سەربازی و چەکم بۆ پێشمەرگە کردووە."

بەرلەوەی چەکدارانی داعش هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک، گرتەیەکی ڤیدیۆیی فەرماندەیەکی باڵای پێشمەرگە لەو شارە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوبووەوە کە تێیدا گازاندەی نەبوونی ئۆتۆمبێلی سەربازی و تانکی کردبوو.

کەمیی چەک هۆکاربووە بۆ زۆریی زیانە گیانییەکانی هێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ کە تا ئێستا زیاتر لە 1000 پێشمەرگە لەو شەڕەدا شەهید بوون.



پێشمەرگە ڕاهێنان لەسەر چەکە نوێیەکان دەکەن
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن )

# ئیسلامییەکان داوای چەک دەکەن

## بزووتنەوە:

## ئامادەین هێزێکی 500 کەسی دروستبکەین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە دەڵێ ئامادەن ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش ببنەوە، بەڵام بەومەرجەی هێزێکی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن. بەرپرسی یەکێک لە میحوەرەکانی شەڕیش دەڵێت "نابێ ڕێگە بە دروستکردنی هێزی زیاتری حیزبی بدرێ".

لەوەتای داعش هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان، بەردەوام ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی حیزبە ئیسلامییەکان دەکرێتەوە کە بۆچی بەشداری لەو شەڕەدا ناکەن؟

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێ لە کوردستان هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە 16 لیوا پێکدێن، لەگەڵ یەکەکانی 80 و 70 و زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن، ئەوانە هێزی ڕێکخراون بۆ پارێزگاری لە خاکی کوردستان "بەڵام ئیسلامییەکان وتووێژیان هەیە لەنێوخۆیاندا بۆ ئەوەی بزانن ئایا لەڕووی فکرییەوە چی بکەن و ئەوەش گونجاوترە بۆ ئیسلامییەکان".

شوان قەلادزەیی نەیشاردەوە کە سێ لایەنە ئیسلامییەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوە) هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروستبووە بۆئەوەی بەشێوەیەکی مەیدانیش بەشداریی لەو شەڕەدا بکەن "ئەگەر چەک و پێداویستیمان بۆ دابین بکرێ".

بەڵام بەپێی زانیاریەکانی (ڕووداو)، داواکاریی ئیسلامییەکان سەری کێشاوە بۆ خواستی زۆرتر لەو ڕووەوە و جگە لە چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی شەڕکردن، هێزێکی تایبەت بە ئیسلامییەکانیان دەوێ تاوەکو بچنە یەکێک لە میحوەرەکانی شەڕ.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیدا برووسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەمینداری یەکگرتوو و نارد و گوتی کە یەکگرتوو دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش، بەتایبەت لەڕووی فکرییەوە".

هەر بەپێی زانیاریەکانی (ڕووداو)، لە کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی و سەرکردەی حیزبەکانی بەشداربووی نێو حکومەت، هەمان پرسی هاوکاری و هەماهەنگی ئیسلامییەکان لەو شەڕەدا باسکراوە، سەرکردەی دوو لایەنە ئیسلامییەکەش بەڵێنی ئەوەیان داوە کە هاوکار بن.

شەڕی چەکدارانی داعش لە کاتێکدا سەریهەڵدا کە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێک نەبوو پێکهاتبوو. بزووتنەوەی گۆڕان وەزارەتی پێشمەرگەی وەرگرت و دەیویست بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی هێزی چەکداری حیزبی لە دەرەوەی وەزارەتەکە، پاشخانێکی باش بۆخۆی دروستبکات لە ڕووی ئەزموونی حکومەتدارییەوە، بەڵام دواتر نەک هێزەکانی پێشمەرگە یەکنەخرانەوە، بەڵکو هێزی دیکە بۆ مەسیحی و ئاشووری و ئێزدی و کاکەییەکانیش دروستکران. ئێستا ئیسلامییەکانیش داوای هێزێک دەکەن.

دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ ئەوان وەک کۆمەڵ بەجیا و بە دوو قۆڵیش لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی باسیان کردووە چۆن بەشداریی ئەو شەڕە بکەن "یان دەبێ فەوج و هێزمان بۆ دروستبکەنەوە و لەو ڕێگایەوە چەک و کەرەستەی شەڕکردنمان دەستبکەوێ و بەشداری بکەین، یان دەبێ بە بەرنامەیەک ڕێکبخرێ، هەرچەندە دەزانین ناشکرێ لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوە بکرێ". دارا محەممەد ئەمین، دەڵێ پێشنیازیشیان کردووە بۆ حکومەت "موالیدەکان بانگ بکاتەوە بۆ سەربازی و ڕاهێنانیان پێ بکات، لە تەمەنی 18 ساڵی تاوەکو 25 ساڵی بانگ بکرێ، ئەوکات هەموو لایەک بە ئیسلامییەکانیشەوە بەشداریی شەڕەکە دەکەن".

بەڵام ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێ "لیستێکی 500 کەسیمان پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە بۆ دروستکردنی هێزێک و داوای چەک و ئۆتۆمبێل و پێداویستی شەڕکردنمان کردووە".

ئەنوەر عەنەبی هەروەها دەڵێ ئەوان وەک بزووتنەوە هێزی سەربازییان نەماوە "بەڵام دەستەیەکی خانەنشینی سەربازیمان هەیە و ناوی 500 کەسمان ئامادەیە و وەزارەتی پێشمەرگەش پێیانگوتین نابێ تەمەنیان لە 50 ساڵ زیاتر بێت".

ئەنوەر عەنەبی کە داوای هێزێکی تایبەت و چەک و پێداویستی دەکات بۆ ئەو هێزەی بزووتنەوە، گوتیشی "وەزارەتی پێشمەرگە پێیانگوتین چاوەڕوانی وەڵاممان بکەن و وەڵامیان نەداوینەتەوە". بەڵام بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگە لە یەکێک لە میحوەرەکانی شەڕ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە دووری دەزانێ وەزارەتی پێشمەرگە بەوە ڕازی ببێ و گوتی "لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هێز بۆ هیچ لایەنێکی دیکە دروست ناکرێ".

ڕاوێژکاری کاروباری ئاینی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە دەبوو زووتر ئیسلامییەکان بهاتنایە پێشەوە و دەڵێ "نابێ ئیسلامییەکانی کوردستان بەشداریکردن لەو شەڕەمان بە منەت پێ بفرۆشنەوە، کاتێک مەترسی درووست دەبێ لەسەر خاکی کوردستان، مەترسی لەسەر هەموومان دروستدەبێ". مەلا نیازی هەورامانی گوتیشی "نابێ ڕێگە بە دروستکردنی هێزی زیاتری حیزبی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بدرێ".

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی:

# دەبێ وەکو پێغەمبەر ئاو لەسەر حەویجە ببڕین



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

پیشاندانی وێنەی پێشمەرگە دیلەکان لەلایەن چەکدارانی داعش لە قەزای حەویجەی سەر بە پارێزگای کەرکووک، کاردانەوەی توندی شەقامی کوردی و نێوەندی سیاسی و میدیایی بەدوای خۆیدا هێنا و زۆرکەس داوا دەکەن ئاو و کارەبا لەسەر قەزای حەویجە ببڕدرێ کە بووەتە لانکەی چەکدارانی داعش.

### "داعش و دانیشتووانی حەویجە یەکن"

د.ڕێبوار تەها، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی داعش دەیکات لوتکەی سووکایەتی و شکاندنی بەها مرۆڤایەتییەکانە، بەتایبەتی لە نمایشکردنی پێشمەرگە دیلەکان و گەڕاندنیان بە نێو شار و بازاڕدا، بۆیە پێشنیازم بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و حکومەتی خۆجێیی کردووە بڕیارێکی بە پەلە و خێرا بدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەفتارە و پێویستە ئاو و کارەبا و تەواوی پێداویستییەکانی ژیان لەسەر قەزای حەویجە ببڕن، چونکە دانیشتووانی حەویجە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ داعش نییە".

ڕۆژی 13/2/2015 چەکدارانی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆییان بڵاوکردەوە کە تێیدا ژمارەیەک پێشمەرگەی دیل دەردەکەون لەنێو قەفەزی ئاسنیندا بە پۆشاکی پرتەقاڵییەوە و بە شەقامەکانی حەویجەدا دەیانگەڕێنن.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوان لە بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە ئامانجیان ترساندنی خەڵکە، بێگومان بڵاوکردنەوەی دیمەنی پێشمەرگە دیلەکان گوزارشتە لە ڕەفتاری دڕندانەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییە".

### ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک داوای بەدەست نەگەیشتووە

ئیبراهیم خەلیل، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە لیستی برایەتی ڕەتیکردەوە کە هیچ داواکاریەکی فەرمییان لەبارەی بڕینی ئاو و کارەبا و پێداویستییەکانی دیکەی حەویجەیان پێگەیشتبێ "بەڵام لیژنەکانی یاسایی و ئاسایش لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەتوانن تاوتوێی ئەو داوایە بکەن".

ئیبراهیم خەلیل کە هاوکات بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، ئیدانەی ئەو کارەی داعشی کرد و گوتی "دیل ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە بە توندی ئیدانەی ئەو کارەی داعش دەکەین کە لەگەڵ هیچ پرەنسیپ و بەهایەکی ئاسمان و زەمین یەک ناگرێتەوە، ئەوان تا ئەوپەڕی دڕندەن".

### وەستا ڕەسوڵ: پابەندی پرەنسیپی جەنگین

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند بەرامبەر دانیشتووانی حەویجە، ئەوانەی لەگەڵ چەکدارانی داعش بەشدارییان لە سووکایەتیکردن بە پێشمەرگە کردووە، وەستا ڕەسوڵ فەرماندەی میحوەری باشووری کەرکووکی هێزی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە پابەندی پرەنسپ و یاسا و بنەماکانی جەنگین، هیچ بڕیارێک لەلای ئێمە نییە بۆ گەمارۆدانی حەویجە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ بە پلانێکی سەربازی داعش لە تەواوی پارێزگای کەرکووک و ئەو ناوچانەی دەستمان دەگاتێ دەربکەین، ئەمە ئیشی لایەنی ئیداری کەرکووکە ئەو بڕیارە بدەن نەک ئێمە".

بەڵام ڕێبوار تەها دەڵێ "لە سەردەمی پێغەمبەریش لە شەڕی بەدردا ئەو تاکتیکە بەکارهاتووە کاتێک ئاوی لەسەر قورەیشییەکان بڕی، بۆیە دەبێت کوردیش ئاو و کارەبا و هەموو شتێکیان لەسەر ببڕێت، بۆ ئەوەی جورئەت نەکەن سووکایەتی بە پێشمەرگە و دیل بکەن".

ئەو پەرلەمانتارە کوردە دەڵێت قەزای حەویجە دوو پەرلەمانتاری لە پەرلەمانی عێراق هەیە، کەچی هیچ هەڵوێست و لێدوانێکیان لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەی بەشێک لە دانیشتووانی قەزای حەویجە نەبوو "ئەوەی ئێستا لەژێر حوکمی داعش دەژی و چەپڵە بۆ ئەو کارە قێزەونانەی داعش لێدەدات، بۆ ئێمە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ داعش".

### 100 داعش دیلن لە کوردستان

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نزیکەی 50 پێشمەرگە لەلای داعش دیلن و ژمارەی دیلەکانی داعشیش لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو هێندەی ئەو ژمارەیەیە".

ماوەتی گوتیشی "هەوڵی زۆر جدی هەیە بۆ ئازادکردنی ئەو پێشمەرگە دیلانەی لەلای داعشن، بەتایبەت دوای پیشاندانی دیلە پێشمەرگەکان لەنێو حەویجە. ئەو هەوڵانەی تاوەکو ئێستاش دراون ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە بە دیل بە دیل ئەو پێشمەرگانە ئازاد بکرێن".



**63 هەزار پاسەوان لە کوردستان هەن**

### سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

# مەلا هەیە 9 پاسەوانی هەیە چواریان بندیوارن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لە چەند رۆژی رابردوودا یەکێک لە پاسەوانەکانی پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا، دوای ئەوەی دەنگی نەگەیشتە کەس و بێداد مایەوە، پەنای بۆ دیوارەکەی خۆی برد لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و لەوێ دەردەدڵی خۆی کرد. ئەو گەنجە ویستی هەموو کەس بزانن کە ئەو پاسەوانی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانە و لەو رۆژەوەی پەرلەمانتارەکە چووەتە بەغدا، ئەو هەر لەماڵەوەیە و لە مووچەکەشی تەنیا 200 هەزار لە پەرلەمانتارەکە وەردەگرێ و ئەوی دیکە پەرلەمانتارەکە هەمووی بۆ خۆی دەبات.

بەڵگەنامەی پاسەوانە گەنجەکە، بڵاوکردنەوەی بریکارنامەی نێوان خۆی و ئەندام پەرلەمانەکەیە کە وێنەی هەردوولا بەسەر بریکارنامەکەوەیە و بەو بریکارنامەیە پەرلەمانتارەکە مانگانە مووچەی ئەو پاسەوانە و پاسەوانەکانی دیکەشی وەردەگرێ.

ئەحمەد حاجی رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نایشارێتەوە بەشێک لە پەرلەمانتارانی بەغدا، لەوانەش هەندێک لە پەرلەمانتارانی کورد، پارەی بەشێک لە پاسەوانەکانیان بۆ خۆیان هەڵدەگرن "مووچەی هەر پاسەوانێک 915 هەزار دینارە، ئەگەر خێزانی نەبێت 886 هەزار دینارە، چەند پاسەوانێک تەلەفۆنیان بۆ ئێمەش کرد و گوتیان پەرلەمانتارەکان مووچەکەمان بۆ خۆیان وەردەگرن".

هەر ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق یاسا رێگەی پێداوە 30 پاسەوانی هەبێت. ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ "ئێمە وەک پەرلەمانتارانی کۆمەڵی ئیسلامی 6 لەو پاسەوانانە خۆمان دایاندەنێین، 26 پاسەوانەکەی دیکە حیزب دایدەنێت و مووچەی ئەو 26 پاسەوانە دەدەمە حیزب و حیزب خۆی ئازادە چۆن بەکاریان دێنێت و لە کوێ دەوام دەکەن".

قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان حکومەتی ناچار کردووە بە تەواوی لیستی مووچەخۆرەکانیدا بچێتەوە و لە بەهەدەرچوونی بودجەکەی بکۆڵێتەوە کە زۆربەی شارەزایانی ئابووری و خودی حکومەتیش هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کێشە سەرەکییەکە بوونی سەدان مووچەخۆری بێ بەرهەمە بەسەر شانی حکومەتەوە. هەر ئەمەش وادەکات وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان گفتوگۆیەک بێننە پێشەوە لەبارەی ئەو هەموو پاسەوانەی زۆر وەردەگرن و کەم دیارن.

ئەیوب عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ کێشەی گەورە هەیە لەبارەی پاسەوانی لە کوردستان "دەبێ بیر لەوە بکەینەوە یاسایەک بۆ پاسەوانی دەربکەین". گوتیشی "سەرەتا داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەین ژمارەی پاسەوانەکان لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا بکات". ئەو گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی "زۆربەی پاسەوانەکان بندیوارن".

لەهەموو خولەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، هێشتا یاسایەک و پرۆژە یاسایەک نابینی کاری پاسەوانێتی لە باشووری کوردستان رێکخستبێ، بەڵام ژمارەی پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و بەرپرسە سەربازییەکان رێکخراوە.

وەک قادر وەتمان، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایشی پەرلەمان دەڵێت "لە لیوا و فەوجەکان، بەرپرسە سەربازییەکان خۆیان پاسەوانیان بۆخۆیان داناوە، بەرپرسی سەربازی هەیە 35 پاسەوانی داناوە لە کاتێکدا یاسا 1 تاوەکو 2 پاسەوان زیاتری پێنادات".

قادر وەتمان باسی پاسەوانی بارەگا حیزبییەکان و بەرپرسە حزبییەکان دەکات، لەکاتێکدا یاسایەک نییە پاسەوان بۆ بەرپرسی حیزبی دیاری بکات. هەروەها دەڵێ "بەشێک لە پاسەوانی بارەگا حیزبییەکان لە یەکەکانی 70 و 80 مووچە وەردەگرن و ئەو یەکانەش سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن".

قادر وەتمان ئەوە بە گرنگ و پێویست دەزانێ کە ئەوان بتوانن لەم خولەدا پرۆژە یاسایەک بۆ دیاریکردنی پاسەوان پێشکەش بکەن و بیکەنە یاسا، بۆ ئەوەی لەو جۆرە کێشەیە رزگاریان ببێت.

## مەلاش پاسەوانی بندیواری هەیە

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت پاسەوان بەشێوەیەکی رەمەکی دراوەتە خەڵک و باسی بەڵگەنامەیەک دەکات کە دەستیکەوتووە لەبارەی مەلایەکەوە "مەلای مزگەوتە، حیزب 9 پاسەوانی داوەتێ و 4 لە پاسەوانەکانی بندیوارن، ناوی هەموو پاسەوانەکانی ئەو مەلایەم دەستکەوتووە". گوتیشی "پاسەوانی بارەگاکان دەوامیان پێدەکرێ، بەڵام پاسەوانی بەرپرسەکان بەشێکیان دەوام ناکەن و مووچەکەشیان وەردەگیرێ".

## 63 هەزار پاسەوان هەیە

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمان، زانیاری گرنگ دەداتە (رووداو) لەبارەی ژمارەی پاسەوانەکان لە کوردستان و دەڵێ هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی ژمارەی راستەقینەی پاسەوانەکانیان دەستبکەوێ "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە تاوەکو کۆتایی ساڵی 2012 ژمارەی پاسەوان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 63 هەزار کەس بووە، چونکە وەزیری ناوخۆ بۆخۆی دانی بەو ژمارەیەدا نا".

ئەو ئەندامەی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ زۆر هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکیان دەستبکەوێ. بریکاری وەزیری ناوخۆ پێیگوتوون تەنیا 30 هەزار پاسەوان هەن "کەچی وەزیری ناوخۆ گوتی نەخێر ئێمە زیاتر لە 63 هەزار پاسەوانمان هەیە".

هەر وەزیرێک 6 پاسەوان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان 3 پاسەوانی بۆ دیاری کراوە. بەڵام ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق 30 پاسەوانی بۆ دانراوە. ئەو ئەندامەی خولی پێشووی پەرلەمان نیگەرانە لەوەی بەرپرسی لق و مەڵبەندەکان لە قایمقام و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی حکومەت پاسەوانیان زۆرترە.

## پێشنیازەکەی وەزیریان بەدڵ نییە

پەرلەمانتاران کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ ژمارەی پاسەوانی بەرپرسە حکومی و سەربازییەکان بە یاسا رێکبخرێت و ئەو پاسەوانە نایاساییانەش کە هەن نەمێنن. سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش دەڵێ "لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بیریان لەوە کردووەتەوە چۆن پاسەوانە نایاساییەکان نەهێڵن، وەزیری ناوخۆ پێیگوتم 30%ی مووچەی پاسەوانی کەمدەکەینەوە، بەڵام پێمگوت ئەوە چارەسەر نییە، چونکە ئەوەی کە لەماڵەوەیە کێشەی نییە نیوەی مووچەکەشی ببڕیت، هەر بۆیە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی دیکە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە".

---

### "دەبێ شنگال و کەرکووک و خانەقینیش نوێنەریان هەبێ"

# پەرلەمانتاران داوای زیادکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

45 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان واژۆی خۆیان دەخەنە سەر پرۆژەی پەرلەمانتارێکی سەر بە فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان کە داوا دەکات خەڵکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش لە پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەریان هەبێ.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی زەرد دەڵێ ئەندامێتی فەلەستین لە نەتەوە یەکگرتووەکان هانیداوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە ئامادە بکات.

محەممەد عەلی یاسین، پێش ئەوەی باسی پرۆژە یاساکە بکات، دەپرسێ: بۆچی فەلەستینییەکان بتوانن لە نەتەوەیەکگرتووەکان ببنە ئەندام، بەڵام خەڵکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە کوردستانین نەتوانن لە پەرلەمانی کوردستان ببنە ئەندام ؟

ئەو ماوەی دوو مانگ لێکۆڵینەوەی وردی کردووە تاوەکو پرۆژە یاسایەک ئامادە بکات کە پێچەوانەی دەستووری عێراق نەبێ و یاسا عێراقییەکان ئاستەنگی بۆ دروست نەکات. ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "دەبێ لەمەودوا خەڵکی شنگال و کەرکووک و خانەقین لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان هەبێت".



■ (فۆتۆ: سیروان عەزیز)

## دەبنە ئەندامی چاودێر

محەممەد عەلی یاسین، بڕیاردەری فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ کەس ناتوانێ موزایەدە بەسەر ئەو ناوچانەدا بکات "بەدیدی ئێمە تەواو کوردستانین و ئەمڕۆ پێشمەرگە خوێنیان بۆ دەدات و پارێزگارییان لێدەکات، بەڵام بەداخەوە لە پەرلەمانی عێراق نوێنەریان هەیە و لە پەرلەمانی کوردستان نیانە، بۆیە دەبێ لەمەودوا ئەوانیش بێنە پەرلەمانی کوردستانەوە".

بەڵام دەستووری عێراق رێگە بەوە نادات ئەوان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن تاوەکو ئەوکاتەی ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێت.

محەممەد عەلی یاسین، پێشنیاز دەکات کە ئەوان ببنە ئەندامی چاودێر لە پەرلەمانی کوردستان، هەموو ماف و دەسەڵات و ئیمتیازێکی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیان هەبێ، تەنیا دەنگدان نەبێ لەسەر یاساکان.

گوتیشی "ئەم رێگا یاساییەم دۆزییەوە بۆ ئەوەی بتوانم دەرگایەک لەسەر ئەوان بکەمەوە، پەرلەمانتاران بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لێدەکەن. جگە لەوەش ئێمە نووسینگەمان لە کەرکووک کردووەتەوە و ئیدی دەبێ لە شنگال و خانەقین و ناوچەکانی دیکەش نووسینگە و نوێنەرایەتیمان هەبێت".

## یەک لەسەر سێی ئەندامان ئافرەت بن

پرۆژە یاساکە کە لە 2014/11/19 پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، لە 4 بەش و 5 ماددە پێکدێت و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. پرۆژەکە دەڵێت "بە گوێرەی ئەم یاسایە پەرلەمان ئەندامی چاودێر وەردەگرێ لەژێر ناوی ئەندامی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکەن".

هەروەها هاتووە کە هەریەک لە سێ فراکسیۆنی براوەی یەکەمی پەرلەمان، لەماوەی خولێکی پەرلەماندا جگە لە ژمارەی ئەندامەکانی خۆی بۆی هەیە ئەندامێکی چاودێری هەبێت لە یەکێک لە سێ پارێزگای کەرکووک و مووسڵ و دیالە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەندامی چاودێر لە یەک پارێزگادا دووبارە نەبێتەوە و لانیکەم یەک لەسەر سێی ئەندامان ئافرەت بن.

## کێشەی لەگەڵ دەستووری عێراق نییە

ساڵح فەقێ محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ سەردانی تەواوی ناوچە کێشە لەسەرەکانیان کردووە و لەگەڵ نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دانیشتوون و خواستێکی لەو شێوەیە لای ئەوان هەبووە "بەڵام دەبێ ئێمە شێوازێکی یاسایی بدۆزینەوە کە لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێ".

ناوبراو پێیوایە ئەو پرۆژە یاسایە "لەگەڵ دەستووری عێراق کێشەی نییە، بەڵام لە ئایندەدا دەمانەوێ راستەوخۆ هەڵبژاردن لەو ناوچانەش بکرێ".

ئەو ناوچانەی بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناودەبرێن، نزیکەی 48%ی خاکی باشووری کوردستان پێکدێنن، بەڵام پرۆژە یاساکە جارێ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەوان نوێنەریان هەبێ لە پەرلەمانی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تەواوی ناوچە کوردستانییەکان چەند نوێنەریان دەبێ، واتە چەند ئەندامی چاودێر بۆ پەرلەمان زیاد دەکرێ؟

هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی قسەیان بۆ (رووداو) کرد لەبارەی پرۆژە یاساکەوە، پێیانوابوو ئەوە وردەکاریی رۆژی دەنگدان دەبێت لەسەر پرۆژە یاساکە. محەممەد عەلی یاسین پێیوایە "گرنگ ئەوەیە لەم قۆناغە نوێنەرایەتی ئەوان هەبێت، بەڵام دواتر یەکلایی دەکەینەوە چەند نوێنەریان هەبێت".

## "با عەرەب و تورکمانیش بێنە پەرلەمان"

پەرلەمانی کوردستان ژمارەی ئەندامەکانی 111 ئەندامە و 11 ئەندامیان لە کۆتا و کەمینەکانی دیکەیە. لەچەند مانگی رابردووشدا، پەرلەمانی کوردستان نووسینگەی لە کەرکووک کردەوە.

دڵشاد شەعبان، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی پشتگیری تەواوی پرۆژە یاساکە دەکات و دەڵێ ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی خۆی بڕێک پارە بۆ ئەو ناوچانە تەرخان دەکات، ئەمساڵیش پارەیان بۆ تەرخان دەکرێ "بەڵام بۆچی ئەوان خۆیان نوێنەریان لە پەرلەمان نەبێت".

لەوانەیە پرۆژەکەی محەممەد عەلی یاسین چانسێکی باشتری هەبێت بەو پێیەی رکابەری نییە و هەموو فراکسیۆنەکان پشتگیرییان کردووە. تەنانەت خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکانیش دەمێکە رەخنە لە کاربەدەستانی باشووری کوردستان دەگرن لەسەرئەوەی کە ئەوان تەنیا لەنێو گوتار و دروشمە سیاسییەکاندا خەڵکی کوردستانن.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک هەرچەندە پرۆژەکە بە "درەنگ وەخت" دەزانێ، بەڵام بە پرۆژەیەکی باشی دەزانێ و پێشوازی لێدەکات "دەمێکە ئێمەش پرۆژەی بۆ پێشکەش دەکەین و داوا دەکەین پەرلەمان چەند کورسییەکمان بۆ دابنێ".

مەلا فەرمان هەروەها دەڵێ کە باشترە هەموو نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە وەک عەرەب و تورکمان و ئاشووری نوێنەریان هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان "پێویستە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن، چونکە پێشمەرگە خوێنی بۆ ئەو ناوچانە داوە".

سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەو ناوچانە، محەممەد عەلی یاسین دەڵێ "لە قۆناغی داهاتوودا دەبێ بیر لەوە بکەینەوە هەڵبژاردن ئەو ناوچانەش بگرێتەوە و خەڵک خۆیان نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاری بکەن".

## وەزارەتی کشتوکاڵ پەتاتە دەداتە جوتیاران

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە ئامادەبوونی لیژنەی بەدواداچوونی کێشەکانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ ژمارەیەک لە جووتیار و کارمەندانی وەزارەت کۆبووەوە. ناوبراو ڕایگەیاند "ئەمساڵ 4730 تۆن بنەتۆی پەتاتە بۆ جووتیارانی سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان دابینکردووە. ئەم بنەتۆیەش بە پاڵپشتیی 30%ی نرخەکەیەتی. کە هەر تۆنێک بە ملیۆنێک و 300 هەزار دینار تاوەکو ملیۆنێک و 700 هەزار دینار دەدرێتە جوتیاران. بەمشێوەیەش دابەش دەکرێت (1500 تۆن بۆ هەولێر 620 تۆن بۆ سلێمانی، 2000 تۆن بۆ دهۆک و 250 تۆن بۆ جوتیارانی گەرمیان".



ڕووداو
ئابووری
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

لێژنەی بۆ پێکهێنراوە

# 310 تۆن گەنم لە سایلۆی هەولێر دیار نامێنێ



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن )

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای دیار نەمانی 310 تۆن گەنمی تەڕبوو لە سایلۆی هەولێر، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ چارەنووسی گەنمە ونبووەکە پێکدێنێ، وەزیری پیشەسازی و بازرگانی دەڵێ "هەر کەسێک دەستی لەدیارنەمانی گەنمەکەدا هەبێت، لەهەر پۆست و پلەیەکدا بێت، ئەگەر پێویستی کرد دەیدەینە دادگا".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پشەسازی و بازرگانی، ساڵی ڕابردوو 742 هەزار و 445 تۆن گەنم لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی شوێنی هەڵگرتن، بڕێک گەنم لە هەردوو سایلۆی هەولێر و سلێمانی تەڕبوون.

ساماڵ سەردار، وەزیری پیشەسازی و بازرگانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی کەمیی سایلۆ و نەبوونی جێگە بۆ هەڵگرتنی ئەو گەنمەی ساڵی ڕابردوو لە جوتیاران وەرگیرا، 1000 تۆن گەنم لە سلێمانی و 500 تۆن لە هەولێر بەهۆی باران بارینەوە تەڕبووە".

وەزیری پیشەسازی هۆکاری تەڕبوونی ئەو گەنمەی ئاشکرا کرد و گوتی "ئەوەی سلێمانی بەهۆی لێژیی شوێنی هەڵگرتنی گەنمەکە ئاو چووە ژێری، لە هەولێریش بەهۆی کەموکوڕیی لەکاری هەڵگرتن گەنمەکە تەڕ بووە، ئەم بڕەش زۆر کەمترە لەو بڕەی لە ساڵانی ڕابردوودا تەڕ بووە".

ساماڵ سەردار ئاشکرای کرد بۆ بۆ زانینی بڕی گەنمە تەڕبووەکە و پشکنین و هۆکاری تەڕبوونی دوو لێژنەیان پێکهێناوە، لێژنەکان گەنمەکەیان جیاکردەوە و نموونەی گەنمە تەڕبووەکەش لەتاقیگە لە ژێر لێکۆڵینەوەدابوو کە ئایا شیاوە بۆ خواردن یان نا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو، گەنمە تەڕبووەکەی هەولێر دیار نەما، بۆیە لێژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوەمان پێکهێنا کە نوێنەری داواکاری گشتیشی تێدایە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو گەنمە چی لێهاتووە". وەزیر گوتیشی "دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر دەربکەوێت هەرکەسێک دەستی لەدیار نەمانی گەنمەکەدا هەیە، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان سزای دەدەین، جا ئەو کەسە لە هەر پلەوپایەیەک بێت، ئەگەر پێویست بکات دەیدەینە دادگا".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سایلۆکانی هەولێر کە ناوەکەی لای (ڕووداو) پارێزراوە، سەبارەت بە چارەنووسی گەنمە ونبووەکە گوتی "گەنمە تەڕبووەکە لە ئاشی بادریان کراوە بە ئارد و بەسەر ناوچەی مەخموور و دەوروبەریدا دابەشکراوە". گوتیشی "پشکنینی تاقیگەیی لەم ئاشەدا نییە، بۆیە گەنمە تەڕبووەکە کە شیاو نەبوو بۆ خواردن، لەم ئاشە کراوە و ساخکراوەتەوە".

وەزیری پیشەسازی و بازرگانی دەڵێت "لە ڕاپۆرتی لێژنەکەدا چەند بۆچوونێک لەسەر ونبوونی گەنمە تەڕبووەکە خراوەتەڕوو، یەکێک دەڵێت کراوەتە ئارد و دابەشکراوە، یەکێکی دیکە دەڵێت گەنمەکە وشککراوەتەوە و تێکەڵی گەنمی دیکە کراوە، هەندێ بۆچوونی دیکەش هەیە کە دەڵێن لەوانەیە گەنمەکە فرۆشرابێت".

سەبارەت بەبڕی گەنمە ونبووەکەش،

### وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:
### 1500 تۆن گەنم لە سایلۆی هەولێر و سلێمانی تەڕ بووە

وەزیری پیشەسازی و بازرگانی گوتی "بەپێی ڕاپۆرتێک 310 تۆن گەنمە، بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکە 500 تۆنە، بۆیە لێژنەکە دەبێت ئەوەش یەکلابکاتەوە".

ساڵی ڕابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر 284 هەزار تۆن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە، بەهۆی نەبوونی شوێن، بەشێک لەو گەنمە لەژێر چادر داپۆشراوە، بۆیە بەهۆی باران بارین بەشێکی تەڕبووە.

ئیبراهیم عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانی دانەوێڵە- لقی هەولێر دەڵێت "ئەو گەنمەی لە سایلۆی هەولێر تەڕبووبوو، 310 تۆن بوو. ئێمە لەڕێگەی ئەو ئامێرانەی کە هەمانە توانیمان ڕادەی شێی گەنمە تەڕبووەکە بهێنینە خوارەوە و چارەسەری بکەین، گەنمەکەشمان تێکەڵی گەنمی دیکە کردووە و بۆ ئاشەکانمان ناردووە".

ئیبراهیم عەبدولحەمید ڕەتیکردەوە بڕی گەنمە تەڕبووەکەی هەولێر لەو بڕە زیاتر بووبێ و گوتی "تەنیا 310 تۆن گەنمە، ئەوەشمان بە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و لەوێشەوە بۆ وەزارەت بەرزکردووەتەوە".

بۆ دابینکرنی بەشە ئاردی هاووڵاتیانی سنووری پارێزگای هەولێر، مانگانە لقی هەولێری کۆمپانیای گشتی دروستکراوی دانەوێڵە نزیکەی 19 هەزار تۆن گەنم لە سایلۆکانی هەولێر وەردەگرێت و لە ڕێگەی 12 ئاشی کەرتی تایبەتەوە دەیهاڕێت و دەیکات بە 15 هەزار تۆن ئارد، ئاردەکەش لە ڕێگەی 1147 بریکارەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێت.

کاکە زیاد ساڵح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتی دروستکراوی دانەوێڵە- لقی هەولێر دەڵێت "بۆ دڵنیابوون لە پاکیی ئەو گەنمەی دەهێنرێتە ئاشەکان و کوالێتی ئاردەکە، لەڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتەوە بەوردی چاودێری دەکەین، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئاردی خراپمان دابەش نەکردووە".

گوتیشی"لە ڕێگەی ئاشی بادریان بەشە ئاردی چوار مانگمان بۆ ناوچەی مەخموور و دەوروبەری دابینکردووە، پشکنینی گەنم و ئاردەکانیشمان هەیە کە هیچ کێشەیان نییە".

#### دوای 24 کاژێر بۆ خواردن ناشێ

بەڵام ساڵح عومەر ئەمین، لێپرسراوی تاقیگەی کۆمپانیای گشتی دروستکراوی دانەوێڵە/لقی هەولێر گوتی "هەر گەنمێک کە تەڕبێت ئەگەر لەماوەی 24 کاژێردا وشک نەکرێتەوە، دواتر ناشێت بۆ خواردن، بەتایبەتی ئەگەر ڕێژەی تەڕبوونەکەی زۆربێ و ڕادەی شێی بەرز بێ، چونکە بەو هۆیەوە گەنمەکە بۆن دەگرێت، یان ڕەش هەڵدەگەڕێت".

هەروەها گوتی "ئێمە فەرمانبەرێکی پشکنینی تاقیگەییمان لە سایلۆکان داناوە پشکنین بۆ ئەو گەنمە دەکەن کە لە سایلۆوە ڕەوانەی ئاشەکان دەکرێت و دواتر نموونە بۆ ئێمە دەنێرێت، ئێمەش دووبارە پشکنینی تاقیگەییان بۆ دەکەین، ئەگەر شیاو بوو ئینجا بڕوانامەی پشکنینی پێدەدەین و دەنێردرێ بۆ ئاشەکان، لەئاشەکانیش پشکنین بۆ کوالێتی ئاردەکە دەکەین، هەر ئاردێک کوالێتییەکەی خراپ بێ، لێناگەڕێین دابەش بکرێت".

ناوبراو ڕەتیکردەوە هیچ بڕە گەنمێکی تەڕبوویان دوای وشککردنەوە لە سایلۆکانی هەولێر بۆ ئارد وەرگرتبێت "فەرمانبەرەکەی ئێمە لە سایلۆی هەولێر دەڵێت بەهیچ شێوەیەک گەنمی تەڕبوو و وشککراوەمان وەرنەگرتووە".

پارەکە بە قەرز لە ژاپۆن وەرگیراوە

# هەرێمی کوردستان لە گۆڕینەوەی یەنی ژاپۆنی 45 ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات

### بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ:
### بەهۆی هەڵبەز و دابەزی نرخی دراو پرۆژەکان ئامانجی خۆیان نەپێکا

**کاروان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوت و دراو لە بازاڕەکانی جیهاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان 45 ملیۆن دۆلار کورتی هێنا لەو پارەیەی بۆ پرۆژەکانی سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ لە حکومەتی ژاپۆن بە قەرز وەریگرتبوو.

حکومەتی ژاپۆن لەچوارچێوەی بەرنامەی پێدانی قەرز بە وڵاتە زەرەرمەندەکان، ساڵی 2005 بڕیاری دا بڕێک قەرز بداتە عێراق بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری. بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو قەرزە نزیکەی 70 ملیار یەنی ژاپۆنی بوو کە بە گۆڕینەوەی ئەوکاتەی یەن دەیکردە نزیکەی 600 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا 34 ملیار یەن لەو پارەیە لە سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبادا خەرج بکات کە دەیکردە 335 ملیۆن دۆلار.

ئەندازیار سەهەند سیروان ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ هۆکاری کورتهێنانی ئەو پارەیەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەم پرۆژەیە لە دوو پاکێج پێکهاتووە، پاکێجی یەکەم کاری گۆڕینی تۆڕە کۆنەکانی دابەشکردنی ئاوە لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، بەشێوەیەک لە هەولێر 212 کیلۆمەتر و لە سلێمانی 242 کیلۆمەتر، هەروەها پەرەپێدانی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی سێ، ئەویش بە فراوانکردن و زیادکردنی توانای پرۆژەکە لە 6 هەزار مەتر سێجاوە لە سەعاتێکدا بۆ 10 هەزار مەترسێجا لە سەعاتێکدا، تێچووی ئەو پرۆژەیە زیاتر لە 135 ملیۆن دۆلارە، بەڵام دابەزینی نرخی دراو بووە هۆی ئەوەی کە درێژیی بۆڕییەکانی گۆڕینی تۆڕەکانی شاری هەولێر لە 242 کیلۆمەترەوە کەمبکرێتەوە بۆ 113 کیلۆمەتر".

ئەم بەشەی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای STFA و کالیۆن و فێرناسی تورکی جێبەجێ دەکرێت و لە 4ی ئاداری 2013 دەستی پێکردووە، بەگوێرەی بەرنامەکەش دەبووایە لە 25ی ئابی 2014 کۆتایی بە کارەکانی هێنرابا. بەڵام بەهۆی لاوازبوونی دارایی کۆمپانیاکان و ناسەقامگیریی بارودۆخ و هەندێک هۆکاری هونەری کە ڕووبەڕووی پرۆژەکە بوونەوە، نەتوانرا لەکاتی خۆیدا تەواوبکرێت، بڕیارە لە کۆتایی مانگی نیسانی 2015 کۆتایی بە کارەکان بهێنرێت و ئێستا 75%ی پرۆژەکە تەواو بووە.

بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان گوتی "پاکێجی دووەم گۆڕینی تۆڕە کۆنەکانی دابەشکردنی ئاوە لە شاری سلێمانی و دروستکردنی پرۆژەی پاڵاوتنی ئاوە بۆ شاری هەڵەبجە لەگەڵ دانانی تۆڕی دابەشکردنی ئاو بۆ شارەکە کە بڕی تێچووی ئەو پرۆژانەش زیاتر لە 199 ملیۆن دۆلارە.

ئەم بەشەی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای سانگ یۆنگی کۆریای باشوور جێبەجێ دەکرێت و لە 3ی کانوونی دووەمی 2013 دەست بە کارەکانی کراوە و دەبووایە لە 2ی کانوونی دووەمی 2015 تەواو بکرێت، بەڵام بەهۆی هەمان ئەو هۆکارانەی پرۆژەکانی پێشتر، نەتوانرا لەکاتی خۆی تەواو بکرێت و ماوەکەی درێژکراوەتەوە بۆ 30ی حوزەیرانی 2015.

سەهەند سیروان دەڵێت "تا ئێستا لە شاری سلێمانی زیاتر لە 125 کیلۆمەتر بۆڕی دابەشکردنی ئاو دانراوە و تا کۆتایی پرۆژەکە بڕیارە 201 کیلۆمەتر دابنرێت و 13 کیلۆمەتر بۆڕی گواستنەوەی ئاو کەمکراوەتەوە، ئەویش بە هۆی دابەزینی نرخی یەنی ژاپۆنی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی".

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ گوتی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەش لەنێو پرۆژەکانی ئەو پلانەدایە کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە بۆ ناوچەکە و ئاو بۆ ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە و سەیدسادق و سیروان دابین دەکات کە بریتین لە پرۆژەی دروستکردنی وێستگەی وەرگر



لەسەر ڕووباری سیروان لە ناوچەی هانەژاڵە بە توانای 50 هەزار مەتر سێجا لەڕۆژێکدا وەک قۆناغی یەکەم، لەگەڵ دروستکردنی وێستگەی چارەسەری ئاو بە توانای 50 هەزار مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا وەک قۆناغی یەکەم. دروستکردن و ڕاکێشانی هێڵی گواستنەوەی ئاو بە درێژیی 43 کیلۆمەتر و دروستکردنی 3 تانکی کۆنکرێتی بە قەبارەی 15 هەزار مەتر سێجا، 12 هەزار مەتر سێجا و 5 هەزار مەتر سێجا، پرۆژەکانی ئەم پاکێجەش 43%ی جێبەجێ کراوە.

سەهەند سیروان گوتی "دابەزینی بەهای دراوی ژاپۆنی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر ئەم پرۆژانە، چونکە گرێبەستی پرۆژەکان بە دۆلار ئیمزا کراوە، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی پارەی تەرخانکراو بە دۆلار بۆ ئەم پرۆژانە، زۆر شوێن دەبووایە گۆڕینی تۆڕی ئاوی بۆ بکرێت لەسەر گوژمەی ئەو پرۆژانە، بەڵام بەو هۆکارانەوە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت".

سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشەیەش گوتی هەوڵی زۆریان داوە لە ڕێگای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە کورتی داوە لە بودجەی ئەم پرۆژانە و بڕەکەی 45 ملیۆن دۆلارە. گوتیشی "بەهۆی ئەم گۆڕانەی نرخی دراوەکانەوە، ئەو پرۆژانە ئامانجی خۆیان بەتەواوی نەپێکا، تاوەکو ئێستاش 56%ی ئەو پرۆژانە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکراون، لەو 335 ملیۆن دۆلارەش کە بۆ پرۆژەکان پێویست بوون، ئەو 45 ملیۆن دۆلارە کورتی هێناوە".



# دەبێ 100 ملیۆن دۆلارەکەی داناگاز بدەن

کۆڤان شێروانی*

کۆمپانیای داناگازی ئیماراتی کە لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای کریسێنت پترۆلیۆم و پیەرل پترۆلیۆم هاوبەشە لە (کنسۆرشم) ێکدا، لە ئۆکتۆبەری 2013 داوایەکی یاساییان لەبەردەم دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز کردەوە، ئەوەش لە بەرامبەر پابەندنەبوونی حکومەت بە گرێبەستێک کە کاتی خۆی لە ساڵی 2007 واژۆی کردووە لەگەڵ ئەم کنسۆرشمە لە کێڵگەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ.

کورتەی کێشەکە بریتییە لە نەدانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە دانا گاز، ئەمەش دوای ئەوەی کە کۆمپانیای ناوبراو کاری وەبەرهێنانی کردووە و پڕۆسەی بەرهەمهێنانی تەواو کردووە و بەرهەمەکە (نەوتی خاو و گازی سروشتی) فرۆشراوە. لە گرێبەستەکەی نێوانیاندا هاتووە ئەگەر بەرهەمەکە فرۆشرا، ئەوا دەبێت کۆمپانیاکە پشکی خۆی پێبدرێ لەلایەن حکومەتەوە، ئەمەش پێیدەگوترێ "قازانجی نەوت". بەڵام حکومەت پابەند نەبووە بەم بڕگەیەی رێککەوتنەکە. لە گرێبەستەکە هەروەها ئەوەش هاتووە کە ئەگەر کێشەیەک دروست بوو لە نێوان لایەنەکان، ئەوا هەر لایەنێک دەتوانێ کێشەکە بباتە بەردەم دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەمەش دوای ئەوەی بە شێوەیەکی دۆستانە نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێک، یاخود دوای ئەوەی رێکارە یاساییەکانی دیکە کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، هیچ سوودێکی نەبوو. بە واتایەکی دیکە پەنابردنە ئەم دادگایە دوایین چارەسەرە. ئەم دادگایەش هەر بڕیارێک بدات دەبێت لایەنەکان پێوەی پابەند بن.

لە سەرەتادا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بایەخێکی بەم سکاڵایە نەدا، بە جۆرێک نەک تەنیا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک لە دژی وتەکانی کۆمپانیای دانا گاز وەستایەوە و گوتیان کەوا کۆمپانیای داناگاز نەدەبووایە ناوەڕۆکی داواکە بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبکاتەوە. ئەوان قسەکانی داناگازیان بە نادروست وەسفکرد، سەرەڕای هەموو ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت کۆمپانیای ناوبراو هیچ قەرزێکی لەسەر حکومەت نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمپانیاکە بە بڕی 4.8 بلیۆن دۆلار قەرزاری حکومەتە.



بەڵام ئەم هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە سەرئەنجام لە ئۆکتۆبەری 2014 دا، دادگاکەی لەندەن بڕیارێکی لە دژی حکومەتی هەرێم دەرکرد کە بەوپێیە دەبێت بڕی 100 ملیۆن دۆلار بداتە کۆمپانیای داناگاز. بۆ ئەمەش ماوەی یەک مانگ درا بە حکومەت کە دوا وادە 17ی نۆڤێمبەری 2014 بوو بۆ پابەندبوون بە بڕیارەکە. بەڵام دووبارە حکومەتی هەرێم پابەند نەبوو بە پێدانی بڕە پارە دیاریکراوەکە و بڕیاری دادگای پشتگوێ خست. دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوە یاساییە، داناگاز راستەوخۆ مافی ئەوەی دەبێت بڕیارەکە بباتە بەردەم دادگایەکی بەریتانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی، ئەوەبوو داناگاز بە رەزامەندیی دادگاکەی لەندەن لە 12ی دیسێمبەری 2014 بڕیارەکەی بردە بەردەم دادگایەکی بەریتانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی. ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەپاندنی سزای توندتر بوو لەسەر حکومەتی هەرێم بەهۆی پابەند نەبوونی بە بڕیاری دادگا.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە یان دەکرێت مەترسیدار بێت، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بە بڕیاری دادگایەکی نێودەوڵەتی ئەگەرچی دەبێت پێوەی پابەند بێت زوو یان درەنگ. هەرێمی کوردستان کاری زۆری کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک بناسرێ کە شوێنێکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە بواری نەوت و گازدا. جگە لە فاکتەرەکانی دیکەی وەکو لایەنی ئاسایش، جۆری گرێبەستەکان و خودی یاسای نەوت و گاز، فاکتەرێکی سەرەکی لە پشت هاتنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەکو ئێکسۆن مۆبیل، تۆتاڵ و گازپرۆم و چەندین کۆمپانیای دیکەی نەوت، ئەو بارودۆخە گونجاوە بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیاکانی ساز کردووە. ئاشکرایە هەر کۆمپانیایەک ئارەزووی وەبەرهێنانی هەبێت لە وڵاتێک، یەکەم هەنگاو دەستدەکات بە سەیرکردنی جۆری مامەڵەی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەرە بیانییەکان و دواتر ئەو یاساو رێنماییانەی جێبەجێ دەکرێن لەسەریان. بەڵام ئەگەر ریکۆردی ئەم وڵاتانە وەکو هی پاکستان، ئەرجەنتین و ڤەنزوێلاو ئەو وڵاتانە بێت کە وا ناسراون ئاسانکاری ناکەن بۆ وەبەرهێن، یاخود پابەند نابن بەو گرێبەستانەی کە هەیانە لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەکان، ئەوا دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی وەبەرهێن خۆی بەدوور بگرێت لە کاری وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا.

ئەم کارەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرامبەر داناگاز بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەیەکی دیکە پێشانی هەموو ئەو کۆمپانیایانە بدات کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن یاخود ئەوانەی کە رەنگە لە داهاتوودا روو لە کوردستان بکەن. وێنەیەک کە کەشێکی نادۆستانەی ئەم هەرێمە پێشانی وەبەرهێن دەدات. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ وەبەرهێن بە دڵنیاییەوە نەک تەنها دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی کۆمپانیاکان لە کاری وەبەرهێنان، بەڵکو کەشی وەبەرهێنان (investment climate) لە کوردستان بەجۆرێک وێنا دەکرێت کە کوردستانیش وەکو نایجیریا یاخود ڤەنزوێلا بناسرێ (ئەمانە و چەندین وڵاتی دیکە بە گوێرەی راپۆرتی OECD بە خراپترین وڵات دادەنرێن بۆ بزنس و وەبەرهێنان).

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوە، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دابووایە، یاخود ئێستاش کە دەرفەت ماوە لە بەردەمی، دەتوانێت بە شێوەیەکی دۆستانە (نەک بەو شێوەیەی کە وەزارەت مامەڵەی کردووە تاوەکو ئێستا) مامەڵە بکات لەگەڵ ئەم کەیسە و بە قازانجی خۆی کۆتایی پێبهێنێ، ئەمەش بە پابەندبوونی بە هەر بڕیارێکی کە لە دادگا دەرچووە و رێزگرتنی لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیای داناگاز و هەر کۆمپانیایەکی دیکە. لێرەدا راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بڕە پارەکە بدات، بەڵام لەلایەکەی دیکەوە چەند بەرامبەر قازانج دەکات بەوەی کە:

1- پابەندبوونی خۆی رادەگەیەنێت بەرامبەر هەر بڕیارێک لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتی دەردەچێ کە کۆمپانیا بیانییەکان زۆر هەستیارن بەرامبەر ئەم بابەتە.

2- دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی دەیان کۆمپانیای دیکە کە رەنگە لە داهاتوودا لەم هەرێمە وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش نەک تەنها لە کەرتی نەوت و گازدا، بەڵکو لەهەر کەرتێکی دیکە بێت.

3- هاندانێک دەبێت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن. چونکە ئەگەر داتایەکی بچووک لەسەر بڕی وەبەرهێنانی کۆنسرشەمەکە لە هەرێمی کوردستان وەربگرین، ئەوا دەبینین رۆڵیان هەبووە لە بوژاندنەوەی کوردستان و تائێستا بەبڕی 1.2 بلیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان کردووە و گەورەترین کۆمپانیای وەبەرهێنەرن لە کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

راستە رەنگە بۆ هەرێمی کوردستان شتێکە ئەگەر نوێش نەبێت بەڵام زۆر کۆن نییە چوونە بەردەم دادگایەکی ناوبژیوانی (بەتایبەتی دادگایەکی نێودەوڵەتی)، بەڵام ناکرێت ئەم کەشی وەبەرهێنانەی کە هەیە بە شێوەیەکی نادۆستانە ئاراستە بکرێت، بە شێوەیەک کە کاریگەرییەکی ئێجگار خراپ بەجێبهێڵێت لەسەر هەرێمی کوردستان لەڕووی وەبەرهێنان و سومعەی وەبەرهێنان لە کوردستان. بۆیە باشتر وایە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان واز لەم سیاسەتە بهێنن کە هیچ خزمەتێک بە داهاتووی هەرێمی کوردستان ناکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆتاییدا هەر دەبێت ملکەچی بڕیاری دادگاکەی لەندەن بن و حکومەت بڕیارەکە قبوڵ و پاشان جێبەجێ بکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی قازانجە گەورەکە (کە ئەم کەشە لەبار و ئارامەی وەبەرهێنانە) لەدەست نەدات، پێویستە زەرەرە بچووکەکە کە (بڕە پارەکەیە) بداتە کۆنسرشەمەکە.

***مامۆستای زانکۆ، ماستەر لە پاراستنی کۆمپانیا نەوتییەکان و گرێبەستەکانی نەوت**

# رەنگی خۆڵەمێشی بازاڕی نەوت





عومەر ئەحمەد

کاتی خۆی پەیمانگەیەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ئەمریکا بەناوی "American Enterprise Institute " رایگەیاندبوو کە ئەو شتانەی وا دەزانرێت پیلانن، پیلان نین بەڵکو پێکدادان و بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکان.

کاتێک چاو لە بازاڕی نەوت دەکەین، هەموو شتێک روون و ساکار دیارە و ئەگەر لە گۆشەنیگای خواست و دابینکارییەوە سەیری بکەین وەک بابەتێکی رەش و سپی دەنوێنێ. ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت زیاتر لە خواستە جیهانییەکەی لە بازاڕدا هەیە و ئەگەر ئەو نەوتە زیادەیە نەمێنێ، دەبێت چاوەڕوان بین کە نرخی نەوت دیسان بەرەو بەرزبوونەوە بچێ. بەڵام کاتێک لێی قووڵ دەبینەوە، دەبینین کاردانەوە و هەڵوێستی جیاواز هەن کە زیاتر لە خۆڵەمێشی دەچن.

## گەمەی کۆتایی سعودیە

عەلی نعێمی، وەزیری نەوتی سعودیە، داهێنەری دابەزاندنی نرخی نەوت، روونیکردووەتەوە کە وڵاتەکەی بەتەمای پاراستنی پشکی خۆیەتی لە بازاڕی نەوتدا و لەو سیاسەتەش پاشگەز نابێتەوە. ساڵی 1991، پشکی سعودیە لە بازاڕی نەوت بەرزبووەوە بۆ 18.91% و لە ساڵی 2012 بەدواوە لەسەر 12.6% راوەستاوە. هۆکاری سەرەکی کەمکردنەوەی پشکی سعودیە، لە راستیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە پشکەکەی لە بازاڕدا لە 6.8%ی ساڵی 2010 ەوە بەرزبووەتەوە بۆ 10.9% لە ساڵی 2014 دا. لەگەڵ ئەوەی کە سعودیە مەبەستێتی بە دابەزاندنی نرخی نەوت پرۆژەکانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا بکاتە ئامانج، خۆ پێشی ناخۆش نییە هەردوو وڵاتی ئێران و رووسیا کە هەڵوێستەکانیان لەگەڵ سیاسەتەکانی سعودیە لە ناوچەکەدا ناگونجێت، زەرەرمەندبن. دژایەتییەکانی سعودیە لەگەڵ ئێران و رووسیا روونە و پێویست بە لێکدانەوە ناکات، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئەو وڵاتە لە کۆتاییدا بەتەمای چییەو لەبەرچی دەیەوێت پشکی خۆی لەبازاڕدا بپارێزێ، ئەوەش بە نیوەکردنی نرخەکەی، بەتایبەت لەم رۆژانەدا کە نرخی نەوت بەرزبووەتەوە بۆ 60 دۆلار و نەوتی ئەمریکاش دەتوانێت لە بازاڕدا هەستێتە سەرپێی و درێژە بە رکابەری بدات؟

## خۆهەڵکێشانی ئۆباما

لە گوتاری ساڵانەی یەکگرتندا لە 20 ی مانگی رابردوو، باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان گوتی "ئێمە لەدەستی نەوتی دەرەکی رزگار بووین، هێندە بە باشی رزگاربووین کە لە 30 ساڵی رابردوودا لە وڵاتەکەمان وێنەی نەبووە". دیارە سەرۆک ئۆباما شانازییەکی گەورە بەو جموجۆڵەوە دەکات کە کەوتووەتە ناو چالاکی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوتی لیتەیی لە وڵاتەکەی. ئۆباما لە درێژەی گوتارەکەیدا رایگەیاند، سوپاس بۆ بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، ئێستا هاووڵاتیان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و سووتەمەنی ساڵانە دەتوانن 750 دۆلار پاشەکەوت بکەن". نەوتی هەرزان لە قازانجی هاووڵاتیانە، بەڵام بە زیانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەییە. دابەزینی زیاتری نرخی نەوت، لەناکاو دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لە ئەمریکا بەدوادا دێت و ئەو وڵاتە دیسان ناچارە ئاستی هاوردەکردنی نەوتی خاو بەرزبکاتەوە. ئەی ئەو کاتە ئۆباما چی هەیە بیڵێت؟

## دەستگرتنەوەکان

لەبەر دابەزینی نرخی نەوت، کۆمپانیاکانی نەوت ئاستی وەبەرهێنان و ژمارەی کارمەندانی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە. تەنیا کۆمپانیای BP نزیکەی 25 هەزار کارمەندی خۆی لەسەرکار لاداوە. کۆمپانیای خزمەتگوزاری نەوتی شلۆمبێرجێر، 9 هەزار کارمەندی خۆی کە دەکاتە 8%ی هێزی کاری کۆمپانیاکە، لەسەرکار لاداوە. تا ئێستا ویدێرفۆرد 5 هەزار و شێڤرۆن 1500 کارمەندی بێکار کردووە. ئەگەر هەر یەکە لە کۆمپانیا نەوتییەکان ئەژمار بکەین، بە لیستێکی درێژ کۆتایی دێت. کاتێک کە نرخی نەوت بەرزبێتەوەو کۆمپانیاکان بگەڕێنەوە سەر کێڵگە نەوتییەکان، چۆن ئەو ژمارە زۆرە دیسان دەگەڕێننەوە سەر کارەکانیان؟

## گەمەکەرەکانی بازاڕ

ئەو کەسانەی کە رۆڵی سەرەکی لە بازاڕی نەوتدا دەگێڕن، بازرگانانن کە پێشبینییەکانیان بۆ نرخەکان لە داهاتوودا، نرخی نەوت دیاری دەکات. ئەو بازرگانانە نەوت بۆ چەند مانگێکی دواتر بە نرخێکی بەرزتر دەفرۆشن و بەتەمای قازانجی زیاتر، بە قەبارەیەکی زۆر نەوتیان لەناو کەشتییە نەوتهەڵگرەکان کۆگاکردووە ، ئەوەش دیارە بازرگانییەکی مەترسیدارە. ئەگەر ئاراستەی نرخەکان بەپێچەوانە بگۆڕدرێت مایەپووچبوونی ئەو بازرگانانەی بەدوادا دێت. ئەوەش هێمایەکە بۆ تەمومژاویی بازاڕی نەوت لەبەر ناجێگیریی نرخەکەی.

## تەنیا خۆڵەمێشی

بە دەگمەن کەسانێک پەیدا دەبن کە پێشبینی بکەن پیشەسازی نەوت و گاز لە چەند مانگی داهاتوودا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. سیتی گرووپ پێشبینی کردووە لەبەر زۆریی نەوت لە بازاڕدا، ئەگەری هەیە نرخی نەوت تا 20 دۆلاریش دابەزێت. هەندێ سەرکردەی ئۆپێکیش گوتوویانە تا چەند مانگی دیکە نرخی نەوت بۆ 120 دۆلار بەرزدەبێتەوە. تا ئەوکاتەی سەقامگیری دەگەڕێتەوە بۆ ناو بازاڕی نەوت، تەنیا رەنگی خۆڵەمێشییە کە زیاتر لە هەموو رەنگەکانی دیکە خۆی دەنوێنێ.

دەیڤد فیلیپس، نووسەری کتێبی "بەهاری کوردی":

# عێراق بەهۆی فشارە زۆرەکانی داعشەوە دەڕووخێ



- ئەوەی داعش بۆ کوردی کرد هیچ سەرکردەیەکی کورد پێینەکراوە
- تورکیا پێشانی هەرێمی کوردستانی دا کە هاوڕێیەکە تەنیا بۆ کاتی ئاسایی

**دەیڤد فیلیپس، نووسەری کتێبی (بەهاری کوردی: نەخشەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێیوایە "کورد دەتوانن ببنە مۆدێلێک بۆ وڵاتانی دیکە". فیلیپ هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێوەبەری پرۆگرامێکی زانکۆی کۆڵۆمبیایە، ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاشە و پێشتریش ڕاوێژکاری باڵا بووە لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو دەڵێت کورد هۆشیاریی زیاتریان لەمەڕ دیموکراسی هەیە، ئەوەش لەبەر خەباتی سیاسی چەندین ساڵەیان. دەیڤد فیلیپس پێشتریش ڕاوێژکاری ئیدارەکانی دیکەی حکومەتی ئەمریکا بووە و چەندین کتێبی دیکەی نووسیوە. بەمدواییانە وتارێکی بۆ CNBC نووسی و تێیدا داوای لە ئیدارەی ئۆباما کرد کە سیاسەتی خۆی لە "عێراق یەکەم"ەوە بگۆڕێ بۆ "لە پێشدا هەولێر". فیلیپ لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئەو ڕایەی خۆی ڕوونتر دەکاتەوە.**

**ئەرگولەن تۆپراک**
**ڕووداو- واشنتن**

**ڕووداو: چی وای لێکردی "بەهاری کوردی" بکەیتە ناونیشانی کتێبەکەت؟**

**دەیڤد فیلیپس:** دیموکراسی لای کورد لە گەشەسەندندایە. خەڵکی وڵاتە عەرەبییەکان حوکمی بۆماوەیان لەناوبرد، بەڵام شکستیان هێنا لەوەی جێی ئەو حکومەتانە بە حوکمی نوێنەرایەتی کاریگەر پڕ بکەنەوە. پێمولیە کورد نموونەیەکی گرنگن بۆ گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە بواری مافی مرۆڤ و حوکمی دیموکراتیانەدا.

**ڕووداو: جیاوازییەکانی نێوان بەهاری کوردی و بەهاری عەرەبی چین؟**

**دەیڤد فیلیپس:** بەهاری عەرەبی شکستی هێنا، بەهاری کوردی سەرکەوت. جگە لە تونس، دەوڵەتە عەرەبییەکانی نێو بەهاری عەرەبی شکستیان هێنا لەوەی کە دەسەڵاتێکی دیموکراسی کارا دامەزرێنن. ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگە لەمەسەلەی چاودێریکردن و بەرپرس ڕاگرتنی حکومەتی دیموکراسیدا. کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی تەقریبەن لە کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو وڵاتانی عەرەبی بەهێزترە.

**ڕووداو: لە کتێبەکەتدا باس لەوە دەکەیت کە عێراق دابەش دەبێت، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ. چاوەڕوانی چ جۆرە گۆڕانکارییەک بین؟**

**دەیڤد فیلیپس:** لەنەخشە نوێیەکەدا، دەوڵەتی کوردستانی عێراق دەبێتە تازەترین دەوڵەتی جیهان. لەگەڵ ئەوەی کە عێراق بەهۆی فشارە زۆرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ەوە دەڕووخێت، کوردستان لەسەر پێ دەوستێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبینن کە لە بەرژەوەندی ئابووری و ئاسایشیاندایە خۆیان لە کوردستان نزیک بکەنەوە. کورد دەتوانن هانی دیموکراتیزەیشن لەو وڵاتانەی کە تێیدان بدەن و هاوکار بن لە جێگیرکردنی دیموکراسیی زیاتردا.

**ڕووداو: ئەگەر باشووری کوردستان جاڕی سەربەخۆیی بدات ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر باڵانسی هێز دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ کێ پشتگیری لە دەوڵەتە کوردییە تازەکە دەکات؟**

**دەیڤد فیلیپس:** ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنانە ڕەنگە ئاڵۆزییەکان زیاتر بکات. باشووری کوردستان پێویستە وەکو دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات. لەگەڵ ڕووخانی عێراقدا، کوردستانی عێراق پێگەی بەهێزتر دەبێت. ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بێت، لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە دەبێت لەگەڵ بەغدا.

**ڕووداو: باشووری کوردستان دەبێت پێڕەوی چ نەخشە ڕێگەیەک بکات بۆ ئەوەی زوو بگاتە سەربەخۆیی؟**

**دەیڤد فیلیپس:** دەبێت بەدوای حوکمڕانی باشەوە بێت و شەفافیەت لە داهات و دابەشکردنی داهاتی نەوت و وزەکەی هەبێت و هاووڵاتیانی هەرێمەکە بەباشی سوودیان لێ وەربگرن.

**ڕووداو: ئەگەرێکی وا هەیە کە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان یەکبگرن؟**

**دەیڤد فیلیپس:** عێراق و سووریا دوو دەوڵەتی شکستخواردوون. کوردستانی عێراق دەتوانێت لە ڕێگەی ڕۆژئاڤا و بەشێکی سووریاوە دەستی بگاتە دەریا. کورد دڵسۆزیی باشیان بەرامبەر بە یەکدی هەیە، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە هەست بە هەڕەشە دەکەن. جۆرێک لە کۆنفیدراسیۆن، یان ڕێککەوتنی نافەرمی لەگەڵ ڕۆژئاڤا دەبێت، بەتایبەت کاتێک کە کوردستانی عێراق هەوڵی دەستگەیشتنی بە دەریای ناوەڕاست لەڕێگەی باکووری سووریاوە دەدات. بەڵام ئێستا هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی فەرمی لە نێوان کوردستانی عێراق و ڕۆژئاڤادا نابینم.

- ئەمریکا پێویستە سیاسەتی "لەپێشدا هەولێر" پەیڕەو بکات
- لە تورکیا نە ئاشتی هەیە و نە پرۆسە
- بەهاری عەرەبی شکستی هێنا و بەهاری کوردی سەرکەوت
- بەبێ کورد داعش لەناوناچێت
- دەبێ PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێ
- کۆبانی لە دروستکردنی شوناسی کوردیدا چووە پاڵ هەڵەبجە
- تورکیا هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد
- زمانی ئەردۆغان بەرامبەر PKK زبرە

**ڕووداو: لە میدیای ئەمریکیدا، تۆ یەکێکی لە شارەزاکانی بواری کورد. لە هەموو نووسین و وتارێکدا داوا لە ئیدارەی ئۆباما دەکەیت کە کار لەگەڵ کورد بکەن بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی باشتر بێتە ئاراوە. هەروەها لەم هەفتەیەدا، وتارێکت لە CNBC بڵاوکردەوە کە ڕەخنە لە واشنتن دەگری. ئیدارەی ئۆباما دەبێت چ جۆرە سیاسەتێک لەمەڕ کورد پێڕەو بکات؟**

**دەیڤد فیلیپس:** با یەکەمجار ئەمە بڵێم: هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا هەولێری لە کەوتن پاراست. هێرشەکان ڕێگەیان لە کارەساتی مرۆیی زیاتر لە شنگال گرت، ڕێگەیان دا پێشمەرگە جارێکی دیکە بەنداوی مووسڵ بگرێتەوە و هاوکاری PKK و پەیەدەیان کرد و پشتگیری کۆبانێیان کرد. ئەگەر ئەمریکا جددیە لە شکستهێنان بە دەوڵەتی ئیسلامی، دەبێت پشتگیری چەکدارانی گۆڕەپانی شەڕ بکات. کورد لە عێراق و سووریا پێشانیان داوە کە دەتوانن داعش بشکێنن. ئەمریکا دەبێت ڕاستەوخۆ چەک ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. ئەو چەکانەش دەبێت چەکی قورس بن و لە توانایدا بێت کاربکەنە سەر ئەو گوللە نەبڕانەی کە دەست داعش کەوتوون.

ئەمریکا دەبێت هاوکاری ئاسایش و بازرگانی زیاتر لەگەڵ کورد بکات. هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەبێ هاوکاری کورد ناتوانێت داعش بشکێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش، کورد هەقی خۆیانە و چاوەڕێی ئەوەش دەکەن کە ئەمریکا لەبەرامبەردا هاوکاری و پشتگیری لە دۆزە نەتەوەییەکەیان بکات.

**ڕووداو: بۆ هەماهەنگی لەنێوان کورد و ئەمریکا چەند شتێکت باس کردووە، لەوانە پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستان، دەرهێنانی PKK لە لیستی تیرۆر و کارکردن لەگەڵ پەیەدە لە سووریا. کاتێک کە تۆ ئەم جۆرە ئامۆژگاریانە دەخەیتەڕوو، وەڵامی واشنتن چییە؟**

**دەیڤد فیلیپس:** بۆچوونی واشنتن بەرامبەر تورکیا لەگۆڕاندایە. دیبەیت لەسەر ئەوە هەیە کە مانەوەی تورکیا لە هاوپەیمانیی ناتۆدا چەندە گونجاوە. ناتۆ تەنیا هاوپەیمانییەکی ئەمنی نییە. کۆبوونەوەی کۆمەڵە دەوڵەتێکە کە بروایان بە هەمان چەمک و بەها هەیە. لە دوای ڕووداوەکانی گەزی پارکەوە، تورکیا چیدی مەرجەکانی ئەندامێتی لە ناتۆدا نەماوە. PKK لە دوای 11ی سێپتێمبەری 2001 وەکو بەشێک لە ڕێککەوتنێکی سیاسی خرایە لیستی تیرۆرەوە. PKK دەبێت لە لیستی تیرۆر بهێنرێتە دەرەوە. ئەگەر ئەنکەرە و PKK لەگەڵ یەک ڕێککەوتن دەکەن، ئیدی بۆچی ڕۆژئاوا PKK وەک تیرۆریست تەماشا بکات؟

**ڕووداو: نەخشە ڕێگایەکت نووسی کە بە "چەک پێدانان، هاتنە خوارەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوەی PKK" ناودەبرێت. ئەو نەخشە ڕێگایە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی بوو لە تورکیا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرجار سەردانی ئەنکەرە و ئامەد و هەولێرت کردووە. ڕۆڵی تۆ لە پرۆسەی ئاشتیدا چی بوو؟ تا ئێستاش لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵ دەگێڕی؟**

**دەیڤد فیلیپس:** زۆر هێواشە. حکومەتی AKP هیچ هەنگاوێکی پێویستی نەناوە بۆ ئەوەی مافی سیاسی و کەلتوریی کورد بدات. سەرۆک ئەردۆغان زمانێکی زبر بەکاردەهێنێت کاتێک کە باسی PKK دەکات و بە تیرۆریست ناوی دەبات. ئەگەر تورکیا جددییە لەمەسەلەی ئاشتیدا، دەبێت هەنگاوی جددی بنێت بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بداتە کورد. ئەگەر جددی نییە، ئەوە ئەگەری زۆر هەیە خەباتی چەکداری و توندوتیژی جارێکی دیکە سەرهەڵبدەنەوە. ئەوەش نە لە بەرژەوەندیی تورکیا و نە لە بەرژەوەندیی کوردە. من پشتگیری لە دیالۆگی سیاسی دەکەم، بەڵام ئەمڕۆ نە ئاشتی هەیە و نە پرۆسە. سەرۆک ئەردۆغان هەلێکی مێژوویی لە دەست دەدات بۆئەوەی بە یەکجاری و هەتاهەتایی کێشەی کورد چارەسەر بکات.

**ڕووداو: بەڵام AKP لەتوانایدا هەیە کێشەی کورد چارەسەر بکات؟ تۆ هیچ گەشبینییەکت هەیە؟**

**دەیڤد فیلیپس:** بەڵێ AKP دەتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی مەبدەئی مامەڵە لەگەڵ کێشەکە بکات. یاریکردنی سیاسی بە پرۆسەی ئاشتی تەنیا کورد تووڕە دەکات و PKK جارێکی دیکە بەرەو ڕادیکاڵبوون دەباتەوە.


**ڕووداو: ئەی دەربارەی پەیوەندی ئەنکەرە و هەولێر چی؟ ئەم پەیوەندییە چۆن دەتوانێت هاوکاریی پرۆسەی ئاشتی بکات؟**

**دەیڤد فیلیپس:** ئەنکەرە و هەولێر هاوبەشییەکی ستراتیژییان دروستکردووە. بەڵام تورکیا پێشانی دا کە هاوڕێیەکە تەنیا بۆ کاتی ئاسایی. کاتێک داعش پەلاماری کوردستانی دا، ئەوان داوای هاوکارییان لە تورکیا کرد، بەڵام داواکارییەکان ڕەتکرانەوە. یەکەم لەبەرئەوەی تورکیا خەریک بوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکرد، دووەمیش لەبەر بارمتە تورکییەکانی دەستی داعش. بەڵام تورکیا تا ئێستاش ڕێگە بە هاوپەیمانان نادات بنکەی سەربازیی ئەنچەرلیک بۆ لێدانی داعش بەکاربهێنن. ڕێگا سەرەکییەکەی جیهادییەکان لە تورکیاوە بۆ سووریا هێشتا دانەخراون. هەرچەندە ئەردۆغان دەڵێت سنوورەکانیان داخستووە.

- بۆچوونی واشنتن بەرامبەر تورکیا لە گۆڕاندایە
- تورکیا چیدی مەرجەکانی ئەندامێتی لە ناتۆدا نەماوە
- ئەمریکا دەبێت ڕاستەوخۆ چەک بداتە پێشمەرگە
- دەوڵەتی کوردستان دەبێتە تازەترین دەوڵەتی جیهان

**ڕووداو: داهاتووی سووریا و ئێران چۆن دەبینی؟ کورد لەو وڵاتانە دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕێ؟**

**دەیڤد فیلیپس:** یەکینەکانی پاراستنی گەل، ژنە شەڕڤانەکان و PKK شایەنی دەستخۆشی زۆرن بۆ ئەو بەرگرییە قارەمانانەیەی لە کۆبانی کردیان. پێشمەرگەش بەشدارییەکی مانادارییان کرد. داعش ئەوەی کرد کە هیچ سەرکردەیەکی کورد پێی نەکراوە، ئەویش دروستکردنی یەکێتی و دروستکردنی ئامانجێکی هاوبەش بوو لە نێوان کورد. کورد باشترین و دڵسۆزترین هاوکاری ئەمریکان لە شەڕی دژە تیرۆردا.




**ڕووداو: بەرگریی کورد لە کۆبانی بۆ ڕۆژئاوا چ مانایەکی هەیە؟**

**دەیڤد فیلیپس:** ئیدارەی ئۆباما لەکاتێکی زۆر ناسکدا دەستیان بە هێرشی ئاسمانی و خستنەخوارەوەی چەک و تەقەمەنی کرد. ئەو کارەی ئەمریکا، سەرەڕای نارەزایەتییەکانی ئەردۆغان ئەنجام درا. کۆبانی لە دروستکردنی شوناسی کوردیدا چووە پاڵ هەڵەبجە.

**ڕووداو: بەمدواییە سەردانی هەولێرت کرد و لەگەڵ کاربەدەستانی کورد و ئەمریکی لەوێ گفتوگۆت کرد. چییان پێگوتی دەربارەی بارودۆخی ئێستا؟**

**دەیڤد فیلیپس:** بارودۆخی کوردستانی عێراق ئێستا زۆر ئارامتر و ئەمینترە وەکو لە جاری ڕابردوو کە سەردانی ئەوێم کرد لە مانگی هەشت. سەرکردایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان شایانی دەستخۆشین بۆ ئەمە. هاوکاری زۆر لە نێوان کورد و ئەمریکیەکاندا لە چەندین بواردا هەیە، بە لایەنی ئەمنیشەوە. کورد هاوکارییان دەوێت تا کارەکانی خۆیان بکەن. کارەکانیش بریتین لە پاراستنی کوردستان و ڕزگارکردنی ناوچە کوردییەکان و لەناوبردنی داعش لە عێراق و سووریا. ئەمریکا پێویستە پشتگیری پێشمەرگە و لایەنە کوردییەکانی دیکە بکات لەم شەڕەدا. ئامانجی هاوبەشمان هەیە، ئەویش ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیەیە لە تیرۆریزم. دەتوانین نزیکتر لەگەڵ یەکدا کار بکەین.

**ڕووداو: لە وتارەکەتدا ئاماژە بەوە دەکەیت کە ئەمریکا دەبێت واز لە سیاسەتی "عێراق یەکەم" بهێنێت. دەتوانی زیاترمان پێ بڵێی؟**

**دەیڤد فیلیپس:** سیاسەتی "عێراق یەکەم" سیاسەتێکی بەتاڵە. کار ناکات، حەزمان لە ڕووخانی عێراق نییە و هیوای ئەوە دەخوازین کە هەولێر و بەغدا لەبارەی داهاتووی خۆیان بگەنە ڕێککەوتن. لەبەرئەوەشە کە نابێت سیاسەتی "عێراق یەکەم"مان هەبێت. دەبێت سیاسەتێکی هاوتەریبمان هەبێت کە بڵێت "لەپێشدا هەولێر".

**ڕووداو: ئەگەر ئەمریکا چەک نەداتە پێشمەرگە چی دەبێت؟**

**دەیڤد فیلیپس:** ئەو بارە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئایا دەمانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟ دەمانەوێت سەرکەوتن بەدەست بێنین؟ ئەگەر ئێمە جددین لە بردنەوەی ئەم شەڕە، دەبێت ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ کورد زیاد بکات و ڕاستەوخۆ بێت. هەم لە ڕووی ئەمنییەوە و هەم لە ڕووی سیاسیشەوە، لەڕێگەی گوتارێکی سیاسییەوە کە تێیدا باس لە گرنگیی کورد بکرێت. کورد دەتوانن ببنە خاڵی سەرەکی لە شەڕی دژە داعشدا، بەڵام ئەوان چەکدارەکانی خۆیان بە کوشت نادەن لە دژی داعش ئەگەر پاداشتێکی ماقوڵیان پێنەدرێت لەبەرامبەردا. ئیدارەی ئۆباما دەبێت بڕیار بدات، ئەگەر ئەوان جددین لە تێکشکاندنی داعش ئەوە دەبێت لەگەڵ هێزی شەڕکەری ناوخۆیی هاوکاری بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ کورد. ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە بکەن ئەوا ئەگەری سەرکەوتن هەیە. ئەگەر ئەو سیاسەتەی ئێستا درێژە پێ بدەن ئەوا دەبێت لە کۆتاییدا ناچاربن سوپای ئەمریکا بنێرن یان دان بەوەدا بنێن کە شەڕی داعش، شەڕێکی درێژخایەنە و بۆ ئیدارەکانی دوای خۆیانی بەجێبهێڵن.

**ڕووداو: نەوتی کوردستان دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕێ لە دروستکردنی هاوڕێیەتییەکی ستراتیژیدا لە نێوان کورد و ڕۆژئاوا؟**

**دەیڤد فیلیپس:** ڕێککەوتنی بەغدا لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت و شەراکەتی داهات هەنگاوێکی باشە. پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نۆرمالیزە دەکاتەوە و ئەمەش وا دەکات کە هەناردەکردن بەردەوام بێت و گەشەسەندنی داهاتووش درێژە بکێشێ. ڕێککەوتنەکە بۆ ساڵێک بەردەوام دەبێت و لە کۆتایی ساڵەکەشدا دووبارە گفتوگۆ دەستپێدەکاتەوە بەپێی بارودۆخەکە لەو کاتەدا.

## بێرکۆتی حەیران بۆ پێشمەرگە دەڵێت



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ شێروان بێرکۆتی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دوو گۆرانییە، یەکێکیان بۆ پێشمەرگەیە و ئەوی دیکەیان بۆ حەسەن سیساوەییە. بێرکۆتی کە لە نەرویج دادەنیشێ، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دوو حەیران بڵاودەکەمەوە، یەکێکیان لەسەر حەیرانبێژی کۆچکردوو حەسەن سیساوەییە، ئەوەی دیکەشیان بۆ پێشمەرگەیە". بێرکۆتی ئاماژەی بەوەدا کە بەنیازی ڕێکخستنی مەراسیمێک بوو لە نەرویج بۆ چلەی کۆچی دوایی حەسەن سیساوەیی، بەڵام بەهۆی شەڕی پێشمەرگە و داعش و شەهیدبوونی ژمارەیەک پێشمەرگە، بیرۆکەکەی گۆڕی و وەک وەفایەک بۆ سیساوەیی حەیرانێک دەڵێت کە باس لە ئاواتە وەدینەهاتووەکانی ئەو حەیرانبێژە دەکات.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## ئەناهیتا ئەرسەلان، کچە سینەماکاری کورد بۆ (ڕووداو):

# کارەساتە فارسێک بە کوردییەکی سەقەت ڕۆڵی کچە کوردێک بگێڕێ



ئەندازەی بیناسازی خوێندووە، بەڵام لە جیاتی سەرقاڵبوون بەو پیشەیە، خۆی لەسەر ستەیجی شانۆ و پەردەی سینەماکان بینییەوە. ئەناهیتا، کچە ئەکتەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵی 1986 لە تارانی پایتەختی ئێران لەدایک بووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی کرماشانە و ماوەی سێ ساڵە هاتووەتە باشووری کوردستان. ئەناهیتا پاش ئەوەی بەشداری لە زیاتر لە 16 شانۆگەری دەکات، جوانی و لێهاتوویی ئەو سەرنجی دەرهێنەر بەهمەن قوبادی ڕادەکێشێ و داوای لێدەکات لە فیلمێکدا ڕۆڵ ببینێ، بەمجۆرەش دەرگای هونەری سینەمای بەڕوودا دەکرێتەوە و بەشداری لە چەند فیلمێکی دیکەدا دەکات کە دواییینیان فیلمی سیمای خۆڵەمێش بوو.

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

■ بە یەکجاری لە باشووری کوردستان دەمێنمەوە

■ لە نێو کورد ئەکتەری بەتواناتر لە گوڵشیفتە فەراهانی هەن

■ دەبێت توندوتیژی دژی ژنان بخەینە سەر پەردەی سینەماکان

**ڕووداو: چۆن بوو هاتیتە باشووری کوردستان و بڕیاری مانەوەت دا؟**

**ئەناهیتا:** سەرەتا لە ڕێی کۆمپانیایەکی بەریتانی هاتمە باشووری کوردستان و لەگەڵ ئەوان کارم دەکرد، دواتر خێزانەکەشم بڕیاریان دا لێرە بژین، چونکە ژیان لێرە زۆر باشتر و خۆشترە، ئەوە سێ ساڵە لێرەم، هیچ کات هەستم بە غەریبی نەکردووە، بۆیە بڕیارمان داوە بە یەکجاری لێرە بژین.

**ڕووداو: تۆ ئەندازیاری، چۆن بوو بڕیارت دا کاری هونەری بکەی؟**

**ئەناهیتا:** ئێمە لە خێزانێکی هونەرین و لە منداڵییەوە بە میوزیک و فیلم و شێوەکاری گۆشکراوین، خێزانەکەم وایانکردووە کە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و هونەرم خۆشبوێت، لەمنداڵییەوە منیان دەبردە هۆڵەکانی سینەما، لەوێوە حەزم بۆ سینەما چوو، دواجار ئەو حەز و خولیایەی منداڵیم کردە ڕاستی. کاتێک لە زانکۆ بووم هەرچەندە ئەندازیاریم دەخوێند، بەڵام دەبووایە هەموو مانگێک شانۆگەرییەک پێشکەش بکەین، منیش وەک شانۆکارێک بەشداریم دەکرد. بەردەوام لە پێشبڕکێ شانۆییەکان لە یەکەمەکان بووین. دواتر گرووپێکی شانۆمان دامەزراند، بەشداریمان لە سەرجەم چالاکییە شانۆییەکانی ئێران دەکرد. دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی داوای کرد بەشداری فیلمێکی بکەم و منیش قبوڵم کرد، دواتریش بەشداری فیلمی سیمای خۆڵەمێشم کرد.

**ڕووداو: تۆ لە ئێران ژیاویت و ئێستاش لە باشووری کوردستانی، چ جیاوازییەک لە نێوان هونەری ئەو دوو شوێنە بەدی دەکەیت؟**

**ئەناهیتا:** من ناتوانم هونەری کوردی بەگشتی هەڵبسەنگێنم، بەڵام بە ڕای من هێدی هێدی هونەری کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. بەداخەوە هەندێ کەس تاوەکو ئێستاش هونەر بە حەرام دەزانن، ئەمەش بووەتە لەمپەر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی زیاتری هونەری کوردی، دەنا ئەو کەرەستە و چیرۆک و ئەکتەرەی لەکوردستان هەیە، زۆر گونجاوە بۆ جوانترین و باشترین کاری هونەری.

ئێران کە وڵاتێکی ئیسلامییشە زۆر گرنگی بە هونەر و فەرهەنگی خۆی دەدات، هەموو مانگێک منداڵان دەبەن بۆ بینینی فیلمێکی سینەمایی، یان شانۆگەرییەک، بەم کارانە خۆشەویستی هونەر و گرنگیی هونەر لەناو دڵ و دەروونیان دەڕوێنن، ئەمەش دواجار بە قازانجی کۆمەڵگا و وڵات دەگەڕێتەوە، زۆر بەداخەوە ئەم کەلتوورە لای ئێمە هێشتا دروست نەبووە. ئەمەیە جیاوازییەکانی ئێمە و ئەوان.

**ڕووداو: بەڵام دەرهێنەرەکان بەردەوام گلەیی دەکەن کە ئەکتەری کچ لە کوردستان زۆر کەمە و هەموو ڕۆڵەکانیش نابینن؟**

**ئەناهیتا:** بەبڕوای من ئەمە تێگەیشتنی کۆمەڵگایە بۆ هونەر کە هونەر بە کارێکی خراپ دەبینن و نایەوێت کچەکانیان بەشداری فیلم بکەن. من لێرەوە پێیاندەڵێم ئەگەر ئێوە بەمشێوەیە بیردەکەنەوە، ئەی بۆچی سەیری تەلەفزیۆن دەکەن کە بەردەوام دراما و فیلم و شانۆگەرییەکان نمایش دەکەن؟ ئەگەر کارێکی خراپە بۆ سەیری دەکەن؟ ئەگەر هونەر بە حەرام دەزانن بۆ سینەما لە کوردستان دەکەنەوە؟ باشە کاری پێشکەشکاری و بێژەری بۆچی دەبێت عەیب بێت، لەکاتێکدا هەموویان بە تامەزرۆییەوە ڕۆژانە سەیری تی ڤی دەکەن؟ دەبێت لەم سەردەمەدا لێبگەڕێن ئافرەتیش ڕۆڵی خۆی ببینێ و جێ پەنجەی خۆیان لەسەر هونەری کوردی و هەموو بوارەکانی دیکە ببینن.

**ڕووداو: دەرهێنەرانی کورد زۆرتر پشت بە ئەکتەری بیانی دەبەستن و دەڵێن کچی کوردیان دەستناکەوێت، ئەمە ڕاستە؟**

**ئەناهیتا:** ڕاستە، منیش لەگەڵ دەهێنەرەکانم، بەڵام بە خەڵکی کوردستان دەڵێم چەندە جوان دەبوو لە جیاتی گوڵشفیتەی فەراهانی، کچە کوردێک ڕۆڵی لە فیلمەکانی بەهمەن قوبادی و هونەر سەلیم بینیبا. بە ڕاستی کارەساتە کچێکی فارس بهێنی و بە کوردییەکی سەقەت ڕۆڵی کچە کوردێک ببینێ، ئێمە لە کوردستان کچی زۆر بەتواناترمان لەوان هەیە، دەبێت خەڵکی کوردستان هەڵوەستە لەسەر ئەمە بکەن.

**ڕووداو: چ بکرێت بۆ ئەوەی سینەما و هونەر بە گشتی لای خەڵکی خۆشەویست بکرێت؟**

**ئەناهیتا:** من دیسان دەگەڕێمەوە

■ سەرسامم بە هەدیە تارانی و دوو منداڵەکەی فیلمی بێکەس

■ زۆر حەز لە پێشکەشکاری و بێژەریی تەلەفزیۆن دەکەم

بۆ سەردەمی منداڵی، دەبێت هەموو قوتابخانەیەک ناچار بکرێت مانگێ جارێک قوتابییەکانی ببات بۆ سینەما، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری کاری هونەرییان پێبکەن، هەروەها دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش پیرۆزیی هونەر نیشانی خەڵک بدەن، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە کوردستان ئەوەی بەلامانەوە گرنگ نییە هونەرە.

**ڕووداو: زۆربەی دەرهێنەرانی کورد کاریان لەسەر ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کورد کردووە، ئەم جۆرە فیلمانە بەس نین؟**

**ئاناهیتا:** بەبڕوای من گرنگترین شت کە ئێستا کاری لەسەر بکرێت مافی ژن و توندوتیژییە بەرامبەر ژن کە لە کوردستان ڕۆژ دوای ڕۆژ ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن ژنی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی توندوتیژی دەبنەوە، دەیان چیرۆکی پڕ تراژیدی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە دەبینی، ڕۆژانە ژن بەناوی پاراستنی شەرەفەوە دەکوژرێت، ئەگەر دەرهێنەری کورد ئەم چیرۆکانە بکەنە فیلم دڵنیام هەم سوودیان بۆ خۆیان دەبێت، هەم کۆمەڵگای کوردیش بەئاگا دێتەوە، چونکە ئەمڕۆ سینەما شۆڕشێکە بەبێ لە دەرگادان خۆی دەکات بەناو هەمووماڵێکدا.

هەروەها بابەتێکی زۆر گرنگی دیکە هەیە وەک تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد، دەکرێت لە ڕێگای سینەماوە ئەوە نیشان بدرێت کە تەڵاق چەندە نەهامەتی بۆ خێزان و منداڵ و کۆمەڵگا دێنێت، ئەنجامەکانی چەندە ترسناکن، بەڵام ئێمە لێی بێدەنگین.

**ڕووداو: زۆر ئەکتەری کچ دوای هاوسەرگیری واز لە کاری هونەری دێنن، تۆ دوای شووکردن بەردەوام دەبی؟**

**ئەناهیتا:** من واز لە کاری هونەر ناهێنم، چونکە لەگەڵ دەزگیرانەکەم هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین کە بەردەوام دەبم لە کاری هونەری، خۆشبەختانە ئەویش زۆر پێیخۆش بوو. هەروەها بڕیارمداوە دوای زەماوەند دەست بکەمەوە بە شێوەکاری و تابلۆ بکێشم، چونکە ئەمە حەزێکی لەمێژینەی منە، هەروەها زۆر حەز لە پێشکەشکاری و بێژەری تەلەفزیۆنی دەکەم، هیوادارم ئەم خەونەشم بێتە دی.

**ڕووداو: لە سینەماکارەکان زۆر شەیدای کامە ئەکتەری؟**

**ئاناهیتا:** من لە فارسەکان زۆر شەیدای ڕۆڵ و ئەدای لەیلا حاتەمی و هەدیە تارانیم، لە ڕووی نواندنەوە زۆر شتیان لێ فێربووم، لە کوردەکانیش ئەو دوو منداڵەی ڕۆڵیان لە فیلمی بێکەس بینی زۆر کاریگەرییان لەسەر من دروستکرد. لە ئەکتەرە جیهانییەکان ئەنجلینا جولیم زۆر خۆشدەوێت، هەروەها شەیدای جوانی و ئەدای جێسیکا ئەلبای کچە ئەکتەری ئەمریکیم لەگەڵ جۆرج کلۆنی، من زۆر سەیری فیلم و دراما دەکەم، زۆر کاریگەرییان لەسەر من دروستکردووە.



## خاوەن کلیپی "چەند حەزم لە مۆزە" بۆ (ڕووداو) دەدوێت:

# سەلماندم کە خەڵک بە دوای شتی پڕوپووچەوەن





**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، کلیپی "چەند حەزم لە مۆزە" زۆر بەخێرایی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبووەوە. ئەم کلیپە لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا نزیکەی نیو ملیۆن بینەری لە ماڵپەڕی یوتیوب هەبووە، گۆرانیبێژی کلیپەکەش دەڵێت ئەم کارەی لە چوارچێوەی کەمپینی "ڕۆشنبیریمان" بە هاوکاری کەناڵی ئاسمانیی MTV ئەنجامداوە.

کلیپەکە بەشێوەیەکی وروژێنەر بەرهەم هاتووە، تێیدا خانمێک کە ناسناوی زیزی ئێم-ی هەڵگرتووە، بە کراسێکی سووری کورتەوە دەردەکەوێت و مۆزی بەدەستەوەیە و دەڵێت زۆر حەزم لە خواردنی مۆزە. بەشێکی کلیپەکە لە باخێکی مۆزدا بەرهەمهاتووە کە گۆرانیبێژەکە دەستبازی لەگەڵ مۆز دەکات. کلیپەکە چەند وشەیەکی وروژێنەری تێدا بەکارهاتووە، ئەمەش بووە هۆی تووڕەکردنی کۆمەڵگای عەرەبی و زۆرترین ڕەخنەشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێ گیرا.

میدیای کوردیش لە بڵاوکردنەوەی ئەم کلیپە ڕۆڵێکی باشی هەبوو، بەجۆرێک کە زۆرینەی ماڵپەڕ و لاپەڕەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بەشێوازی جۆراجۆر ئەو کلیپەیان بڵاوکردەوە.

(ڕووداو) لە ڕێگەی ئیمەیلەوە پەیوەندی بەو کچە گۆرانیبێژەوە کرد کە ئەم کلیپەی بەرهەمهێناوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە ئەو کلیپەی بە مەبەستی وروژاندن کردبێت، بەڵکو ویستوویەتی بەم کلیپە ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک پێشان بدات کە بەدوای شتی پڕوپووچەوەن.

زیزی ئێم گوتی "ئەم کلیپە لە چوارچێوەی کەمپینی (ڕۆشنبیرمان) بە هاوکاری کەناڵی ئاسمانی MTV بەرهەمهێنراوە".


ئەو کچە لوبنانیە باسی وڵاتەکەی دەکات کە هیچ کاتێک قەیرانی سیاسی لێ نابڕێت، بەڵام دەڵێت ئەمە وای لە خەڵک نەکردووە دوای کێشە ڕاستەقینەکانیان بکەون "ئەگەرچی لوبنان و زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکان لە قەیرانی سیاسی و ئابووریدان، بەڵام هەمیشە شتی بێ مانا و وروژێنەر زۆرترین بینەریان هەیە".

زیزی ئێم هەروەها دەڵێت "بۆ هەموو جیهانمان سەلماند کاری وروژێنەر کە ئافرەتێک تێیدا خۆی نمایش بکات زۆرترین بینەری هەیە لە وڵاتانی عەرەبیدا، جا ئەگەر کارەکە زۆر نا پرۆفیشناڵ و بێ ماناش بێت، ئەوەتا کلیپەکەم لە ماوەی هەفتەیەکدا نزیکەی نیو ملیۆن بینەری هەبووە، لە کاتێکدا ئێمە چەندین کاری جدیمان کردووە بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی و ئابووریی لوبنان، کەچی نیو ئەوەندەش خەڵک بەدوایدا نەگەڕاون".

زیزی ئێم، زیاتر لە ناوێکی هەرزەکارانە دەچێت، ئەو کچە دەڵێت "ناوم زیزی ئێم نییە، من کلارام، قوتابیم لە بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەیروت". گوتیشی "هیوادارم ئەو کارەی ئێمە خەڵک بەخەبەر بێنێتەوەو پێیانبڵێت، بەسە واز لە شتی پڕوپووچ بێنن".

ئەو کارەی زیزی ئێم بەبێ باجدان تێنەپەڕی، لەگەڵ ئەوەی سەدان هەزار کەس عەودالی بینینی کلیپەکەی بوون، بەڵام بەشی هەرە زۆریشیان بە کۆمێنت و نامە جنێوبارانیان کردبوو. کلارا دەڵێت سەرەتا بنەماڵەکەی ڕێگر بوون لەوەی بەشداریی لەو کارەدا بکات "بەڵام بەهۆی سووربوونی من لەسەر بەشداریکردنم لەو کارەدا و گرنگیی ئەو بابەتەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین، توانیم خێزانەکەم ڕازی بکەم و ئەو کلیپە تۆمار بکەین".

کلیپی گۆرانییەکە بەشێوەیەکی زۆر ناپرۆفیشناڵانە بەرهەم هاتووە، کلارا لەوبارەیەوە دەڵێت "دەمانتوانی کارەکە بە کامێرای پرۆفیشناڵ بکەین و ستافێکی باش بهێنین بۆ ئەوەی جوانترین تەکنیکی کلیپکردن پێشان بدەین، بەڵام ویستمان بیسەلمێنین کە کاری وروژێنەر زۆرترین بینەری دەبێت، تەنانەت ئەگەر لەڕووی هونەریشەوە زۆر بێ کەڵک بێت".




Empire World
Building the Future

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


SIDAR
AGENCY
سیدار ئێجێنسی، کۆمپانیای تایبەت بە کاری ڕێکلام و مارکتینگ و بەرهەم هێنانی میدیایی، تاکە بریکاری سەرەکی تۆڕی میدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێکلام کردن لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و پۆرتاڵی ڕووداو.
RÛDAW
RÛDAW
FM & MUSIC
بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو
پەیوەندی بکەن بە:
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

ڕووداو
ژنان
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## بەهۆی "خێرا لێخوڕین" ژنێک گیان لەدەست دەدات



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2015/2/14 شوفێری ئۆتۆمبێلێک لە نزیک فامیلی مۆل لەسەر شەقامی 100 مەتری، خۆی دەکێشێت بە ئافرەتێک و دەستبەجێ گیان لە دەستدەدات. ڕائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە بەهۆی خێرا لێخوڕین شوفێرێک ناوی (ز.ن.ا) بە ئۆتۆمبێل خۆی لە ئافرەتێک داوە بە ناوی (ئیسرا تالب حوسێن)، ژنەکە دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و پشکنین بۆ شوێنی ڕووداو کراوە، دواتر شوفێرەکە بەبڕیاری دادوەر ڕاگیراوە.

# 27 ژن لە ڕاپەڕین دەرمان و ژەهریان خواردووە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

بەپێی ئاماری نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین، ساڵی ڕابردوو 27 ئافرەت ویستوویانە بەهۆی خواردنی دەرمان و ژەهری جۆراوجۆرەوە کۆتایی بە ژیانیان بێنن. بەڵام زۆربەیان لە ژیاندا ماون و پزیشکێکیش باسی مەترسیی ئەو دەرمانانە دەکات لەسەر جەستەی ئەوانەی ڕزگاربوون.

موقەدەمی پۆلیس حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت، ساڵی ڕابردوو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان 27 ئافرەت بە هۆکاری جیاجیا دەرمانی پزیشکی یان دەرمانی قڕکەری مێش و مەگەز، یان نەوتیان خواردووەتەوە و نەخۆشکەوتوون.

ئاماژەی بەوەشدا کە حاڵەتەکانی دەرمانخواردن بەراورد بە ساڵی 2013 زیادی کردووە کە لەو ساڵەدا 25 حاڵەت لەلای ئەوان تۆمار کرابوو.

هەروەها سەبارەت بە ڕووداوەکانی دیکەش گوتی "ساڵی 2013 تەنیا یەک ڕووداوی کوشتنی ژنان هەبووە، بەڵام لە 2014دا حەوت ژن لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین کوژران، هەر لە 2013دا 28 ڕووداوی سووتان و 11 ڕووداوی خۆسووتاندن هەبووە، بەڵام لە 2014دا 29 ڕووداوی سووتان و 13 ڕووداوی خۆسووتاندن هەبووە".

موقەدەمەکەی پۆلیس ڕوونیکردەوە کە زۆربەی ئەوانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە شوویان کردووە و تەمەنیان لە خوار 40 ساڵانەوەیە.

سەبارەت بە هۆکاری خۆدەرمانخواردن کردن، ئەو بەرپرسەی پۆلیس گوتی "زۆربەی ئەو کەسانەی کە تووشی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەبن بەرگەی ئەو کێشانە ناگرن، بۆیە هانا بۆ خۆلەناوبردن دەبەن وەک هەڵاتن لە کێشەکان کە ئەوەش چارەسەر نییە، بەڵکو کێشەکان قووڵتر دەکەنەوە، جگە لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، تووشی کێشەی تەندروستیش دەبن".

ساڵی ڕابردوو بەراورد بە ساڵانی پێشتر توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان زیادی کردووە، حەسەن حاجی ڕەشید هۆکارەکەی بۆ شەڕی داعش گەڕاندوە کە جۆرێک لە نائارامیی دەروونی لە کوردستان دروستکردووە. بەڵام ئەوە پاساوێکی لاوازە بۆ تەشەنەکردنی توندوتیژی.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ساڵی ڕابردوو لە سنووری ڕاپەڕین 5 ژن کوژراون و 5 ژنیش خۆیان کوشتووە، هەروەها 29 ژن سووتاون و 13 ژنیش خۆیان سووتاندووە. هەر لەو ساڵەدا 367 ژن سکاڵایان لەسەر ئەو کەسانە تۆمار کردووە کە توندوتیژییان بەرامبەر کردوون، هەروەها 18 ژنیش دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

بەو پێیەی ناوچەی پشدەر و بیتوێن تاوەکو ئێستاش مۆرکێکی عەشایری پێوە دیارە، بۆیە چاوی ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ زیاتر لەسەر ئەو شوێنانەیە و چالاکییەکانیان زۆرتر لەو شوێنانەیە، بەڵام ساڵی ڕابردوو ڕێکخراوەکانی ژنان کەمترین چالاکیان لەو ناوچانەدا هەبووە.

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین، هۆکاری ناچالاکیی ڕێکخراوەکانی بۆ قەیرانی دارایی گەڕاندەوە و گوتی "ساڵی ڕابردوو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەهۆی نەبوونی بودجەوە چوونە سووڕی متبوون و نەیانتوانی بەپێی پێویست لەسەر ڕێچکەی خۆیان خزمەت بە ڕەوشی ژنان بکەن".

دکتۆر جەمیل قەرەداخی پسپۆڕی هەناو لەبارەی مەترسییەکانی خۆئازاردان یان هەوڵدان بۆ خۆلەناوبردن بە دەرمان یان ئاگر و ئامرازی دیکە دەڵێت "ئەگەرچی هەندێک لەوانە ڕزگاریان دەبێت، بەڵام لە ئایندەدا گرفتیان بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن ڕووخساریان دەشێوێت کە زۆرجار تووشی بێزاری دەبن کاتێک لە ڕووخساری سووتاوی خۆیان دەڕوانن".

هەروەها دەڵێت "ئەوانەی خۆیان هەڵدەواسن، ڕەنگە لە ئایندەدا تووشی نەخۆشیی دیکە ببن، لەوانەش نەخۆشیی دەروونی، بەڵام خواردنی دەرمانی پزیشکی لە دەرمانێکەوە بۆ دەرمانێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕێژەکەی زۆر بوو مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە دروست دەکات، بەڵام لە هەموویان مەترسیدارتر دەرمانی مشکە".

ئەو پزیشکە ئاماژەی بەوەشدا کە هەندێک دەرمانی قڕکەری مێروولە کاریگەرییەکەیان زۆر ترسناکە و ڕەنگە هەندێکجار کەسەکە نەکوژێ بەڵکو شێتی بکات، یانیش تووشی نەخۆشیی درێژخایەنی بکات. گوتیشی "بۆ ئەوانەی دایکن و سکپڕن ڕەنگە کۆرپەلەکەی ناو سکیان بکوژن، یان ئیفلیجی بکەن، خواردنی دەرمان کاریگەری لەسەر مێ زیاترە وەک لەسەر نێر، چونکە ماسولکە و پێکهاتەکانی لەشی نێر بەهێزترن".

یوسف عومەر، پسپۆڕی دەروونی باسی جۆرەکانی توندوتیژی دەکات و دەڵێت "توندوتیژی چەند جۆرێکی هەیە وەک توندوتیژی دەروونی و جەستەیی و سێکسی، بەڵام توندوتیژی دەروونی لە هەموویان زیاترە و توندوتیژی جەستەیی وەک لێدان و پێکان لە جۆرە ترسناکەکەیانە بۆیە بەرکەوتەکە زۆرجار تووشی مردن دەبێت".

ناوبراو باسی کاریگەرییەکانی دوای هەوڵی خۆخنکاندن و خۆکوشتنی کرد و گوتی "ئەو کەسانەی کە هەوڵی خۆلەناوبردن دەدەن، ئەگەر نەمردن دواتر پەشیمان دەبنەوە و تووشی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی دەبن، بۆیە دەبێت بخرێنە ژێر چاودێریی پزیشکی دەروونی تاوەکو دێنەوە دۆخی جارانیان".



## نامەی بۆ (ڕووداو) ناردووە

# ژنێکی هەڵاتوو لە تورکیاوە دەڵێت ژیانم لە مەترسیدایە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ژنێکی کورد کە ئێستا لە یەکێک لە شارەکانی تورکیایە، لەڕێی نامەیەکەوە کە بۆ (ڕووداو)ی ناردووە دەڵێت لە کوردستان بەهۆی هەڕەشەی کەسوکارەکەی هەڵاتووە و لە تورکیاش پیاوێکی کورد هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات.

(ش.م) 46 ساڵ، بەو مەرجە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد کە ناو و ناونیشانەکەی پارێزراو بێت، چونکە ترسی هەیە کەسوکارەکەی بیدۆزنەوە و بکوژن.

ئەو ژنە باسی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێت وەک بۆیان باس کردووە ئەو تەمەنی تەنیا ساڵێک بووە کە دایکی تەڵاقدراوە و پاشان باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە، بەڵام ئەو لەلای ناسیاوێکیان بووە تاوەکو تەمەنی بووەتە 15 ساڵ.

(ش) دەڵێت "بیرمە کچێکی تازە پێگەیشتوو بووم، باوکم بە زۆر منی دا بە پیاوێک کە 18 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، لەبەرامبەر دوو هەزار دیناری سویسری کە وەک شیربایی وەریگرت".

لەو پیاوە دوو کچی دەبێت، بەڵام دەڵێت ژیانی زۆر ناخۆش بووە و هاوسەرەکەی بە بەردەوامی لێیداوە "وەکو کۆیلەیەک سەیری دەکردم، بەڵام من لەبەر منداڵەکانم هیچم نەدەگوت، چوار ساڵ بەو شێوەیە ژیانم لەگەڵ ئەو پیاوە بەسەربرد، دواتر تەڵاقیدام".

(ش) دەگەڕێتەوە لای دایکی و 10 ساڵ لەلای ئەو دەبێت، تاوەکو پیاوێک بەنێوی (پ) دێتە نێو ژیانی "هەر کە دەچوومە دەرەوە ئەو پیاوە دەهاتە سەر ڕێگام، پەیوەندیمان دروست کرد، دواتر کوڕەکە هاتە خوازبێنیم".

دەشڵێت کاتێک باوکی زانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەیە، بە شەق و زللە بەربووەتە گیانی و پێیگوتووە کە ئابڕووی ئەوانی بردووە "ویستی بمکوژێت، بەڵام نەمردم".

(ش) لە ترسی هەڕەشەکانی باوکی دەیەوێت کۆتایی بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ (پ) بهێنێ، بەڵام کوڕەکە ڕازی نابێ.

شەوێک لە شەوان ژوانێک لەگەڵ ئەو کوڕە دەبەستێ لە ماڵی خۆیان، بەڵام باوک و براکەی پێیدەزانن و هەردووکیان هەڵدێن، (ش) چوار شەو لە ماڵی دۆستێکی دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات کوردستان جێبهێڵێت و بە تەنیا ڕێگەی تورکیا دەگرێتەبەر.

(ش) دەیەوێ لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگاتە وڵاتی سێیەم و لەوێ داوای مافی پەنابەری بکات، دواتر ئەو پیاوەی خۆشیدەوێت بەدوایدا دەچێتە تورکیا "وامزانی زۆر دڵسۆزە، بەڵام نەمزانی مەبەستی خۆی هەیە".

(ش) دەڵێت "خۆم ڕادەستی یوئێن کرد، بەڵام دوای ئەوەی ڕەفزی un مان وەرگرت، ئەو کوڕەی خۆشمدەویست و لە پێناویدا دەردەبەر بووم، ژیانی هێندەی دیکە تاڵکردم، بەردەوام لێیدەدام و هەڕەشەی لێدەکردم و دەریدەکردم، تاوەکو ئێستا 11 جار بە چەقۆ پەلاماری داوم و هەڕەشەی کوشتنی لێکردووم، ئیدی دوای ئەوە لێی جیابوومەوە و ئێستا بە تەنیا دەژیم".

ئەو ژنە سەرەڕای ئەوەی لەو پیاوە جیابووەتەوە، بەڵام دەڵێت ئەو پیاوە هێشتا وازی لێناهێنێ "بەردەوام بە چەقۆوە ڕێگەم لێدەگرێت و هەڕەشە دەکات و سوکایەتیم پێدەکات، هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات کە دەمداتەوە دەست کەسوکارم. لە پۆلیسی شارەکەم سکاڵام تۆمارکرد، بەڵام بە دەنگمەوە نەهاتن".

ئەو لەبارەی ئەوەی کە بۆچی لە کوردستان سکاڵای تۆمار نەکردووە؟ دەڵێت "چونکە باوەڕم بە پۆلیس و ڕێکخراوەکانی کوردستان نەبوو ژیانم بپارێزن". بەڵام لە پۆلیسی تورکیاش ڕازی نییە و دەڵێت "لە تورکیاش ئافرەت قیمەتی نییە و ژیانی ئێمەی ڕاکردوو پارێزراو نییە، زۆر ژن هەن تووشی کاری خراپ بوون، یان لێرەش دووبارە ڕایکردووە بۆ وڵاتێکی دیکە، چونکە un گرنگی تەواو نادات بە کێشەکانی ژنان". گوتیشی "دوای ئەوەی یوئێن ڕەفزی دامێ، ئێستا ترسم هەیە سنووردراش بکرێمەوە بۆ کوردستان و بە دەستی کەسوکارەکەم بکوژرێم".

(ش) لە ڕۆژی 2011/10/27 خۆی ڕادەستی un دەکات، دوای چوار مانگ un چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکات، دواتر لە 2013/8/19 یوئێن ڕەفزی دەداتێ و لە 2013/9/3 پەڕاوەکەی بە یەکجاری دادەخات. ئەو دەڵێت ژیانی لە تورکیا زۆر ناخۆشە و تاوەکو ئێستا دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

(ڕووداو) نامەیەکی دەستنووسی ئەو ژنەی لەلایە کە دەڵێت "ژیانم لە مەترسیدایە، هەر شتێکم بەسەربێت ئەوا خەتای پۆلیس و unە".

ژنێک کە ئاگاداری ژیانی ئەوە لە تورکیا، گوتی "من نۆ مانگ لەگەڵ (ش) بووم، بەڵام خۆزگە نەمناسیبایە، چونکە ژیانی ئەو لە کوردستان و لە تورکیاش چیرۆکێکی تراژیدی بووە، لە ترسی کوشتن ڕایکردبوو بۆ تورکیا، بەڵام خۆشەویستەکەی چەند جارێک لەبەر چاوی من بە چەقۆ پەلاماری دا و لێیدەدا".

(شیرین.م.ح) کەسە نزیکەکەی ئەو ژنە گوتیشی "خۆشەویستە کۆنەکەی سەرەڕای ئەوەی بەدوایدا هاتبوو بۆ تورکیا، بەڵام وایدەزانی ڕەفزەکەی un خەتای ئەوی تێدا بووە، پیاوێکی زۆر دڵڕەق بوو، هیچ ڕەچاوی باری دەروونی ئەو ژنەی نەدەکرد و بە چاوی کۆیلە سەیری دەکرد، جار هەبوو دوازدەی شەو لە ماڵ دەریدەکرد، دوای پاڕانەوەیەکی زۆر ئینجا قبوڵی دەکردەوە". گوتیشی "دوای ڕەفزە یەکجارییەکەی لە un ، ئێستا زۆر پەرێشانە و کاری نییە، خۆشەویستەکەی جارانی بەردەوام هەڕەشەی کوشتن و ئاشکراکردنی دەکات لای کەسوکارەکەی".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## ئەندازیارێکی ئۆکراینی لە هەولێر دەسووتێت



**رووداو – هەولێر**

پاڵاوگەیەک لە کۆمەڵگەی بەستۆرەی سەر بە ناحیەی پیرمام ئاگری تێبەردەبێت و بەو هۆیەش ئەندازیارێکی ئۆکراینی گیان لەدەست دەدات.

رائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە کاژێر 1ی پاش نیوەڕۆی رۆژی 2015/1/14 پاڵاوگەیەکی سووتەمەنی لە کۆمەڵگەی بەستۆرە ئاگری گرت، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداو دەرکەوت کەوا ئەندازیارێکی ئۆکراینی بە ناوی (ماکسید ئارد مەنتکا) سووتا و دواتر گیانی لە دەستدا.

# پێشمەرگەیەک بەرپرسەکەی خۆی دەکوژێت



**عومەر چاوشین**
**رووداو– داقوق**

پێشمەرگەیەک لەگەڵ بەرپرسەکەی دەبێتە دەمەقاڵێیان و بەرپرسەکەی خۆی لە شیرینیی خەودا دەکوژێت، پاشان کوڕی هەمان بەرپرس پێشمەرگەکە دەکوژێت. وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ئاگاداری رووداوەکەن و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە.

ئەو رووداوە دوای نیوەڕۆی 2015/2/9 لە میحوەری داقوق روویدا، بەرپرسەکەی پێشمەرگە کە ناوی خدر مەولود سەعیدە و تەمەنی 49 ساڵە، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی خۆی بەناوی ستار ئیسماعیل دەبێتە کێشەیان. پێشمەرگەکان کۆتایی بە کێشەی نێوانیان دێنن، بەڵام دواتر پێشمەرگەکە دەرفەت لە خەوتنی بەرپرسەکە دێنێت و لە خەودا دەیکوژێت. پاشان پێشمەرگەکە هەر لەوێ بە دەستی کوڕی بەرپرسەکە دەکوژرێت.

عومەر حاجی مستەفا، ئامۆزای خدر مەولود لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "ئەوەی خدری ئامۆزامی کوشتووە خزمی نزیکی بەرپرسێکی باڵای پێشمەرگەیە، بۆیە خدر زۆر رێزی لێگرتووە و تەنانەت لای خۆی خەواندوویەتی و زۆر هاوکاریی کردووە بۆ ئەوەی سەلامەت بێت، دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە ئامۆزاکەم لە خەودا بووەو ئەو پێشمەرگەیەش کوشتوویەتی". گوتیشی "دەڵێن ئەو کوڕە کێشەی دەروونی هەبووە و نەیتوانیوە بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و لە کۆنترۆڵ دەرچووە".

عومەر حاجی کە لە پرسەی ئامۆزاکەیدا بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد، گوتیشی "ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسدا نەبووە، لە دوای رووداوەکەش داوامان لەسەر کەس نییە، ماڵی بکوژی ئامۆزاکەم هاتنە پرسەکەمان و زۆر خەمباربوون بەو رووداوە، ئێمەش بەرێزەوە پێشوازیمان لێکردن و بەرێزەوەش بەرێمانکردن، ئێمەش پرسەی ئەوان بە پرسەی خۆمان دەزانین و هیچ سکاڵایەکمان لەسەریان نییە".

### بە قسەی بەرپرسەکەی نەکردووە

بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی پێشمەرگە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وردەکاری رووداوەکەی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "رۆژی 2015/2/9 لە میحوەری داقوق لە لیوای بیتوێن یەکەی 122، ئامر سریەیەک بەناوی خدر مەولود سەعید بەدەستی پێشمەرگەیەکی خۆی شەهید کرا، دواتر بکوژەکە بەدەستی کەسێکی نزیکی ئامر سریەکە کوژرا".

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هۆکاری رووداوەکەش ئەوە بوو کە پێشمەرگەکە پابەند نەبوو بە رێنماییەکانی کاک خدر، ئەو چەند جارێک ئامۆژگاری کردبوو کە زۆر هاتوچۆ نەکات، نەوەک قەناس بەدەستەکانی داعش بیپێکن، بەڵام ئەو قسەکانی بەرپرسەکەی لەدڵ گرتووە و دواتر تەقەی لێکردووە و شەهیدی کردووە".

### "گوللەی لەدەست دەرچووە"

بەڵام سەردار ئیسماعیل کە برا گەورەی ستارە، رەتیکردەوە رووداوەکە بە ئەنقەست بووبێت و گوتی "قەزا و قەدەر" بووە. سەردار بە (رووداو)ی گوت "براکەم ماوەیەک قاچاخچی بوو خەڵکی دەبرد بۆ دەرەوەی وڵات، باری ئابووری زۆر باش بوو، بەڵام هەندێک کەس فێڵیان لێکرد و پارەیەکی زۆریان لێخوارد، هەر بۆیەش ماوەیەک بێکار بوو، بەو هۆیەشەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو".

سەردار هەروەها گوتی "براکەم ماوەی سێ مانگ لەلای مامی پێشمەرگە بوو، دواتر چووە لای کاک خدر، ئەو بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بووە، فیشەکێک لە چەکەکەی دەردەچێت و بەر کاک خدر دەکەوێت، بەداخەوە کاک خدر شەهید دەبێت، بۆیە ئێمە دەڵێین رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".

هەرچەندە براکەی دوای رووداوەکە کوژرایەوە، بەڵام سەردار دەڵێت هیچ سکاڵایەکیان لەسەر کوڕی بەرپرسی براکەی نییە و هەردوولاش بەشدارییان لە پرسەی یەکدیدا کردووە. گوتیشی "براکەم مام خدری زۆر خۆشدەویست، لە بنەماڵەکەماندا ئەو بە تەنیا لای مام خدر بوو وەک مام سەیرمان دەکرد".

### کامیان شەهیدە؟

لەسەر هەژمارکردنیان وەک شەهیدی سەنگەر، بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی "وەزارەتی پێشمەرگە تەنیا خدر مەولود وەک شەهیدی سەنگەر هەژمار دەکات، چونکە هیچ خەتای نەبووە".

سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵاش، ئەو سەرچاوەیە گوتی "کەس داوای نییە و کەسیش دەستگیر نەکراوە، لەوانەیە وەزارەتی پێشمەرگە مەلەفی کێشەکە بەیەکجاری دابخات".

بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە پێی ئاساییە ئەگەر ئەو پێشمەرگەیە نەخۆشیی دەروونی هەبووبێت و دەڵێت "هەر پێشمەرگە تووشی نەخۆشی دەروونی نەبوون، بەڵکو لەنێو سوپای ئەمریکیشدا هەندێ لە سەربازەکانیان تووشی نەخۆشی دەروونی هاتن بە تایبەتی لەکاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق، 300 سەرباز رایانکرد چونکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوون، زۆر لەوانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوون هەر لە عێراق خۆیان کوشت، چونکە هەموو سەربازێک بەرگەی خوێنڕژان و کوشتن ناگرێت".

## ساڵی رابردوو

# 70%ی سکاڵاکانی لای پۆلیس لەسەر قەرز بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و راگرتنی پێشینەکان، تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر فێڵکردن و نەگەڕاندنەوەی قەرز لە دادگاکان زیادی کردووە، بە جۆرێک لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە.

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، لە سێ ساڵی رابردوودا 71 هەزار و 831 داوا ئاراستەی دادگاکانی بەرایی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کراوە کە 62 هەزار و 263 داوا یەکلاکراونەتەوە و ئەوانی دیکە لەژێر لێکۆڵینەوەدان. هەر بەپێ ئامارەکە زۆرترین سکاڵا لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە کە 27 هەزار و 431 سکاڵا بووە.

### "70%ی سکاڵاکان لەسەر قەرز و فێڵکردنە"

دادوەر ئومێد موحسین حەمەدەمین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری بە (رووداو)ی گوت "بەپێی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکانمان بۆ ئەو سکاڵایانەی ساڵی رابردوو لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراون، 70%ی سکاڵاکان لەسەر فێڵکردن و نەگەڕاندنەوەی قەرز بووە". بۆیە دەڵێت "فێڵکردن لە کوردستان لە دیاردەوە بووەتە حاڵەت".

بەپێی داتاکانی ئەنجوومەنی دادوەری، ژمارەی سکاڵاکان لە ساڵی رابردوو بە بەراورد بە 2013 کەمیان کردووە، بەڵام وتەبێژی ئەنجوومەنەکە دەڵێت "ژمارەی ئەو داوایانە بەهۆی فێڵ و قەرزەوە تۆمارکراون زیادی کردووە". هۆکارەکەشی بۆ قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و پێشینەکان گەڕاندەوە.

به چەکی بێ رەسید هەڵدەخەڵەتێندرێن

دادوەر ئومێد موحسین، جۆری ئەو فێڵانەی ئاشکرا کرد کە سکاڵایان بەدواوەوە بووە و گوتی "خەڵکانێکی زۆر لەرێگەی چەکی پارەوە فریودراون، دواتر بۆیان دەرکەوتووە ئەو چەکەی وەریانگرتووە هیچ رەسیدێکی لە بانکدا نەبووە".

هەروەها گوتی "جۆرێکی دیکە لە فێڵکردن لەرێگەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بووە، خەڵکانێک فێر بوون بەپارەی زیاتر لەنرخی خۆی چەندین ئۆتۆمبیل بەسەریەکەوە بەقست دەکڕن دواتر بەپارەی کاش دەیفرۆشنەوە پارەی خەڵک نادەنەوە".

### فێڵی خۆماڵی زیادی کردووە

پارێزەری راوێژکار ئەردەلان ئەحمەد رەشید، کە زیاتر کار لەسەر داواکانی دادگای بەرایی هەولێر و دەوروبەری دەکات، سەرەرای جەختکردنەوەی لەسەر زۆر بوونی داواکانی کێشەی قەرز و فێڵبازی دەڵێت "ساڵانی پێشوو بەهۆی ئەو جولە ئابوورییەی لە وەبەرهێنان لەکوردستان هەبوو، خەڵک زیاتر لەلایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرە بیانییەکانەوە فێڵیان لێدەکرا، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموونی زیاتربوون لە یاساکان و فێڵکردن لەخەڵک، بەڵام ساڵی رابردوو دوای قەیرانی دارایی و دواکەوتنی موچە و پێشینەکان بەپێچەوانەوە فێڵکردن و نەگەڕانەوە قەرزەکان لەلایەن خەڵکی ناوخۆوە زیادی کردووە".

ئەم پارێزەرە گوتیشی "ئێستا زۆربەی داواکانی دادگاکانی بەرایی، لەسەر فێڵی ئەو کۆمپانیایانەیە کە یەکەکانی نیشتەجێبوون دروست دەکەن. هەروەها بەشێکیشی داواکانیش لەسەر نەگەڕاندنەوەی قیستی کڕینی ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی نێوماڵە".

پەشیمانن لە سکاڵا

هێرش ئیبراهیم هاووڵاتییەکی شاری هەولێرە و پێشتر کاری کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی لەگۆرەپانی ئاژەڵان لە هەولێر دەکرد، 56 ملیۆن دیناری لەلای کەسێکە و نایداتەوە.

هێرش سەرەتا لەرێگەی هێزەوە هەوڵیداوە پارەکەی وەربگرێتەوە و ئۆتۆمبێلێکی قەرزدارەکە لای خۆی گلدەداتەوە، بەڵام دواتر قەرزدارەکە لەرێگەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبێک ئۆتۆمبێلەکەی وەردەگرێتەوە و هێرشیش ناچار دەکرێت 16 ملیۆن دینار لە قەرزەکەی خۆش ببێت، بەو مەرجەی پارەکەی بۆ بگەڕێننەوە، بەڵام پارەکەی بۆ ناگەڕێننەوە.

بۆیە هێرش روو لەدادگا دەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هەر زوو پەشیمان بووەتەوە لەتۆمارکردنی سکاڵاکەی "بۆم دەرکەوت کەسی قەرزاردار قەرزی خەڵکی دیکەشی لایە، دادگا بەپێی توانایی دارایی کەسەکە پارەکەم دەکات بە قستی مانگانە".

هێرش نموونەی سەدان کەسی دیکەی خاوەن قەرزە، کاتێک بۆ گەڕانەوەی قەرزەکانیان روو لەدادگا دەکەن هەر زوو نائومێد دەبن، چونکە وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان بۆ دەکرێت بەقستی مانگانە.

دادوەر لەو جۆرە دۆسیانە لە باری دارایی قەرزار دەکۆڵێتەوە ئەگەر نەیتوانی پارەکە راستەوخۆ بدات، بەپێی داهاتی مانگانەی قەرزدار، دەبێت مانگانە بەشێک لە پێنج بەشی داهاتەکەی بۆ خاوەن قەرزەکە بگەڕێنێتەوە.

وتەبێژی دادوەری دەڵێت هەموو قەرزێک ناکرێت بە قیست "بۆ نموونە ئەگەر دەرکەوت کەسی قەرزدار دەوڵەمەندەو موڵکی زۆرە، بەبڕیاری دادگا موڵکەکانی دەفرۆشرێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی.

لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا کار بەیاسایی جێبەجێکردنی ساڵی 1969 دەکرێت ئەمە لەکاتێکدایە بەغدا ئەم یاسایەی هەمواركردووەتەوە.

دادوەر ئومێد موحسین دەڵێت "پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان یاسای جێبەجێکردن هاوشێوەی بەغدا بەگوێرەی پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و دارایی خەڵک هەموار بکاتەوە، چونکە یاسا کۆنەکە هەندێ برگەی لەبارەی بەندکردن و قەرەبووی دارایی تێدایە، لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێت".





**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# گومانی ناڕەوا لە پاکیزەیی

"پەردەکە مەتاتە"، ئەمە ئەنجامی پشکنینی پەردەی کچێنی بوو بۆ کچێک کە خەریکبوو تووشی بەڵایەکی گەورە ببێ، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک، ئارامگرتنی کوڕەی تازە زاوا بووە هۆی ئەوەی ئەو کچە بە چارەنووسێکی خراپ نەگات.

لەم رۆژانە کێشەی کچێک و کوڕێک هێنرایە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. کوڕەکە 10 ساڵ لە کچەکە گەورەتر بوو، ئەوان ماوەی 3 مانگ دەزگیراندارابوون، دواتر بڕیاریان داوە خێزان پێکبهێنن، بەڵام تووشی شتێکی چاوەڕواننەکراو دەبن، کاتێک کوڕەکە وا دەزانێت ئەوەی خواستوویەتی ژنە نەک کچ، چونکە لە شەوی زاوایەتیدا هیچ خوێنێک نابینێ.

زاوا سەرەتا هەڕەشە لە بووک دەکات کە دەینێرێتەوە ماڵی باوکی و هەموو راستیەکانیشیان بۆ باس دەکات، بەڵام کچەکە نکۆڵی دەکات لەوەی پەیوەندی لەگەڵ هیچ کەسێک هەبووبێت. کوڕەکە ئەمجارە قورئانێک دەهێنێ و سوێندی بۆ دەخوات کە دەیبووورێت، بەڵام بەو مەرجەی راستییەکەی بۆ باس بکات، بەڵام بووکەکە هەر بەرگری لە پاکیزەیی خۆی دەکات.

کوڕەکە دواجار برا گەورەکەی لە کێشەکە ئاگادار دەکاتەوە، براکەشی ئامۆژگاری دەکات کە هیچ بڕیارێکی هەڵە نەدات و سەرەتا سەردانی پزیشکێکی ئافرەتان بکەن و بەپێی ئەنجامی پشکنینەکە دواتر بڕیار بدات.

کاتێک دەچنە لای پزیشک، پزیشک دەڵێت کە بەپێی یاسا ئەو ناتوانێت پشکنینی پەردەی کچێنی بۆ بووکەکە بکات، بۆیە رێنماییان دەکات کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بکەن بۆئەوەی لەوێ رێوشوێنی یاساییان بۆ دابنرێت بۆ پشکنینەکە.

کاتێک قسە لەگەڵ بووکەکە کرا، گوتی ئامادەم بمنێرن بۆ لێژنەی پزیشکی بۆ پشکنین، بۆیە دادوەری لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی بڕیاری دا ئافرەتەکە رەوانەی لێژنەی پزیشکی بکرێت لە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری. دوای ئەوەی ئەنجامی پشکنینەکە دەرچوو، دەرکەوت پەردەی ئەو کچە لە جۆری مەتاتە، ئەو جۆرە پەردانەش لەکاتی سێکسکردندا دەکشێن و زۆر کەس بە هەڵە واتێدەگەن کە بووکەکە کچێنی لەدەستداوە.

دواتر بۆ زاوا روونکرایەوە کە ئەم جۆرە حاڵەتانە ئاساییـن، ئەویش گوتی دڵم قەناعەتی هات و ئێستا بۆم روونبووەوە کە ژنەکەم هیچ کێشەیەکی نییە و خیانەتی نەکردووە، بۆیە پێکەوە رۆیشتنەوە ماڵی خۆیان.

لە کێشەی ئەو ژن و مێردەوە دوو شتمان بۆ روونەبێتەوە، یەکەم نەبوونی زانیاری لای زۆربەی خەڵکی ئێمە لەسەر مەسەلەکانی سێکس و شەوی بووکێنی، دووەمیش ئارامگرتنی پیاوەکە. بۆیە پێویستە ئەوانەی تازە زاوان و تووشی کێشەی لەو شێوەیە دەبن، پەند لەم بەسەرهاتە وەربگرن و یەکسەر بڕیاری هەڵە نەدەن. ئەگەر ئەو کەسە ئارامی نەگرتبا و پەنای بۆ پزیشک و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی نەبردبا و یەکسەر کەسوکاری کچەکەی لێ ئاگادار کردبایەوە، دوور نەبوو ئەو کچە تووشی کارەساتێک هاتبایە و لەلایەن کەسوکارییەوە کوژرابایە.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

دوو هەفتەیە لە زیندانە

# رۆژنامەنووسەکەی دهۆک مان لە خواردن دەگرێت

## "رۆژنامەنووسەکەی دهۆک پێش بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە"

عوبەید رەشاڤایی
رووداو- دهۆک

رۆژنامەنووسێکی دانیشتووی دهۆک بە تۆمەتی زراندنی نێوبانگی پێشمەرگە دوو هەفتەیە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە، پارێزەرەکەشی دەڵێت ئەو رۆژنامەنووسە بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەستگیرکراوە و پێنج رۆژە مانی لە خواردن گرتووە.

ئێوارەی رۆژی 2015/1/29 رۆژنامەنووس سەباح ئەتروشی بەشداری بەرنامەیەکی کەناڵی بادینان ساتی کرد و گوتی "پێشمەرگە لە یەکێک لە شەڕەکانی ئەمدواییەدا شکستی خوارد و بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەش هەندێک دیلی داعش بەرەڵڵا دەکەن و لەکاتی راکردنی دیلەکان تەقەیان لێدەکەن و دەیانکوژن، وێنەگرێکیش وێنەیان دەگرێت و پاشانیش خەڵات دەکرێت". لەسەر ئەم قسانەشی، رۆژی 2015/2/2 لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا.

### چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی

نیوار ئەتروشی، برای رۆژنامەنووس سەباح ئەتروشی لەبارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنی براکەی بە (رووداو)ی گوت "ئەو لە فەرمانگەی خۆی بوو لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری، ئاسایش هاتوون و پێیانگوتووە دەبێ بێی بۆ ئاسایش، ئەویش بە ئۆتۆمبێلی خۆی چووە و دواتر نەگەڕایەوە".

نیوار رەخنەی لە شێوازی دەستگیرکردنەکە هەیە و دەڵێت "نزیکەی هەفتەیەک ئۆتۆمبێلەکە لە ئاسایش بوو، دواتر پارێزەرەکەی چەند رۆژ خەریک بوو تاوەکو وەریگرتەوە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە زۆر بێسەروبەر کرابوو".



درەخشان ئامێدی، پارێزەری سەباح ئەترووشی ئاماژە بەو مادەیە دەکات کە بریکاردارەکەی پێ دەستگیرکراوە و دەڵێت "بەپێی مادەی چواری تیرۆر دەستگیرکراوە، ئەگەر بەپێی ئەو ماددەیە سزا بدرێت، ئەوا 15 ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام ئەستەمە بەڵگە هەبێت بیسەلمێنێ کە ئەوە تیرۆریستە".

ناوبراو گوتیشی "داوام کردووە مادەکەی بگۆڕن، چونکە سەباحیش گوتوویەتی هەڵەی کردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە بەپێی ئەو مادەیە دادگایی بکەن، پێویستە بەپێی یاسای کاری رۆژنامەنووسی دادگایی بکرێت، لەبەر ئەوەی نیازی وا نەبووە کە سووکایەتی بە پێشمەرگە بکات و خۆشی بۆ روماڵی چالاکیەکانی پێشمەرگە چەندینجار چووەتە بەرەکانی جەنگ".

### سەندیکای رۆژنامەنووسان چی دەڵێت؟

دوای هەفتەیەک لە گرتنی، لقی دهۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەڕێی بەیاننامەیەکەوە هەڵوێستی خۆی راگەیاند کە تێیدا هاتووە "ئەو مادە یاساییەی سەباح ئەتروشی پێ تۆمەتبار کراوە، پەیوەندی بە کاری رۆژنامەنووسیەوە نییە".

سەندیکای رۆژنامەنووسان رەخنە لەو رۆژنامەنووسە دەگرێت و دەڵێت "کارەکەی دوورە لە پیشەی رۆژنامەنووسی و ئیستیغلالی ئازادیی رۆژنامەڤانی کردووە، دوور لە ئیتیکی رۆژنامەوانی باسی پێشمەرگەی کردووە".

### دوای گرتنی ئینجا بڕیاری دادوەر دەرچووە

پارێزەر درەخشان ئامێدی دەڵێت "ئاسایش خۆی ئیزبارەی سەباحی پێشاندام، ئەوەی من دیتم ئەوە بوو کە ئاسایش رۆژی 2015/2/2 گرتوویەتی، بەڵام بڕیاری دادوەر بۆ گرتنی لە رۆژی 2015/2/5 دەرچووە، کەسیش سکاڵای لەسەر نەبووە". بەپێی قسەی براکەی، سەباح ئەتروشی پێنج رۆژە هیچ شتێکی نەخواردووە. پارێزەرەکەشی دەڵێت "بەهۆی ئەوەی مانی گرتووە، زۆر بێ تاقەت بووە، بە باشی توانای قسەکردنی نەبوو".

لەسەر سووکایەتی بە کەمینە

# سەلەفییەکی بەردەڕەش دەدرێتە دادگا

تەیار عادل گۆران
رووداو- بەردەڕەش

سەلەفییەکی قەزای بەردەڕەش، دوعا بۆ پێشمەرگە ناکات و دەڵێت پیرۆزبایی لە مەسیحییەکان بەبۆنەی سەری ساڵەوە "حەرامە"، بۆیە لەلایەن دادگای بەردەڕەشەوە دۆسیەیەکی بۆ دەکرێتەوە و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا دادگایی بکرێت.

ئیبراهیم بەشار چەتۆ کە بە سەرۆکی سەلەفییەکانی قەزای بەردەڕەش دەناسرێت، بە گوتەی خۆی تاوەکو قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام وەکو مامۆستایەکی ئاینی و رابەری سەلەفیەکانی بەردەڕەش دەناسرێ. ئیبراهیم تۆمەتبار کراوە بە بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی، ئەویش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەک لە شەوی سەری ساڵدا لە مزگەوتی سەلام لە قەزای بەردەڕەش. ئیبراهیم نوێژکەر و خەڵکی دیکەی لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵ لە مەسیحییەکان نەکەن، بەڵام لەلایەن ئیمامی مزگەوتەکەوە دەرکراوە.

هەندێک دەڵێن لەکاتی نوێژی بەیانیدا کە نوێژخوێنان دوعایان بۆ پێشمەرگە کردووە، ئەو دەستی بەرز نەکردووەتەوە و دوعای نەکردووە.

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی بەردەڕەش نووسراوێکی ئاراستەی قایمقامیەتی قەزای بەردەڕەش کردووە و قایمقامیش نووسراوەکەی بە سکاڵاوە رەوانەی دادگایی بەرای بەردەڕەش کردووە، دادگاش بەپێی ماددەی 372 لە یاسای سزادانی عێراقی، سەلەفییەکە بۆ ماوەی 24 رۆژ دەستگیردەکات و دواتریش بە کەفالەت ئازادی دەکات، تاوەکو رۆژی دادگایی.

سەرچاوەیەک لە دادگای بەرایی بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو کەسە بە تۆمەتی توندڕەوی و سووکایەتی بە ئاینی مەسیحی دەستگیرکرا و بە کەفالەت ئازاد کرا، لە چەند رۆژی داهاتوودا دادگایی دەکرێت.

سەردار شێخ یەحیا قایمقامی قەزای بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ماوەیەک لەمەوبەر ئەوقافی بەردەڕەشیان ئاگادار کردووەتەوە کە لە هەموو مزگەوتەکان دوعای خێر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بکەن، بەڵام زانیاریمان پێگەیشت کە چەند کەسێکی توندڕەو لە کاتی دوعاکردندا دەستیان بەرز نەکردووەتەوە.

گوتیشی "ئەو کەسە لە دادگا دانی بەوەدا نابوو کە دوعای بۆ پێشمەرگە نەکردووە و لە شەوی سەری ساڵ نامیلکەی دژی مەسیحییەکان بڵاوکردووەتەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، تاوەکو ئێستا 5 کەسی دانیشتووی سەنتەری قەزای بەردەڕەش، پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە کە دووانیان قوتابی زانکۆ بوون.

مامۆستایەکی ئاینی دەڵێت "پرۆگرامی سەلەفی و داعش یەک پرۆگرامە و خەڵک بەرەو توندڕەوی دەبات". بەڵگەشی بۆ قسەکانی هێنایەوەو گوتی "جگە لە شێوازی ریش بەردانەوە و پۆشینی جلەکانیان، لە بیرکردنەوەش لە یەکدی نزیکن، بە تایبەت لە بابەتی نەچوونە پرسە و سەردانی نەکردنی گۆڕستان و نەخوێندنی سورەتی فاتیحە و تەکفیرکردنی موسڵمان و حەرامکردنی هەندێک شت بەشێوەیەکی قەتعی وەکو جگەرەو هتد".

ئەو مامۆستایە گوتیشی "کاتێک داعش گۆڕەکانی نەبی یونس و شیتی لە مووسڵ تەقاندەوە، هەموو سەلەفیەکانی بەردەڕەش ئەو کارەیان پێ خۆشبوو دەیانگوت کارێکی باشیان کردووە".

ئیبراهیم بەشار چەتۆ لەبارەی ئەو تۆمەتانەی کە خراونەتە پاڵی بە (رووداو)ی گوت "من 24 رۆژ زیندانی کراوم بە تۆمەتی ئەوەی ساڵی رابردوو جنێوم بە مەسیحییەکان دابوو، بەڵام ئەمە راست نییە، تەنیا نامیلکەیەکم لەنێو مزگەوت بڵاوکردەوە و تێیدا پیرۆزکردنی جەژنم لە مەسیحییەکان حەرام کردبوو، ئێمە پێمانوایە جائیز نییە پیرۆزبایی لە مەسیحییەکان بکەی، چونکە ئاینی مەسیحی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن و دەڵێن عیسا کوڕی خودایە، بۆیە نابێت پیرۆزباییان لێ بکەین".

سەبارەت بە دوعانەکردنیش بۆ پێشمەرگە، ئیبراهیم سەلەفی گوتی "من وەکو خۆبەخشێک ناوی خۆم نووسیوە کە شەڕ لە دژی داعش بکەم، دوعاش بۆ پێشمەرگە دەکەم، بەڵام نابێت لەکاتی قنوتی نوێژی بەیانی دوعا بکرێت، بۆیە دوعام نەکرد".

ئیبراهیم گوتیشی "ئێمە کێشەمان لەگەڵ کۆمەڵگا هەیە کە بۆچی پرسە دادەنێن و من لە وەسیەتنامەی خۆم نووسیومە کە پرسەم بۆ دانەنێن".

هەرچەندە ئیبراهیم دەڵێت ئەوقافی ناوچەکە سکاڵاکەیان کێشاوەتەوە و دادگا دۆسیەکەی داخستووە، بەڵام سەرچاوەیەک لە دادگای بەرایی بەردەڕەش رەتیکردەوە دۆسیەکەی داخرابێت و گوتی راستە ئەوقاف لێی خۆشبووە، بەڵام لەم رۆژانە دانیشتنی دادگا لەبارەی دۆسیەکەی بەڕێوەدەچێت.

ئەگەر ئیبراهیم سەلەفی ئەو تۆمەتانەی بەسەردا ساخ ببنەوە، ئەوا بەپێی یاسا زیندانی دەکرێت و ماوەی حکومەکەشی لە نێوان 3 مانگ تاوەکو 5 ساڵ دەبێت.

# ئەوقاف لە داخوازی زەردەشتی و بەهاییەکان دەکۆڵێتەوە

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

زەردەشتی و بەهاییەکان، داوای نوێنەرایەتی لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆ ئەمەش لە وەزارەتی ئەوقافەوە دەستیانپێکردووە و نایانەوێ چیدی لە پەراوێزدا بمێننەوە. تەنانەت شیعەکانیش داوا دەکەن نوێنەریان لەو وەزارەتەدا هەبێت.

رۆژی 5 تاوەکو 7ی ئەم مانگە، هەفتەی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەولێر بەسترا. ئامانجی ئەو چالاکییە نزیککردنەوەی پێکهاتە ئاینییەکانی عێراق و کوردستان بوو. لەو کۆنفرانسەدا پێکهاتەکانی زەردەشتی و بەهایی داوای نوێنەرایەتییان کرد لەنێو وەزارەتی ئەوقاف.

### بەهاییەکان: دوورین لە سیاسەت

سەرمەد موقبیل کەیخوسرەو، نوێنەری بەهاییەکان لە هەفتەی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی، باسی بنەما سەرەکییەکانی ئاینی بەهایی کرد و روونیکردەوە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەر و نێردراوەکانی هەیە "هەموویان بۆ هیدایەتی ئادەمیزاد هاتوون و باوەڕیان بەئاشتی و گەڕان بەدوای راستییەکان هەیە و دوورن لەدەمارگیری و توندوتیژی".

کەیخوسرەو گوتی بەهاییەکان، ئەندامانی پەرلەمان بەنوێنەری خۆیان دەزانن و خۆشیان بەیەکسان لەگەڵ پێکهاتە ئاینییەکانی دیکە دەبینن "لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە شتێکی ئاساییە ئایینە جۆراوجۆرەکان لە وەزارەتی ئەوقاف داوای نوێنەر بکەن، چونکە بەهاییەکانیش بە سەدان کەسن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و لەو رێگەیەشەوە دەتوانین هاوکاریی زیاتری یەکدی بکەین".

بەهایی ئاینی کەمینەیەکە لە ئێران و عێراق کە پێشەواکەیان، حەزرەتی بەهائوڵا 160 ساڵ لەمەوبەر لەئێرانەوە بەرەو بەغدا هاتووە و ماوەی 10 ساڵ دوورخراوەتەوە، لەو 10 ساڵەدا 2 ساڵ لەکوردستان بووە.

کەیخوسرەو دەڵێت بەپێی بنەما ئاینیەکانیان "هەوڵنادەین بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، لەهەر شوێنێک بین سیستەمی ئەو شوێنە قبوڵ دەکەین و بەشداریش لە هەڵبژاردن دەکەین".

### زەردەشتییەک: ئەوقاف لادەن

پێشتر بەهۆی دانانی نوێنەرایەتی بۆ مەسیحی و ئێزدییەکان، ناوی وەزارەتی ئەوقاف گۆڕدرا بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ئێستاش نوێنەرێکی زەردەشتییەکان جگە لە داوای نوێنەر لە وەزارەتەکە، داوا دەکات وشەی "ئەوقاف" لابدرێ.

جەلیل عەباسی، پەیڕەوکارێکی ئاینی زەردەشتییە و خۆشحاڵە بەوەی ئێستا خەڵکێکی زۆر بە ئاشکرا دەڵێن پەیڕەوکاری ئاینی زەردەشتین "شەپۆلێکی جێی هیوا بەرێکەوتووە و خەڵکانێکی زۆر دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ بنچینە رەسەنەکەی خۆیان". هەروەها دەڵێت "زەردەشتییەکان لەهەموو شارەکانی کوردستاندا هەن، بەڵام لە سلێمانی زۆرترن".

هەرچەندە بێئاگایی خۆی نیشاندا لە هەفتەی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی هەولێر، بەڵام خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەو کۆنفرانسەدا نوێنەری زەردەشتییەکان داوایکردووە لەمەودوا نوێنەریان لە وەزارەتی ئەوقاف هەبێت "پێشتر ئێمە ئەو مەسەلەیەمان وروژاندووە و تەنانەت باسی دروستکردنی موزایکێکی ئاینیشمان کردووە لە کوردستان کە نەک نوێنەر بەڵکو دەبێت لە وەزارەتی ئەوقاف هەر ئاینزایەک بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێت".

هەرچەندە پێشتر زەردەشتییەکان چەند ناوەندێکیان لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی هەبووە، بەڵام ئەوانەی سلێمانی و هەولێر چالاک نەبوون و تەنیا ئەوەی کەرکوک کارا بووە، عەباسی دەڵێ "کەرکووکیش خەریکە دەوەستێ".

عەباسی داوایکرد وشەی (ئەوقاف) لە ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لا ببرێت و بکرێتە وەزارەتی (کاروباری ئاینی) "بۆ ئەوەی ببێتە وەزارەتی هەموو ئاینەکان، چونکە وشەی (ئەوقاف) واتای پەیوەستبوونی ئەو وەزارەتەیە بە ئاینی ئیسلامەوە".

بەڵام مەریوان نەقشبەندی، بەرپرسی پێشووی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت گۆڕینی ناو لەدەسەڵاتی ئەواندا نییە و تەنیا پەرلەمان دەتوانێت بیگۆڕێت.

### کاکەیی: نوێنەرمان ناوێت

کاکەییەکان پێکهاتەیەکی دیکەی ئاینین لە کوردستان. هەرچەندە ئامارێکی تەواو لەبارەی ژمارەیان نییە، بەڵام زۆرتر لە هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و کەرکووک نیشتەجێن، ئەوان لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەهلی هەق و یارسان نێودەبرێن.

بەپێچەوانەی زەردەشتی و بەهاییەکانەوە، کاکەییەکان داوای نوێنەرایەتی لە وەزارەتی ئەوقاف ناکەن، بەڵام دەڵێن لەمەودوا بیر لەوە دەکەنەوە لە ناوەندە سیاسییەکاندا نوێنەریان هەبێ.

مەنزەر عەلی باسام، کەسایەتی کاکەیی و کاندید بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند کە پێویستیان بە نوێنەر نییە لەوەزارەتی ئەوقاف "چونکە تائێستا لەڕووی ئاینییەوە مافەکانمان پێشێل نەکراوە".

گوتیشی کە لەمەودوا دەیانەوێت لەناوەندەکانی وەک پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بەشێوەیەکی باشتر نوێنەریان هەبێت، چونکە تارادەیەک مافیان پێشێل دەکرێ "زۆرجار پێشێلکردنەکە پەیوەندی بە حیزبەکانەوە هەیە، چونکە هەتا کاندیدێکی ئیسلام هەبێت، دەنگ نادرێتە کاکەییەک".

### شیعەش نوێنەریان دەوێ

مەریوان نەقشبەندی دەڵێ وەزیری ئەوقاف بە زەردەشتی و بەهاییەکانی راگەیاندووە کە تاوتوێی داواکارییەکانیان دەکەن و وەڵامیان دەدەنەوە.

گوتیشی لەکابینەی پێشووی حکومەتدا شیعەکان وەکو پێکهاتەیەکی ئاینی داوای نوێنەر و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیشیان لە وەزارەت کرد "بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە".



هەفتەی پێکەوەژیانی ئاینی لە کوردستان (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ژنێکی رزگاربوو لەدەستی داعش:

# دەیانگوت منداڵەکانتان کراونەتە خزمەتکاری خەلیفە

شادیە رەسوڵ
رووداو- سلێمانی

لەبەردەم خێمەی کوڕەکەیدا بەبێدەنگی دانیشتووە، وا دەردەکەوێ هێشتا زۆر ماندووی ئەو 3 رۆژەیە کە بەپێ لە مووسڵەوە بەڕێکەوتبوو تاوەکو گەیشتبووە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەردەوام سوپاسی خودای دەکرد کە مۆڵەتی دا جارێکی دیکە کوڕەکەی ببینێتەوە.

گەوران حیتۆ، بە دەنگێکی هێواش لەژێر خێوەتەکەدا چیرۆکی 6 مانگ دەستبەسەریی خۆی دەگێڕێتەوە لەلای چەکدارانی داعش "زۆر دڵخۆشم بەوەی کە رزگارم بووە و جارێکی دیکە منداڵەکانم بینییەوە، بەڵام هێشتا لە خەونەکانمدا هەر لە ژێر دەستی داعشدام".


گەوران و 30 کەسی دیکە کاتێک کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش، لە گوندەکەی خۆی نەبوو، بۆ سەردانی خوشکەکەی رۆیشتبووە گوندێکی دیکە و لە نیوەی شەودا تەقە دەستی پێکردووە "کەس نەیدەزانی چی روویداوە، چاوەڕێمان کرد بزانین چییە، هێندەمان زانی دەوری گوندەکەیان دابوو، ئیدی کەس نەیتوانی هەڵبێت".

گەوران دەستی بەگریان کرد "خەمی منداڵەکانم و کوڕەزا و کچەزاکانم بوو، هاوارم دەکرد خودێ من بمرم و ئەوان هیچیان لێنەیەت".

ئەوان هەمان شەو دەکەونە دەستی چەکدارانی داعش "دەمەو بەیانی هەموو خەڵکی گوندەکەیان کۆکردەوە، کچەکان و ژنە گەنجەکانیان جیاکردەوە، منداڵەکانیان لێسەندین، هەر لەوێدا زیاتر لە 20 منداڵی گوندەکەیان کردە شاحینەیەکی سوورەوە و بردیانن".

ئەو ژنە دەڵێ یەکێک لە چەکدارەکانی داعش موختاری گوندێکی ناوچەکە بووە کە ئەو دەیناسی "خەڵکی گوندێکی لای خۆمان بوو، پێشتر چاکەی زۆرمان لەگەڵ کردبوو، زۆر هەوڵمان لەگەڵ دا کە ئازادمان بکات، بەڵام زۆر خراپ بوو لە گەڵمان، بە قۆناخی تفەنگەکەی پێیدا کێشام". گوتیشی "ئیدی پیاوە گەنجەکانیان برد، تەنیا پیرەکان ماینەوە، بەردەوام پێیاندەگوتین ببنە ئیسلام و شەهادەت بهێنن، چونکە ئێوە کافرن، بەڵام ئێمە کەسمان وەڵامیان نەدانەوە".

دوای دوو رۆژ، چەکدارەکان گەوران و ئەوانی دیکەیان بردووە بۆ مووسڵ "لەوێ لە هۆڵێکی گەورەدا کۆیانکردینەوە کە زیاتر لە 200 کەسی تێدابوو، ژن و پیاوی پیری مەسیحی و شیعەشی تێدا بوو، پێش ئەوەی بمانکەنە هۆڵەکەوە هەموومانیان پشکنی و چیت پێبووایە لێیان دەستاندی". هەر لە درێژەی ئەو گێڕانەوەیەدا دەڵێت "ژنێک ململانێیی زۆری لەگەڵ کردن بۆ ئەوەی گوارەکانی خۆی نەدات پێیان، چەکدارێکی ریشدرێژ لە دەرەوە گوێی لە دەنگە دەنگەکە بوو، هاتە ژوورەوە و بەبێ ئەوەی پرسیار بکات چییە؟ پەلاماری هەردوو گوێی ژنەکەی داو هەردوو گوێی ژنەکەی هەڵدڕی و گوارەکانی دەرهێنا".



بەڵام گەوران تەنیا ئەنگوستیلەیەکی لەپەنجەدا بووە "کاتی خۆی مێردەکەم بە قەرز بۆی کڕیبووم، نەمدانێ و بە قژمەوە بەستم و شاردمەوە".

سەبارەت بە رەوشی ژیانیان لە زیندانی داعشدا گەوران گوتی "رۆژانە یەک سەمونیان پێدەداین و هەفتەی یەک رۆژیش قوتوویەک ماسییان دەدایێ، ئەویش بۆگەن بوو". هەروەها باسی دوو ژنی بە تەمەنی کرد کە بەرگەی ئەو ژیانە سەختەیان نەگرتووە و لەوێ مردوون.

"ماوەی یەک مانگ خۆمان نەشووشت، پێیاندەگوتین خۆشووشتنتان بۆ چییە، ئێوە هەر پیسن و کافرن، یەکی تەنەکەیەک ئاویان دەدایێ خۆمانی پێ بشۆین" گەوران وا دەڵێت.

دوای مانگێک پاسەوانی زیندانەکەیان بۆ گۆڕیون و ئیدی ژن بوونەتە پاسەوان "ئەوان لە پیاوەکان زۆر خراپتر بوون لەگەڵمان". گەوران پرسیاری منداڵەکانی لەو ژنانە کردووە "دەیانگوت ئەوانمان کردووە بە ئیسلام و لە خزمەتی خەلیفەدا دەبن، بۆ ئەوەی زیاتر تووڕەمان بکەن دەیانگوت ئەوانە ئێستا منداڵی خۆمانن و دەیاننێرین بۆ جیهاد".

گەوران رۆژێک لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە سەیری دەرەوەی کردووە، ئۆتۆمبیلێکی بینیوە پڕبووە لە کچی ئێزدی کە بەدەنگی بەرز گریاون و هاواریان کردووە "یەکێک لە کچەکانم ناسییەوە کە خەڵکی گوندەکەی خۆمان بوو".

# ئابووریی تورکیا بەرەو ناسەقامگیری دەڕوات



ئاسۆ محەممەد
ڕووداو – هەولێر

گوتەیەک هەیە لە نێو پیاوانی دەوڵەت کە دەڵێت ئابووری بۆ کوێ بڕوات ئاڵای وڵاتانیش بەدوایدا دەڕۆن، واتا ئابووری شێوە بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکان دەبەخشێ، لە کوێ بەرژەوەندیی ئابووری هەبێت سیاسەتیش لەوێیە.

چیرۆکی سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە سیاسەتدا پەیوەندی بەسەرکەوتن و پێشکەوتنی ئابوورییەوە هەیە لەسایەی بەرنامەی حیزبەکەیدا، وێڕای ئەوەی دەگوترێت ئەو ریفۆرمە سیاسییە تورگوت ئۆزال کردی و لە سەردەمی ئەردۆغان هاتەبەر، ئەمەش بۆچوونێکی لۆژیکییە، چونکە ریفۆرمی ئابووری بەلانیکەم پێویستی بە 10 ساڵ هەیە تاوەکو بەروبوومی ریفۆرمەکە ببینرێت. واتا پێشکەوتنی ئابووری شتێک نییە ئێوارە بڕیارێک دەربکەیت و سبەی هەستی لەخەو ئابووریی وڵات هەنگاوێکی مێژوویی هاویشتبێ.

ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی کە تورکیا لە دەیەی ڕابردوودا بەدەستیهێنا دەستکەوتێکی مێژوویی بوو، بە چەشنێک

گەشەی ئابووری لە ساڵانی 2010 بۆ 2011 گەیشتە 8%. ئەمەش کلیلی سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتەکەی بوو.

ئەم سەردەمەی تورکیا کە بە "پێشکەوتن لەسەر مۆدێلی چینی ناودەبرێت"، پێدەچێت تورکیا ماڵئاوایی لەو قۆناغ و مۆدێلە بکات، ئەمەش وەبەرهێنە نێوخۆیی و بیانییەکانی لە تورکیا تۆقاندووە، بەڵام پێش ئەوەی وەبەرهێنەکان نیگەران بن، سیاسییەکان نیگەرانن، هەڵبەت لە پێش هەموویانەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا.

تەنیا چوار مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، وێڕای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو تورکیا میوانداری کۆبوونەوەکانی وڵاتی G20ی کرد کە نۆزدە بە هێزترین وڵاتانی ئابووریی جیهان و یەکێتی ئەورووپا دەگرێتەوە، بەڵام ئابووریی تورکیا بەرەو ناسەقامگیری دەڕوات. ئەمەش ئەوەیە کە ئەردۆغان و پارتی دادوگەشەپێدان لێی دەترسن. بۆ پاراستنی بەهای لیرە کە لە بەردەم هەڕەشەی دابەزیندایە، بانکی ناوەندیی تورکیا ڕێژەی قازانجی بۆ 12% بەرزکردەوە.

دەکرێت هۆکارەکان پۆلێن بکەین بۆ دوو ئاست، یەکەم لە ئاستی نێودەوڵەتی لەلای باکوورەوە قەیرانی ناوچەی یۆرۆ کاریگەری لەسەر ئابووریی تورکیا دەبێت، هەروەها لە باشووریشەوە شەڕی سووریا و پەلهاویشتنی داعش بۆ عێراق کاریگەری لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە داناوە. ئاستی دووەم کە زۆر گرنگترە بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیران و هەروەها بۆ داهاتووی ئەردۆغان و پارتەکەشی، ئاستی نێوخۆییە. ململانێ سیاسییە نێوخۆییەکانی تورکیا چالاکییەکانی بازاڕ و گەشەی ئابووریی وڵاتی سنووردار کردووە، بەتایبەتی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی وڵاتەوە هەیە.

لە تورکیا ململانێیەکی سەخت لە نێوان حکومەت و بانکی ناوەندی دروستبووە، ئەردۆغان لەگەڵ ئەردەم باشچی سەرۆکی بانکی ناوەندیی تورکیا کەوتووەتە ململانێ، ئەردۆغان پێیوایە ڕێژەی سوود لە بانکی ناوەندی پێویستە دابەزێنرێت تاوەکو گەشەی ئابووری بەهێزببێت، بەبۆچوونی ئەردۆغان ڕێژەی سوودی بانکی دەتوانێت تورکیا لە هەڵاوسان ڕزگار بکات هەروەکو چۆن دەتوانێت بەهای لیرە بپارێزێ. لە بەرامبەردا ئەردەم وەڵامی ئەردۆغانی دایەوە کە "باشترین ڕێگا بۆ گەشەی ئابووری سەقامگیریی نرخە لە بازاڕدا".

بوڵەند گوڵتەکین، سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندیی تورکیا کە بەهۆی فشارە سیاسییەکانەوە دەستی لە کارکێشایەوە، ڕایگەیاند "ئەگەر ئەردۆغان دەیەوێت ڕێژەی سوود کەمبکاتەوە، دەتوانێت تەنیا بە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هەڵاوسان ئەم کارە بکات". بوڵەند پێشتر بەهۆی فشارەکانی سەرۆک وەزیرانەوە دەستی لە کارکێشایەوە. ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە "سیاسەتی دارایی تورکیا خەریکە وەکو سیاسەتی دەرەوەی لەلایەن یەک کەسەوە دادەڕێژرێت".

ولیەم جاکسۆن لە دامەزراوەی کەپیتاڵ ئیکۆنۆمیست ڕایگەیاند ئابووریی بەتورکیا بە قۆناغێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت. جاکسۆن دەڵێت "سەختە ئێستا بزانین هۆکارەکەی

## پسپۆڕێک لە دامەزراوەی کەپیتاڵ ئیکۆنۆمیست:
## موعجیزەی ئابووریی تورکیا لە هەزارەی سێیەمدا کۆتایی هات

پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە یاخود پەیوەندی بە قەیرانێکی گەورەترەوە هەیە".

لەم گەمەیەدا عەلی باباجان، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەتوانێت بابەتیانە مامەڵە بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەردۆغان ڕێگا دەدات عەلی باباجان بازاڕ بەپێی پێوەرە زانستییەکان سەقامگیر بکات.

هەندێک لە تورکەکان گومان لە ئەردۆغان دەکەن، تەنانەت نیگەرانن لەوەی کە نازانن سیاسەتی ئابووری تورکیا بەرەو کوێ دەبات.

ئاردال ساغلام لە بەشی ئابووری ڕۆژنامەی حوریەت دەنووسێت، هەڵوێستەکانی ئەردۆغان "ئایندەی ئابووری سیاسی تورکیا دەگەیێنێت". بە بۆچوونی ئاردال ئەم هەڵوێستانەی ئەردۆغان دڵەڕاوکێ لەلای وەبەرهێنەرە بیانییەکان دروستدەکات.

کەواتە ئەوەی ئەردۆغان لێی دەترسێ نەیارە سیاسییەکانی نییە، بەڵکو هەڵاوسانی ئابووری و دابەزینی بەهای لیرەی تورکییە. جاکسۆن پێیوایە "موعجیزەی ئابووریی تورکیا لە هەزارەی سێیەمدا کۆتایی هاتووە، سەرم سوڕدەمێنێت ئەگەر لە ئایندەدا گەشەی ئابووری تورکیا 3% تێپەڕێنێ".

بەڵام خاڵێک هەیە کە تورکیا لێی سوودمەند بووە، ئەویش دابەزینی نرخی نەوتە بۆ کەمتر لە شەست دۆلار، چونکە تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کڕینی نەوت دەبەستێ و ئەمەش هەناسەیەکی باش بوو بۆ ئابووریی تورکیا.

ئاژانسی فیچیی هەڵسەنگاندنی ئابووری پێیوایە کە ئابووری تورکیا لە بەردەم هاوسەنگییە ئابوورییەکانی ساڵی 2015 خۆی ناگرێت، ئەمەش بەهۆی سیاسەتی دارایی و جیۆسیاسی ئەمریکاوەیە.

بەکورتی گەشەی ئابووریی تورکیا، بەرهەمی ریفۆرمێک نییە ئەردۆغان دروستی کردبێت، بەڵام ئەردۆغان توانی تا ئاستێکی باش بیپارێزێت. جگە لەوەش سەرۆکی تورکیا لە سێ ساڵی ڕابردوودا توانی زۆربەی نەیارە سیاسییەکان وەلابنێت، بۆیە ئەردۆغان تەنیا شتێک کە لێی دەترسێ ئابووریی تورکیایە.

# لە کابولەوە بۆ ستۆکهۆڵم

## چیرۆکی تراژیدی خێزانێکی ئەفغانی

کاوە ئەمین
ڕووداو- ستۆکهۆڵم

باسکردنی بەسەرهات و چیرۆکی تراژیدیی ئەفغانییەکان لەم 30 ساڵەی ڕابردوودا، ساڵانێک بەدەست کۆمۆنیستەکان و ساڵانێکیش بەدەست موجاهیدەکانەوە، مەگەر ڕۆمانی "هەزار خۆری درەوشاوە" و "کۆلارە بفڕە"ی خالید حوسێنی دەرەقەتیان بێت. چونکە ئەو لەو ڕۆمانەدا بە وردی باسی 30 ساڵ مێژووی خەمناکی ئەفغانستان دەگێڕێتەوە، مێژوویەک کە وەکو شووشەیەکی شکاو وایە و کۆکردنەوەی پارچە شکاوەکان، هەروا سانا نییە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت.

ماوەی چەند ڕۆژێکە بەسەرهاتی خێزانێکی ئەفغانی بووە بە مانشێتی ڕۆژنامەکانی سوێد، بەسەرهاتێکی تراژیدی کە زۆر لە مێژووی لەبەریەک هەڵوەشانی وڵاتەکەیانەوە دوور نییە.

ئەحمەد و خێزانەکەی، نۆ مانگ پێش ئێستا بە قاچاخ لە ڕێگای ئێرانەوە خۆیان دەگەیێننە تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەسینای پایتەختی یۆنان. مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ئارامیدا بژین، پەنا بۆ هەموو ڕێگایەک دەبەن، ئەگەر سوور بزانن ئەو ڕێگایە لە مردنێکەوە بۆ مردنێکی دیکەیان دەبات.

هەرچۆنێک بێت، ئەحمەد بەو پارەیەی کە پاشەکەوتیان کردووە، بە قاچاخ ژن و هەردوو منداڵەکەی دەگەیەنێتە سوێد و خۆیشی بە هیوای ئەوەی کە پێیان شادبێتەوە، لە ئەسینا دەمێنێتەوە و چاوەڕێی دەرفەتێک دەکات بۆئەوەی بگاتە سوێد.

چیرۆکی تراژیدیی ئەحمەد و ژنەکەی، شەش ساڵ پێش ئێستا لە پارکێکی کابولەوە



ئەحمەد لەسەر گۆڕی ژنەکەی و دوو منداڵەکەی

دەستپێدەکات. هەرلەیەکەم بینینەوە عاشقی یەک دەبن، بەڵام ماڵی باوکی کچە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن کچەکەی بدەنێ. ئیدی ئەحمەد بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاری ژنەکەی، ژنە هەڵدەگرێت، لەو ساتەوە چیرۆکی خۆشاردنەوە و ماڵ بە کۆڵیی ئەحمەد دەستپێدەکات. تۆڵەکردنەوەی هەڵگرتنی کچێک لەناو عەشایەر و خێزانە موحافزەکارەکانی ئەفغانستاندا شتێک نییە هەروا بە ئاسانی لەبیربچێتەوە، بۆیە کەسوکاری ژنەکەی ئەحمەد، شار بە شار بەدوایدا دەگەڕێن. ساڵێک پێش ئێستا لە یەکێک لە کوچە تەنگەکانی شارێکدا دەیدۆزنەوە! ئەحمەد منداڵە پێنج ساڵییەکەی بە باوەشەوە دەبێت، چەند نووکە چەقۆیەک بە سینەیدا دەکرێت. کاتێک بەهۆش خۆی دێتەوە، منداڵەکەی بە مردوویی دەبینێتەوە، وەکو خۆی دەڵێت یان ئەوان کوشتوویانە، یانیش کاتێک لە دەستی کەوتووەتە خوارەوە، سەری بەر شۆستەکە کەوتووە و مردووە.

ئیدی ژیان بۆ ئەحمەد و خێزانەکەی چ مانایەکی نابێت لە کابول و ئەفغانستان بەگشتی. بۆ پارێزگاری لە ژیانی منداڵەکانی دیکەی ڕێگای ئاوارەیی و دەربەدەری هەڵدەبژێرێ، ئەگەرچی ئەو بۆیاخچییەکی باش بووە و توانیویەتی خۆی و منداڵەکانی بە باشی بژیێنێت.

لەبەرئەوەی پارەکەیان بەش ناکات، سەرەتا ئەحمەد ژن و دوو منداڵەکەی لە پێش خۆیدا دەنێرێت بۆ سوێد کە وەکو خۆی دەڵێت بۆیە ئەوێیان هەڵبژارد، چونکە وڵاتێکی ئارام و بچووکە. سەرەتای سەری ساڵی 2015 ئەوان دەگەنە سوێد. ئیدی ئەحمەد هەست بە حەسانەوە دەکات، بۆ یەکەمجار هەست دەکات کە ئیدی منداڵەکانی دەستی تۆڵەیان پێ ناگات.

ئەوانەی لە کەمپی پەنابەران بە ژنەکەی ئەحمەد، هاسینە قوڕەیشی تەمەن 31 ساڵە ئاشنابوون، باس لەوە دەکەن کە ژنێکی سەنگین و ڕووخۆش بووە و بەچاکی ئاگاداری منداڵەکانی بووە.

ئەوەی کە ئەحمەد بە خەویش بیری لێ نەدەکردەوە بەوشێوەیە لە سوێد بە منداڵەکانی شادبێتەوە، ڕوویدا. ژن و دوو منداڵەکەی ئەحمەد تەنیا 15 ڕۆژ لە سوێد مانەوە. ڕۆژێک کچە دوو ساڵانەکەیان نەخۆش دەکەوێت، دایکی لە کەمپەکە دەیباتە دەرەوە بۆئەوەی بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، ڕۆژێکی بەفراوی زۆر سارد، کەس بەدەرەوە نابێت، جگە لەوەش زمان نازانێت. دەیەوێت لە هێڵی شەمەندەفەر بپەڕێتەوە، بەڵام بۆ بەدبەختی ئەحمەد و خێزانەکەی، شەمەندەفەرێکی تیژڕەو لەو چرکەساتەدا پەیدا دەبێت و دەیانکات بەژێرەوە و دەستبەجێ ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی دەمرن. کەس نییە شایەتی لەسەر ڕووداوەکە بدات، هەرچەندە شۆفێری شەمەندەفەرەکە دەڵێت زۆر هەوڵی داوە ستۆپ بگرێت و هۆڕنی لێداوە، بەڵام پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە کردووە لەو ڕووداوە تراژیدییە.

ئەحمەد بۆ ئەوەی گومانی ئەوە نەهێڵێتەوە کە ئەو ژنە خۆی کوشتبێت، دەڵێت "ژنەکەم هەمیشە پێیدەگوتم کە لە منداڵەکان زیاتر تۆم خۆشدەوێت، ناتوانم بە خەویش بیر لەوە بکەمەوە کە ژنەکەم ویستبێتی خۆی و منداڵەکانم بکوژێت".

ئەوانەی کە بەشدارییان لە بەخاکسپاردنی قوربانییەکانی ئەو کارەساتەدا کرد، هەموویان پێیانوایە کە خۆکوشتن لە مێشکی ئەو ژنەدا نەبووە، چونکە ئەو دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و چەرمەسەریی ژیان، بۆچی لە ئەفغانستان یان تورکیا خۆی نەکوشتووە؟

ئەگەرچی ئەحمەد هیچ خزمێکی لە سوێد نییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئەفغانی کە لە سوێد دەژین بەشدارییان لە بەخاکسپاردنی خێزانەکەی ئەحمەددا کرد.

لە کاتی بەخاکسپاردنەکەدا، ئەحمەد گوتی "بەڕاستی قەڵەمی ئەژنۆم شکاوە، بەڵام ئەوەی کە هیچ نەبێت بۆ دواجار ماڵئاواییم لێکردن، سوکنایی بە دڵم دەدات".

ئێستا چارەنووسی ئەحمەد نادیارە، نازانێت ئایا مۆڵەتی مانەوەی لە سوێد دەدرێتی یان نا، بەڵام ئێستا تەنیا ئاواتی ئەو ئەوەیە کە بە ڕوونی بزانێت ئەوەی بەسەر خێزانەکەی هاتووە، چییە؟

لەدەستدانی خێزانێک لە ماوەی ساڵێکدا برینێکە کە ڕەنگە تێپەڕینی کاتیش لەبیری نەباتەوە وەکو سوێدییەکان دەڵێن "کات هەموو برینەکان سارێژ دەکات". بەڵام ئەحمەد هیوادارە هیچ نەبێت ڕێگای بدەن لە سوێد بمێنێتەوە و جارجارێک سەردانی گۆڕەکەیان بکات و تێر بگری.

لێرەدا ناونیشانی ڕۆمانەکەی سیبا شاکیبم بیردێتەوە کە لەسەر ئەفغانستان نووسیویەتی بەناوی "خوا تەنیا بۆ گریان دێت بۆ ئەفغانستان". ڕۆمانێک کە باسی "شیرین گوڵ" دەکات، کەسایەتییەک هەرچی ناخۆشییەکانی ژیان هەیە تێیدا بەرجەستە دەبێت، ژیانێک کە زۆربەی ئەفغانییەکان بە دەست کۆمۆنیست و موجاهیدەکانەوە چەشتوویانە و بەشێوەی تراژیدی لە فۆرمی جیاوازدا دووبارە دەبنەوە.

## نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی:

# 50%ی تووشبووانی شێرپەنجەمان چاک کردووەتەوە

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
ڕووداو- سلێمانی

تووشبوون بە شێرپەنجە تا ئێستاش بە "هەواڵە ناخۆشەکە" ناودەبرێت و بۆ زۆربەی خەڵکی مانای بەرەومردن چوونە، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە و شێرپەنجەش وەک نەخۆشییەکانی دیکە چارەسەری هەیە، تەنانەت باسی لیستێکی سەدان کەسی دەکەن کە دوای وەرگرتنی چارەسەر چاکبوونەتەوە.

نەجات محەممەد، 58 ساڵ، تاوەکو دوێنێ یەکێک بوو لە تووشبووان بە شێرپەنجە، بەڵام نەخۆشییەکە ورەی نەڕووخاند. ئێستا تەنیا 6 مانگ جارێک سەر لە پزیشکەکەی دەدات تا دڵنیابێتەوە کە نەخۆشییەکە سەری هەڵنەداوەتەوە "کە یەکەمجار پێیانگوتم شێرپەنجەی مەمکت هەیە، ورەی خۆم بەرز ڕاگرت و بە خۆمم گوت هەموو نەخۆشییەک چارەی هەیە. تەنانەت کاتێک ئەندامانی خێزانەکەم بۆم دەگریان، من دڵم دەدانەوە".

نەجات ئەو ماوەیەی سەردانی پزیشکی کردووە لە نەخۆشخانەی هیوا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بینیوە کە شێرپەنجەیان هەبووە، بۆیە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی بڵێت "ڕەنگە زۆربەی خێزانەکانی کوردستان تووشبوویەکی شێرپەنجەیان هەبێت".

پێدەچێت قسەکەی نەجات تا ڕادەیەک ڕاست بێت، چونکە بەپێی توێژینەوەیەکی بەریتانی "54%ی پیاوان و 48%ی ژنان لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی شێرپەنجە دەبن".

### تووشبووانی شێرپەنجە زۆرتر دەژین

بەپێی ئامارێکی دامەزراوەی London School of Hygiene and Tropical Medicine ی بەریتانی، ئەوانەی لە 1971دا بەهۆی شێرپەنجەیەکی تایبەتەوە یەک ساڵ دەژیان، ئێستا دوای تووشبوون بە هەمان شێرپەنجە نزیکەی 6 ساڵ دەژین واتە 6 هێندەی ئەوکات، لە هەندێک جۆری شێرپەنجەدا نێوەندی ژیانی تووشبووان 17 هێندە زیادی کردووە.

ئەو پێشکەوتنە لە چارەسەری شێرپەنجەدا لە کوردستانیش ڕەنگیداوەتەوە. د.ئاری عەبدولڕەحمان پزیشکی پسپۆڕی چارەسەری شێرپەنجە دەڵێت "هێڵە گشتییەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە نەشتەرگەری و تیشک و کیمیایی، هەموویان لە کوردستان پێ بەپێی وڵاتانی پێشکەوتوو دەڕۆن".

هەرچی د.نەجمەدین ساڵح حوسێن، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجەیە دەڵێت "ئێستا بەشێکی بەرچاوی نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن و دەتوانین چارەسەری زۆربەیان بکەین".

### 50 %ی کۆنترۆڵ دەکەن

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی هیوا، نیوەی ئەوانەی لە نەخۆشخانەکە چارەسەر وەردەگرن چاک دەبنەوە. سیامەند خەلیل، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی نەخۆشخانەی هیوا بە (ڕووداو)ی گوت "50%ی تووشبووانی نەخۆشیی شێرپەنجە کە لێرە چارەسەر وەردەگرن، نەخۆشییەکەیان کۆنترۆڵ دەکرێت و ژیانێکی ئاسایی بەسەردەبەن، تەنانەت سەدان کەسیان بە یەکجاریش چاک دەبنەوە "ئەو ڕێژەیەی ئێمە لە ستانداردی جیهانی نزیکە، کە بریتییە لە 60%ی نەخۆشەکان".

چیرۆکی چاکبوونەوەی نەخۆشانی شێرپەنجە لای پزیشکان نامۆ نییە. دکتۆر دانا عومەر پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە باسی یەکێک لەو حاڵەتانەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کەسێک شێرپەنجەی هەبوو، هاتە لای من، دوای وەرگرتنی چارەسەر چاک بووەوە، زانکۆی تەواوکرد، دواتریش هاوسەرگیری کرد و ئێستا منداڵیشی هەیە".

دکتۆر دانا دەڵێت مەرج نییە ئەوەی نێردرایە نەخۆشخانەی هیوا شێرپەنجەی بێت، هەروەک مەرج نییە ئەوەی شێرپەنجەی هەبوو، نەخۆشییەکەی کوشندە بێت "300 جۆر شێرپەنجە هەن کە تەنیا چەند جۆرێکیان زۆر کوشندەن و بەشێکی بەرچاویان ئەگەر زوو دەستنیشان بکرێن، دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن و تەنانەت بەتەواویش بنبڕ بکرێن".

### قەیرانی دارایی.. نەخۆشییەکەی هیوا

نەخۆشخانەی هیوا ساڵی 2007 دامەزراوە و بەگوێرەی زانیاریی بەشی پەیوەندییەکانی نەخۆشخانەکە تا ئێستا زیاتر لە 20 هەزار نەخۆشی تێدا تۆمارکراوە کە مەرج نییە هەموویان شێرپەنجەیان هەبووبێت، چونکە نەخۆشخانەکە نێوەندی چارەسەری نەخۆشییەکانی خوێنیشە.

ساڵانە 2000 حاڵەتی نوێ لە نەخۆشخانەکە تۆمار دەکرێن و هەر نەخۆشێکی شێرپەنجەش لانیکەم 15 هەزار دۆلاری تێدەچێت، هەندێک جۆری شێرپەنجە زۆر لەوە زیاتری تێدەچێت. بۆیە نەخۆشخانەکە قورساییەکی زۆری لەسەرە و بە وتەی سیامەند خەلیل ساڵانە 70 ملیار دیناری دەوێت، کەچی بەپێی ڕێنماییە نوێیەکانی وەزارەتی دارایی، تەنیا یەک ملیار بەو نەخۆشخانەیە دەدرێت. سیامەند ئەو بڕیارەی دارایی بە "کارەسات" ناودەبات.

دکتۆر دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا کە دەڵێت نەخۆشخانەکەی ئەو لەڕووی ژمارەی نەخۆشەوە دووەم نەخۆشخانەی شێرپەنجەیی عێراق و لەڕووی زانستیشەوە یەکەمە، نیگەرانە لەوەی وەزارەتی دارایی وەک حاڵەتێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ نەخۆشخانەکەی ئەو ناکات "شێرپەنجە حاڵەتێک نییە بە تووشبووەکە بڵێی برۆ هەتا قەیرانی دارایی چارەسەر دەبێت مەیەوە". بۆیە دەڵێت "ئاسان نییە بتوانین ساڵی 2015 لە خزمەتەکان بەردەوام بین، ئەگەر لە ڕێنماییە نوێیەکانی دارایی بەدەرنەکرێین".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### چ کاتێک پشکنین بۆ شێرپەنجە دەکرێت؟

**دکتۆر دانا عومەر، ڕێنمایی هاووڵاتیان دەکات لەم حاڵەتانەدا سەردانی پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجە بکەن:**

- پەیدابوونی گرێ لە بنباڵ، بنڕان، مل یان مەمک.
- "تا" بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێت.
- ئازاری ئێسک، بێ ئەوەی شکابێت یان درزی بردبێت.
- دابەزینی کێش بێ ئەوەی کەسەکە بیەوێت کێشی دابەزێنێت.
- خوێنبەربوون
- نەمانی ئارەزووی خواردن.
- بوونی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ئەندامێکی خێزان، بەتایبەت شێرپەنجەی کۆڵۆن.

# بەردی گورچیلە





د.سۆران محەممەد غەریب

بەردی گورچیلە بریتییە لە نیشتنی پارچەی ڕەق و بچووکی کانزایی و خوێی ترش لە بەشی ناوەوەی گورچیلەکان. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو ماددانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی بەردی گورچیلە، ڕوون دەبن لە میزدا. بەڵام کاتێک میز چڕ دەبێتەوە، ئەوکات کانزاکان دەبنە کریستاڵ و بەیەکەوە دەنووسێن و ڕەق دەبن. ئەنجامەکەشی دروستبوونی بەردی گورچیلەیە. زۆربەی بەردەکانی گورچیلە لە کالیسیۆم پێکهاتوون.

### هۆکارەکانی:

کاتێک پێکهاتەکانی ناو میز (شلە و چەندین جۆری کانزا و کریستاڵ و ترشەکان) لە هاوسەنگی لادەدەن، ڕێگا بۆ دروستبوونی بەرد خۆشدەبێت. هەندێک فاکتەر ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە زیاد دەکەن، لەوانە:

- هۆکاری بۆماوەیی
- هەندێجار هۆکارەکەی نادۆزرێتەوە
- کەم خواردنەوەی شلەمەنی بەتایبەتی ئاو
- زۆر خواردنی سپێناخ، ڕێواس، فستق، گوێز، چا و کاکاو.
- زۆر خواردنی گۆشتی سوور کە بەردی جۆری ئۆکسیدی یۆریا دروست دەکات.
- خواردنی زۆرتر لە 1000 ملیگرام ڤیتامین c لە ڕۆژێکدا.

### نیشانەکانی

تاوەکو بەردی گورچیلە نەجوڵێت و نەیەتە خوارەوە، ئەستەمە هەست بە دروستبوونی بکرێت. کاتێک کە دەجوڵێت لەوانەیە ئەم نیشانانەی خوارەوە دەربکەون.

- ئازار لە تەنیشتەکانی پشت "کەلەکە" و خوار پەراسووەکان.
- گۆڕان لە توندیی ژانەکە، لەوانەیە بۆ 20 خولەک تاوەکو 60 خولەک بخایەنێت.
- ژانەکە لە پشتەوە دەداتەوە بەشی خوارەوەی سک و بنی سک.
- بینینی خوێن لەناو میز یان لێڵبوونی میز.
- ئازار لە کاتی میزکردن.
- هێڵنج و ڕشانەوە.
- تا و لەرز هەندێکجار.

### ئاڵۆزییەکانی

بەردی گورچیلە ڕێگا خۆشدەکات بۆ هەوکردنی گورچیلە و ڕێڕەوەکانی میز. هەندێکجاریش بەجۆرێکی وەها بەردەکە گەورە دەبێت کە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم میزکردندا و کاری گورچیلەکان تێکدەدات.

### خۆپاراستن

چەندین ڕێگای ئاسان هەن کە بە جێبەجێکردنیان دەتوانی ڕێگە لە دروستبوونی بەردی گورچیلە بگری، لەوانە:

- ڕۆژانە 14 پەرداخ شلەمەنی بخۆرەوە، بە تایبەتی ئاو.
- ڕۆژانە پەرداخێک شەربەتی لیمۆی سروشتی بخۆوە، مەترسی دروستبوونی بەردی گورچیلەت لەسەر کەم دەبێتەوە.
- خۆت دووربگرە لە خواردنەوەی شەربەتی پاودەری لیمۆ
- ئەگەر بەردەکەت لە جۆری کالیسیۆم ئۆگزالەیت بێت، ئەم خواردنانە زۆر کەم بکەوە: ڕێواس، چەوەندەر، پاقلە، کەلەم، سپێناغ، پەتاتەی شیرین، کونجی، باوی.
- ئەو خۆراکانەی کە بڕی خوێ و پرۆتینی گیانلەبەریان کەم تێدایە زۆر چانسی دروستبوونی بەردی گورچیلە کەم دەکەنەوە.
- لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو ژنانەی بەرهەمی شیر "دەوڵەمەند بە کالیسیۆم" زۆر دەخۆن، کەمتر تووشی بەردی گورچیلە دەبن.

### چارەسەر

ئەگەر بە گۆڕینی ستایلی ژیان بەردەکە دانەبەزێ، ئەوا پزیشک بیر لە پێدانی دەرمان، یان شکاندنی بەردەکە بە لێدانی شەپۆل و تیشکی تایبەت، یان دەرهێنانی بە هەناوبین دەکاتەوە. هەندێکجاریش پێویست بە نەشتەرگەری کراوە دەکات.





# ئایا مایکرۆوەیڤ مەترسیدارە؟

سەروەر سالار
ڕووداو- WHO

فڕنی مایکرۆوەیڤ کەرەستەیەکی بڵاوە بۆ گەرمکردنەوە و ئامادەکردنی خۆراک. ماوە ماوە هەندێک ماڵپەڕ و پەیج بڵاوی دەکەنەوە کە مایکرۆوەیڤ مەترسی بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە. بەڵام ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوی بابەتە تەندروستییەکانە، لەبارەی ئەو فڕنەوە دەڵێت "ئەگەر بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کارگە دروستکەرەکەیان بەکاربهێنرێن، فڕنە مایکرۆوەیڤییەکان گونجاو و سەلامەتن بۆ گەرمکردنەوە و ئامادەکردنی خۆراک".

بەڵام دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەم ڕووانەوە:

**1- شەپۆلە مایکرۆوەیڤییەکان:** فڕنی مایکرۆوەیڤ وا دیزاین کراوە، شەپۆلە مایکرۆوەیڤییەکان تەنیا کاتێک دروستدەبن کە دەرگاکەی داخراوە، دەرکاگەش وا دیزاین کراوە کە ناهێڵێ شەپۆلەکە دزە بکات و لەنێو فڕنەکەوە دەربچێتە دەرەوە. بەڵام شکان و خواربوونی دەرگاکەی، مەترسی دزەکردنی شەپۆلەکان زیاد دەکات. بۆیە دەبێت دڵنیا بیت کە فڕنەکەت ساغ و سەلامەتە و خواری و شکاوی تێدا نییە. زوو زوو قەراغی دەرگاکەی پاک بکەوە، چونکە گەرد و ماددەی پیسەنووساو ڕەنگە وابکەن دەرگاکەی بە باشی دانەخرێت و ڕێگا بە دزەکردنی شەپۆلەکان بدات. هەروەها کاتێک ئیشی پێدەکەیت دڵنیا ببەوە کە دەرگاکەیت بەباشی و توندی داخستووە.

ئەو شوێنانەی جەستە کە زیاتر هەستیارن بە شەپۆلی دزەکردووی مایکرۆوەیڤ بریتین لە چاو و گون.

**2- زۆر گەرمبوونی کەرەستەکان:**

کاتێک شلەیەک لەسەر تەباخێکی ئاسایی گەرمدەکەیت، لەسەرخۆ گەرم دەبێت و وردە وردە قوڵپ دەدات و بەهۆی ئەوەی دەوروبەرەکەشی داخراو نییە، هەڵمەکەی دەڕوات. بەڵام لە مایکرۆوەیڤدا شلەکە بۆ پلەیەکی ئێجگار بەرز گەرم دەبێت بێ ئەوەی ئەو قوڵپ و هەڵمکردنە لەسەرخۆیە ڕووبدات. ئەوەش لە دوو ڕووەوە مەترسیدارە، یەکەم کەسەکە هەست ناکات بۆ ئەو پلە بەرزە گەرم بووە، یاخود تەنێکی وەک کەوچک ڕاستەوخۆ دوای دەرهێنانی بخاتە شلەکە، کە هەندێکجار قوڵپێکی گەورە و کتوپڕ دروستدەکات و لەوانەیە پرژەی شلە گەرمەکە بەر کەسەکە بکەوێت.

هەروەها هەر جۆرە خۆراکێک بە شێوازێکی جیاواز گەرمیی شەپۆلەکان وەردەگرێت، بەتایبەت ئەو خۆراکانەی فرە ڕەنگن، بۆ نموونە زەردێنە و سپێنەی هێلکە ڕادەی گەرمبوونیان لە یەکدی جیاوازە.

**3- سەلامەتیی خۆراک:**

چڕی و ئاوداریی خۆراکەکان لێکجیاوازن، ئەوەش وادەکات هەریەکەیان بە ڕادەی جیاواز گەرم ببێتەوە. ئەو بەشانەی وەک پێویست گەرم نابنەوە، ڕەنگە میکرۆبەکانیان لەناو نەچن، بۆیە واباشە ماوەی پێویست خۆراکەکان لەنێو فڕندا بهێڵرێنەوە تا هەموو بەشەکان گەرمییان پێبگات.


دەبێت بڵێین گەرمیی مایکرۆوەیڤ لەڕووی لەنێوبردنی ڕەگەزە خۆراکییەکانەوە فڕنی ئاسایی لە فڕنی مایکرۆوەیڤ باشتر نییە.

### هەڵەتێگەیشتن:

ئەوە ڕاست نییە کە دەگوترێت ئەو خۆراکانەی دەخرێنە فڕنی مایکرۆوەیڤەوە دەبنە تیشکدەر و زیان بە جەستە دەگەیەنن. هەروەها ئەوەش ڕاست نییە کە دەگوترێ دوای کردنەوەی دەرگاکە و کوژاندنەوەی فڕنەکەش شەپۆلەکە و وزەکانی دەمێننەوە و بەر جەستە دەکەون و زیانی لێدەدەن.

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

## عادل هەورامی 8 ئاهەنگ ڕەتدەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عادل هەورامی ڕایگەیاند چەند داوەتنامەیەکی لە ئێران و چەند وڵاتێکی ئەورووپاوە بۆ هاتووە بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز، بەڵام دەڵێت تاوەکو یەک دڵۆپە خوێن لە پێشمەرگە بێت، بەشداری هیچ ئاهەنگێک ناکەم. عادل هەورامی بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە مانگی داهاتوو جەژنی نەورۆزە و جەژنی کوردانە، بەڵام من وەک گۆرانیبێژێک ئامادە نیم بەشداری لە هیچ ئاهەنگێک و کۆنسێرتێکدا بکەم". گوتیشی کە تاوەکو ئێستا 8 داوەتنامەی لە ئێران و وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ هاتووە بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی نەورۆز، بەڵام دەڵێت "تاوەکو یەک دڵۆپە خوێن لە جەستەی پێشمەرگەیەک بێت، بەشداری هیچ ئاهەنگێک ناکەم و هیچ کۆنسێرتێکیش ناکەم".

# حەمکۆ ستۆپی نییە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەری بواری کۆمیدیا حەمکۆ بڵاوی کردەوە کە پرۆگرامی حەمکۆ شۆی وەستاندووە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگوترێت پرۆگرامەکە وەستێنراوە، نەک خۆی ڕایگرتبێ.

حەمکۆ بە (ڕووداو)ی گوت "بیرمان لەوە کردەوە کە بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکە، پێداچوونەوەیەک بکەین". ئەو قسانەشی ڕەتکردەوە کە دەڵێن پرۆگرامە وەستێنراوە "ئەوە قسەی ناحەزانی حەمکۆیە کە دەڵێن پرۆگرامی حەمکۆ شۆ وەستێنراوە، لێرەوە پێیاندەڵێم کەس ناتوانێ من بوەستێنێ، خۆم پرۆگرامەکەم وەستاندووە، ئەویش بەهۆی گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکەدا".

حەمکۆ شۆ بەرنامەیەکی کۆمیدیە ماوەی 6 مانگە لە هۆڵەکانی شانۆ پێشکەش دەکرێت.

# پیربال دەچێتەوە نێو قەفەسی زێڕین



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای پەیوەندییەکی خۆشەویستی کە ماوەکەی 3 مانگ بوو، نووسەر فەرهاد پیربال کچێکی تەمەن 23 ساڵی خواست و لە دادگەی عەنکاوە مارەی کرد.

د.فەرهاد پیربال بە (ڕووداو)ی گوت "دوای عەشقێکی سێ مانگی، ئینجا بڕیارم دا کچێکی کورد بخوازم و ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە دادگای عەنکاوە مارەم کرد". فەرهاد پیربال ناوی دەزگیرانەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "من و خاتوو ئاڵای خێزانم دوای 3 مانگ لە عەشق و خۆشەویستی بڕیارمان دا ژیانی داهاتوو دروست بکەین.

پیربالی تەمەن 53 ساڵ پێشتر ژیانی خێزانی لەگەڵ ژنە شاعیری کورد تەرزە جاف پێکهێناوە و خاوەنی کچێک و کوڕێکن، بەڵام دواتر جیابوونەوە.

# عەممار کوفی خەریکی ئەلبوومە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند عەمار کوفی ئاشکرای کرد کە سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانییە و یەکێک لە گۆرانییەکانی محەممەد عارف جزیری لە نێو ئەلبوومەکەدا دەبێت، لەگەڵ گۆرانییەک بە شێوەزاری سۆرانی.

عەمار کوفی کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی چەند بەرهەمێکی گۆرانیم و دواتر بەشێوەی ئەلبووم بڵاویان دەکەمەوە".

عەمار ناو و کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی ئاشکرا نەکرد، چونکە گوتی هێشتا کاری زۆری دەوێت، بەڵام گوتی ئەلبوومەکە گۆرانییەکی محەممەد عارف جزیری تێدا دەبێت کە بەشێوازێکی نوێ دووبارەی کردووەتەوە، لەگەڵ گۆرانییەک بەشێوەزاری سۆرانی. عەمار سوپاسی پێشمەرگە دەکات و دەڵێ ئەم ئەلبوومەم پێشکەش بە ڕۆحی هەموو شەهیدانی کوردستان دەکەم.

# کانی بێکەس و غەمبار کۆدەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ژنە گۆرانیبێژی کورد، کانی، گۆرانییەک لە تێکستی دوو شاعیری کورد دروست دەکات و بەم نزیکانە بڵاوی دەکاتەوە.

کانی لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لەگەڵ کارزانی هاوسەرم خەریکی کارێکی هونەرین".

باسی ناوەڕۆکی بەرهەمەکەشی کرد و گوتی "بۆ ئەم کارە سوودم لە شیعرەکانی هەردوو شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار وەرگرتووە. شیعری هەردووکیان تێکەڵ دەکەم و بەرهەمێکی مێژوویی لێ دروست دەکەم". گوتیشی "بەرهەمەکە بە هەڵەبجە و ئەنفال دەستپێدەکات و بە کۆبانی کۆتایی دێت".

کانی گوتی کە بەرهەمەکە دوو سپۆنسەری هەیە و لە یەکێک لە بەناوبانگترین ستۆدیۆکانی سوێد تۆمار دەکرێت. ئەو ستۆدیۆیە پێشتر کاریان بۆ مادۆنا و ڕەیهانا و چەند ئەستێرەیەکی دیکەی جیهانی کردووە.

# شایک بەرگری لە کۆنە کەپڵەکەی دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئێرینا شایک، ئێستاش بەرگری لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی کۆنە خۆشەویستی دەکات، بەهۆی ئەو هێرشە توندانەی لەلایەن هاندەرانی یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە دەکرێنە سەری.

هاندەرانی ڕیاڵ مەدرید، هێرشی توند دەکەنە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، چونکە دوای دۆڕاندنی یانەکەی بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بەچوار گۆڵ بێ بەرامبەر، لە یانەیەکی شەوانە بەبۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی ئاهەنگی گێڕاوە.

شایک، ئەستێرە و مۆدێلی ڕووسی دەڵێت "بەڕاستی نازانم کە هێرش دەکرێتە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەهۆی ئاهەنگگێڕانی لە ڕۆژی لە دایکبوونی، ئەگەر یانەکەشی یاریی دۆڕاندبێت ڕۆناڵدۆ مافی خۆیەتی یادی ڕۆژی لەدایکبوونی بکاتەوە".

# ڕقی لە پیاوی ژنانییە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دۆمێنیک حۆرانی، ئەستێرە و شاجوانی پێشووی لوبنان ڕایگەیاند ناشرینترین سیفەت لە پیاودا ئەوەیە کە "ژنانی" بێت.

حۆرانی لە پۆستێکدا سەبارەت بە ڕۆژی خۆشەویستی، ناشرینترین سیفەتی پیاو بەلای خۆیەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "زۆر ڕقم لە پیاوی ژنانییە، ناشرینترین سیفەت لە پیاودا ئەوەیە کە ژنانی بێت".

زیاتر دەڵێت "پیاوی درۆزن و ناپاکیش لە دڵی مندا جێیان نابێتەوە، جۆرێک پیاو هەیە کە تەنیا جوانیی ئافرەتی لەلا گرنگە و هیچی تر، پیاو هەیە زۆر ژنانییە، کە لەگەڵی دادەنیشی هەست ناکەیت ئەمە پیاوە، بەڵکو هەموو سیفەتێکی ئافرەتی تێدایە، من زۆر ڕقم لەو جۆرە پیاوانەیە".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هەستەکانت لە نێوان خۆشی و ناخۆشی تێکەڵ بوون، ناتوانی بەشێوەیەکی باش دەریانببڕی. بەڵام هەموو شتەکانی ژیانت بە باشی دەچنە پێشەوە. لە پەیوەندی خۆشەویستیدا بڕیاری خێرا مەدە، دەرەنگ کەوتنی کارەکان لە بەرژەوەندی تۆیە. دەسکەوتت زیاد دەکات.

**گا**
بەهۆی چەند هەواڵێکی کتوپڕەوە، هەستدەکەیت جارێکی دیکە دەرگای بەختەوەری بەڕووتدا دەکرێتەوە، چونکە ئەو شتانەی ڕێگربوون لە بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکانتان نامێنن. گومانت لەسەر خۆشەویستەکەت نامێنێ و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدەنەوە.

**جمک**
لەئێستا بەدواوە بەرەو کرانەوە هەنگاو دەنێن چونکە کارەکەتان بەرفراوان دەبێت، گوێ بە ماندووبوون مەدەن، ئەم جۆرە فرسەتانەی کارکردن هەمیشە دووبارە نابنەوە، لەهەردوو لایەنی دەرامەت و ئەزموونەوە سوودمەند دەبن. لەلایەن چواردەوریشەوە هاوکاری دەکرێن.

**قرژاڵ**
کاتێکی زۆر باشە بۆ بیرکردنەوە لەو بابەتانەی تووشی دوودڵیی کردوون، ناتوانی ڕێگە لە ڕووداوەکان بگری، بەڵام بە ڕێگەیەکی ئاسان دەتوانی سوودیان لێوەربگری. خەڵک بەچاوی ڕێزەوە دەتانبینن و ڕەنگە لە شوێنی کارەکەتان بەرپرسیارێتی وەربگرن.

**شێر**
لەم هەفتەیەدا بەجددی بڕیار لەسەر ئەنجامدانی چەند گەشتێک دەدەن بۆ کارکردن، دەتوانن کۆنترۆڵی شتەکان بکەنەوە و دڵنیابن لە ئەنجامەکان. کاتێکی گرنگە بۆ پەیوەندی سۆزداری و دەتوانن ئەو دۆخە ئاڵۆزەی پەیدابووە لەگەڵ ئازیزانتان بڕەوێننەوە. هەنگاوێکی دیکە بەرەو بەختەوەری دەچن.

**گوڵەگەنم**
هەندێک کات بەشێوەیەکی ژیرانە ڕەخنە ئاراستەی خۆتان دەکەن، ئەمەش دەبێتە سەرەتا بۆ سەرکەوتنێکی نوێ، بەڵام پێویستت بە پشوویەک هەیە هەتا بتوانی بەشێوەیەکی باشتر پلانەکانی داهاتوو دیاری بکەیت. کاتێکی باشی سۆزدارییە بەتایبەت لەگەڵ کەسانێک کە دوورن لێتان.

**تەرازوو**
ئەم هەفتەیە سوود لە یەکێک لە ئەزموونەکانی ژیانی ڕابردووت وەردەگری، پلانێکی نوێ بۆ ژیانت دیاری دەکەیت و ئەو نهێنیانە دەدۆزیتەوە کە بەرەو سەرکەوتنت دەبەن. هەرچەند کارەکان بەئاسانی بەڕێوەدەچن، بەڵام بەبێ هیچ هۆکارێک هەست بەرەشبینی دەکەی.

**دووپشک**
بۆ دەستنیشانکردنی کارێکی گرنگی داهاتوو تەنیا پشت بەئەزموونی خۆت ببەستە. سۆزداری کەشێکی لەباری بۆ ڕەخساندوون و پێویستە دڵنیایی بدەنە بەرامبەرەکەتان. هەر کارێک پەیوەندی بە دەسکەوت و دەرامەتەوە هەبێت سەرکەوتنی تێدا دەهێنن.

**کەوان**
هەستدەکەی کاتت بۆ ئاسوودەیی کەمبووەتەوە، هەوڵ بدە بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ کارەکەت بگونجێی. باشترین بڕیار ئەوەیە گرنگی بە کارەکەتان بدەن و فەرامۆشی نەکەن، هەتا دڵنیا نەبن کارەکانتان مەگۆڕن. خەرجییە زۆرەکان کەم بکەرەوە.

**کارژۆلە**
دیدارە گرنگەکان دواشبکەون هیچ گۆڕانێک دروست ناکەن، گۆڕانکاری لە بەرنامەی داهاتووتاندا دەکەن. گرنگی بە تەندروستیتان بدەن. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە. لەماڵدا خۆشەویست دەبن و کاتێکی باشە بۆ چارەسەری گرفتەکان.

**سەتڵ**
ئاگاداری بەڵێنەکانتان بن، چەند خۆت لە گرفت بپارێزی ئەوەندە لە سەرکەوتن نزیک دەبیتەوە. پشوویەک بدەن و گرنگییەکی زیاتر بە باری تەندروستیتان بدەن. گرفتی ئەم ماوەیە کورتخایەن دەبێت و بە ئاسانی چارەسەری دەکەن. ئەو شتانەی زۆر دوادەکەون، بەشێوەیەکی دیکە بە قازانجت دەشکێنەوە.

**نەهەنگ**
ماوەیەکی زۆرە کارەکانت وەستاون و ئێستا کاتی دەستپێکردنەوەیەکی نوێیە، بوونی ئەستێرەی ڤینۆس لە بورجەکەت سەرجەم هەست و بیرکردنەوەت دەگۆڕێت، چاوەڕوان بە دیاریت بەدەست دەگات، خەڵکێک حەز دەکەن لێت نزیک ببنەوە.

# تواندنەوەی گەلانی ئاری لەنێو فەرهەنگی (لم) دا

## بنەچەی وشەی نەقشبەند لەکوێوە هاتووە و نەقشبەندییەکان کێن؟



**جەلیل عەباسی**

زمانی کوردی (بەهەموو بەشەکانییەوە) زمانێکی دەوڵەمەندە و ریشەی لە مێژوویەکی دێریندا هەیە، ئەم زمانە لەمێژینەیە خەرمانێکی بەپیتی وشەی ڕەسەن و ناو و شوێنناو و زاراوەی جوان و پڕ واتایە کە ئەگەر بناسرێنەوە و کاریان لەسەر بکرێت، ئەوا نەتەوەی کورد دەبێتە خاوەنی زیندووترین و دەوڵەمەندترین زمانی جیهان. گەلێ وشە و ناو و زاراوە و تەنانەت دێڕ و دەستەواژەش لەم زمانەدا هەن کە ئەمڕۆ لێمان بزرن و ئێمەش لێیان بێئاگا و لەگەڵیان بێگانە بووینەتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردی و زەینکورتی و بیرکۆڵیمان لەبواری مێژووی دێرینماندا و هەروائ نەبوونی وشیارییەکی نیشتیمانی و ئیرادەیەکی نەتەوەیی بۆ دۆزینەوەی ونبووەکان و ناسینەوەی ڕەچەڵەک و ڕەسەنایەتیی مێژوویی خۆمان وەکوو نەتەوەیەک. گەلێ وشە و ناو و شوێنناو و دەستەواژەمان هەن کە گەرچی ماونەتەوە، بەڵام کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی تواندنەوە لەلایەن زمانە بەهێزەکانی دەوروبەرەوە کە هەرهەموویان بەتەواوەتی قەرزداری زمانەکەی ئێمەن، وای لێهاتووە گەلێ وشەی ڕەسەنی کوردی بە هیی عەرەب، تورک یا فارس بزانین و خۆمان لەو خەرمانە دەوڵەمەندە داماڵین.

بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە وشەگەلی: (مسجد، محراب، خندق، مهرجان، دەفتەر، مجوس، بغداد و......) بکەین کە ئەمڕۆ لای ئێمە هیی عەرەبن کەچی لەراستیدا هەر هەموویان وشەی ڕەسەنی زمانی کوردین و تەعریب کراون و ئێمەش بە هۆی بیرکۆڵیی مێژوویمانەوە فەرامۆشمان کردوون و دەستمان لێ هەڵگرتوون!، یەکێک لەو وشە و ناوە ڕەسەنانەی لە ئێمە بزر بووە و بە باڵای دوژمندا بڕاوە، (نەقشبەند)ە کە حەزم کرد لەم نووسینە کورتەدا ئاوڕێکی لێبدەمەوە، بەو ئومێدەی ببێتە رچەشکێنییەک بۆ خستنەڕێی کاروانێکی فەرهەنگی بەمەبەستی دۆزینەوەی (خود)ی ونبوومان.

دەرباری ساسانی تووشی ڤایرۆسی گەندەڵی هاتبوو. ئایین کەوتبووە خزمەتی دەربار و لەگەڵ سیاسەت ئاوێتە کرابوو. مۆبدەکان خەریکی خۆ قەڵەوکردن بوون، پەیامەکەی ئەشوو زەردەشتیان لەبیر کردبوو، هەوڵی گەمژاندنی جەماوەریان دەدا تا ببنە کۆیلەی دەسەڵاتدارە چەوتەکان و بەمەکارەش ئەمان کورسی و بەرژەوەندیی ئایینی و سیاسیی خۆیان بپارێزن و زیاتری بکەن. ئیدی دین ئەو دینە چاکە نەبوو کە زەردەشت هیوای پێی هەبوو یان مەزدا پێی ڕازی بوو، بەڵکوو کەوتبووە خزمەتی دەربار و ببووە دین- سیاسەت. تا دەهات ستەمی پیاوانی دەربار و ماستاوچێتیی پیاوانی ئایین زیاتر دەبوو، جەماوەر پێشێل دەکرا و دەچەوسێنرایەوە، هەمووان ناڕازی بوون. دەسەڵاتی پیاوانی پاوانخوازی دین و سیاسەت ببووە هۆی کوشتنی سۆزی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەریی جەماوەر. ئیدی کەس لە خەمی وڵات و نیشتیمان و نەتەوەدا نەبوو. ئەو پێشەوا ئایینیانەش کە بیریان لە بیر و زمان و کرداری چاک دەکردەوە، لە لایەن موغە چەواشەکانەوە دەخرانە ژێر گوشارێکی فراوانەوە. ئیمپراتۆریەتی ساسانی خەریک بوو بە هۆی ئەو ستەمە سیاسی و دینییەوە لێک دەترازا و چیتر ئەو هێز و دەسەڵاتەی نەمابوو بتوانێ وڵات بپارێزێت و بەڕێوەی بەرێت. کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری وای لێهاتبوو، هەرکەس سازی خۆی لێدەدا و هەرتاقمەو لەبیری حوکمڕانی و ستەمگەریدا بوو بەسەر ئەوانیترەوە. ناهەقی و ستەم و چەوسانەوە گەیشتبووە بینەقاقای جەماوەری هەژار و بێدەسەڵات. ئەوەی بیری لێ نەدەکرایەوە و پەیڕەو نەدەکرا، ئەدەبیات و فەلسەفەی دینی مەزدیەسنا و پەیامی ئەشەقق زەردەشت بوو. جیایی و تەنانەت دژبەرییش کەوتبووە نێوان موغ و مۆبدەکان، پەرستگە و ئاتەشگەکان تا دەهات بێنازتر دەبوون و شوێنکەوتووانی بەوەفای ئەشوزەردەشتیش تەریکتر. ئەو مۆبەدانەی پاک مابوونەوە و نیازی خزمەتی وڵات و ئایین و فەلسەفەی مەزدیەسنایان هەبوو، لەلایەن موغە پاوانخوازەکانەوە کەوتنە بەر هەڕەشە و سەرەنجام ڕوویان کردە ئەشکەوت و کێو و چۆڵەوانییەکان و لە تەنیایی خۆیاندا خەریکی مەزداپەرستی بوون.


موغەکانیش کە خۆیان بە دەسەڵات فرۆشتبوو و ببوونە دەمڕاست و داردەستی دەربار، بۆخۆیان لەنازونیعمەتدا دەژیان و هەموو هەوڵ و کۆششیان ڕووتاندنەوەی زیاتری جەماوەر بوو بۆ خزمەتی خۆیان و دەسەڵاتی دەربار. وڵات، چیتر ئەو وڵاتە یەکانگیر و گەورە و پاکەی جاران نەبوو کە تیایدا مرۆڤ بحەسێتەوە و ژیانی شەرەفمەندانە بژی. بەڵکوو ببووە بازاڕێکی نەحس و ناپاک بۆ مەزادکردنی پاکی و ڕاستی و ئەستوورترکردنی دیواری جیایی دەسەڵات و جەماوەر. ئەوانەی دڵسۆزی وڵات بوون، بە ناچار پەیڕەوی ئەملاولا ببوون و ئەوانەش مابوونەوە، کورسیی دەسەڵات چاوی ئاوەزی کوێر کردبوون و بەرژەوەندی و حوکمی ناڕەوا و خۆسەپاندن نەبێ بیریان لە شتی دیکە نەدەکردەوە. هەواڵی خراپیی بارودۆخی ناوخۆیی و شپرزەیی بواری دەسەڵات و ناڕازیبوونی جەماوەر و دڵساردیی سوپا و لێکترازانی ریزەکانی ناو سیاسەت و ئایین گەیشتە نیمچە دوورگەی عەرەبی. خەلیفە (بە هاندانی هەندێ دوژمنی دێرینی ئارییەکان بە گونجاوترین هەلی زانی بۆ لەشکرکێشی و جەنگ و داگیرکاریی وڵاتی ئاری. عەرەب خۆی ئامادە کرد و لەشکرێکی دڕندەی کۆکردەوە و سەرەنجام هێرش کرایە سەر ئێرانی سەردەمی ساسانی.

کاتێ خەلیفەی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی شەڕی دەرکرد، بۆ ریشەکێشی ئاری و عەجەم شمشێرەکانی بیابان لە کالان دەرهێنران، بەڵام ئەمجارە نەک بۆ ڕێگری و جەردەییەکی بچووک و هێرشی سەر چەند کاروانچییەک، بەڵکوو بۆ جەردەییەکی گەلێ گەورەتر بۆ سەر وڵاتی گەشەسەندوو و دەوڵەمەند و پێشکەوتووی ئێران. لەشکری عەرەب بە دڵڕەقییەکی بێوێنەوە دەشتاییەکانیان ڕامالین تا گەیشتنە دامێنی کوێستانەکانی کوردستان.. هێرشبەران لە پێشڕەویدا بوون تا سوپا گەیشتە سنوورەکانی هەورامان، بەرەنگاربوونەوە لە شاخەکانی هەوراماندا بەگوڕتر بوو و زەمەنێکی زۆری خایاند. سەرەنجام جەماوەر بۆ پێشگری لەو لافاوی خوێنە و هەمەگیربوونی ئەو کاولکارییە، بیری لە چارەسەرێکی تر کردەوە: بە ناردنی چەند کەسێک بە ناوی گفتوگۆ هەلێکیان ڕەخساند بۆ خۆ ڕزگارکردن. لەو ماوە زەمەنیە کورتەدا ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە دوورخرانەوە.. موغ و مۆبد و کاتۆزییەکان بە پێی دەرفەت و توانا دەقی گاتاکان و نووسراوە ئاینیەکانیان بە جەستەی خۆیانەوە نەخش کردن و نووسینیانەوە، ئاخر لەشکری عەرەب هەموو کتێب و دەسنووسە پیرۆزەکانیان سووتاندبوون و ئەوەی مابوو هەر ئەوە بوو کە لە مێشک و زەینی پێشەوا ئاینیەکاندا نەخشی بەستبوو، بۆیە بە مەبەستی شاردنەوە و پاراستنیان، هەموویان بە جەستەی خۆیانەوە نەخش کرد و جلوبەرگی ئاساییان لەبەر کرد و بەرەوە شوێن و چارەنووسێکی نادیار ڕەویان کرد. سەرەنجام هەندێکیان گەیشتنە هیندستان و لەوێ سەقامگیر بوون کە دواتر بە (پارسیەکانی هیند) ناوبانگیان دەرکرد و هەندێکیشیان لەناو ئەشکەوتەکانی وڵاتدا مانەوە و هەرلەوێ کۆچی دواییان کرد، هەر ئەمەشە کە لە گەلێ شوێنی کوردستانی گەورە و بەتایبەتی ئاهوورامادا دەبینین ئەشکەوتێک یا لووتکەی کێویک بەناوی پیر و پێشەوایەکی ئایینیەوە کراوە. بەشێکیشیان کە نەیاندەتوانی قەتڵوعامی هاونیشتیمانیانیان ببینن و تەنیا خۆیان ڕزگار بکەن، وەکو جەنگاوەرێک دەستیان دایە چەک و بەرەنگاری داگیرکەر بوونەوە و گیانی خۆیان کردە قوربانی، ئەمانیش ئەو جەنگاوەرانەن کە گۆڕەکانیان بە ناتۆرەی دەسکردی دوژمن (گۆڕی گاوران) دەناسرێتەوە و زۆر بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆی کوردیش بە ساویلکەییەوە تووکیان لێدەنێت.!

دوای کۆتایی شەڕ و داگیرکردنی هەورامان، ئەوانەی زیندوو مابوونەوە ئەو ڕووداوەیان بۆ نەوەکانیان دەگێڕایەوە و باسی ئەو پێشەوایانەیان دەکرد کە گاتاکانیان لەسەر جەستەی خۆیان نووسیبوو تا لە دوژمنیان بشارنەوە و بیانپارێزن. بەمجۆرە بوو کە ناوی ئەو پێشەوا ئایینیانە کرا بە (نەخشبەند) و ئەم ناوە بوو بە نازناوی مۆبدەکانی ئەو سەردەمە، واتە ئەوانەی کە نووسینە ئاینیەکانیان بەجەستەی خۆیانەوە نەخش کردبوو. بەداخەوە دوای 15 سەدە لە داگیرکاری و تواندنەوەی گەلانی ئاری لەنێو فەرهەنگی (لم)دا، ئەم ڕاستییەش لای ئێمە بزر بووە و نەخشبەندییە وەک تەریقەتێک دەبینین کە گوایە (محەمەد بەهادین نەقشبەند بوخاری- 1318 1389 ز) بنیاتنەریەتی و پاشان لە ڕێگەی مەولانا خالید و دواییش لەلایەن شێخ عوسمانی سیراجەدینەوە گەیشتووەتە هەورامان! بەم چەشنەش خۆمان و ڕابردووی خۆمان و مێژووی مێژینەی پڕهەوراز و نشێوی خۆمان کورت دەکەینەوە و خۆمان ئاوا بچووک دەکەینەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مێژووی نەخشبەند و نەخشبەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هێرشی عەرەب و فەلسەفەیەکی زۆر مەزنیش لەخۆ دەگرێت و لە ڕاستیدا مەولانا خالید و شێخی سراجەدینیش زیندووکەرەوەی هەمان ڕەچەڵەک و هەمان فەلسەفەی مێژینەمان بوون نەک شوێنکەوتووی تەریقەتێک کە تەمەنێکی گەلێ کورتتر و کەمتری لە مێژووە مێژینەکەی وڵاتی خۆیان هەیە.

خۆزگە هەموومان و پێش هەمووشمان نەخشبەندییەکان دەگەڕانەوە سەر هەمان بنەمای مێژوویی و هێندە خۆیان کەم و بچووک نەدەکردەوە.

# نەمرێتی تێکست



**ماجید نووری**

تێکستی فەلسەفی و تێکستی شیعر؛ لە ڕایەڵەیەکی ئەبستیمیدا یەکدەگرنەوە، -ئەپستیم- بە هەموو جۆرو شێوازەکانیی، کەواتە ئاساییە، ئەم دوو دنیایەی شەیدان بە یەکتر لە چەقێکدا یەکتر ببڕن و بە یەکتر ئاوێتە ببنەوە، لە ئەفراندنیشدا هاوبۆچوون و هاوڕوانین، لە ئاستی وجود و گەردوون و زانینیشدا هاوڕابن، هەر ئەم فاکتەرەیە زۆربەی فەلسەفەکارانی سەردەمی ئەرستۆ تا سەردەمانی ئیبن ڕوشد و ئیبن سینا و دواتریش تا سەردەمانی نیچە و هایدگەرو جوبران خەلیل جوبران و پیرەمێردی هانداوە، ڕوو لە فەلسەفەی شیعرو حیکمەتی فەلسەفیی بکەن، هەڵبەت ئاوێتەبوونیان بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو نەشونمای هزریی، بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دوو دنیایە لە دەلاقەیەکدا بە یەک بگەنەوە، ئەویش دەلاقەی هەڵوێستی مرۆڤپەروەریە بەرانبەر بوون و هەبوون و دیاریکردنی پێگەکەی لە نێو گەردووندا، بە هۆی ئەم ئاوێتەسازییەوە، بۆ هەر بزاڤێکی شیعریی لە مێژوودا، پێشینەیەکی فەلسەفی هەبووە، یان بابڵێین: تێز و بۆچوونە فەلسەفییەکان زەمینەسازدەری بەردەم دروستبوونی بزاڤی هەمەچەشنەی شیعریی بوون، بیرم نایەت کامە فەیلەسوفە گوتویەتی؛ "هەرکاتێک بە دۆزینەوەی شتێک گەیشتبم، شاعیرێک بەر لە من، ئەو شتەی درک پێکردووە".

یەکەمین تیۆری ڕەخنەیی شیعریی لە لایەن ئەرستۆتالیسی فەیلەسووفەوە بە ناوی - گێڕانەوە - نووسراوەتەوە، هەر ئەمیش کۆنترین کتێبی لەسەر شیعر بەناوی (هونەری شیعر) بڵاوکردۆتەوە.

لەسەدەی چوارەمی زاییینیشەوە، کاتێک دیدێکی فەلسەفی لەناوەندێکی دەستەبژێری بە ژمارە کەمیی وڵاتانی ئیسلامیدا برەوی سەند، بزاڤێکی نیمچە ڕەخنەیی بە دوای خۆیدا هێناوە، بەڵام ئەمان زیاتر ئەدەب و ئایین و فەلسەفەیان لە دەفرێکدا دەتوانەوە، سۆفیزمەکان و ڕاوبۆچوونەکانی ئیبن ڕوشدو ئیبن سینا، گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن، جاحچ لە کتێبی (خستنەڕوو و ڕووخستن) دا، ئاماژە بە دیالێکتیکی — زمان- دەکات؛ جرجانییش لەسەر تیۆری — سیستم- دەدوێت؛ ئیبن سینا باس لە درکپێکردنی درکپێکراو دەکات، بەڵام ئیبن ڕوشد لە ڕوانینی فەلسەفە و دیالێکتیک و ماهییەتی شیعر دەدوێت، ئەمانەی ناوم هێنان هیچیان ڕەوت نەبوون، بەڵکو لە مێژوودا چەندین ڕەوتی فەلسەفیی دروستبوون، کە مەنزڵی دروستبوونیان (ئەڵمانیا) بووە، لەوانە:

ـ بوونگەرایی: بە سەرپەرشتی (هیگڵ) کە چەندین بزاڤ و ڕەوتی ڕەخنەکاریی لە دنیادا لێی سوودمەندبوون.

ـ گومانکاریی: بە سەرپەرشتی (نیچە) کە کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕوانینەکانی بزاڤی ڕەخنەو شیعریی.

ـ ئایدیالیستی: بە سەرپەرشتی (کانت) کە لە دەروازەی فیکری- دیکارت- ەوە ئاوێتەی دنیای ڕەخنەکاریی بووە.


ـ هێرمینیۆتیکا: بە سەرپەرشتی (هایدگەر) کە ڕەنگرێژی چەندین بزاڤی ڕەخنەیی و هزری دوای خۆی کردووەو دواتر بلیمەتانی وەک ڕۆڵان بارت و جاک دریدا بەسەر نەخشەکانیدا هاتنەوە.

ـ فرانکفۆرتیی: داڕێژەری چەندین ڕەوتی فیکری و فەلسەفی بوون، کەسێکی وەک یۆرگن هابرماس کە خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی زۆر پڕ بایەخە، یەکێکە لە ڕێچکەسازانی ئەم قوتابخانەیەو چەندین کتێبی دانسقەی لێیەوە ڕاناوە، لەوانە ـ ئەپستمۆلۆژیا لای نیچە ـ گوتاریی فەلسەفیی مۆدێرنیتە ـ مۆدێرنیتە پرۆژەیەکی ناتەواو ـ تەکنیک و زانست وەک ئیدیۆلۆژیا ..تاد

وێڕای ئەم زاتانە، هەرگیز ناکرێت لێکۆڵینەوە پڕ زانینەکانی - دی سۆسێر- یش سەبارەت بە (زمان) لە یاد بکەین، چونکە دەروازەی لەبەردەم دریداو ڕۆڵان بارت ئاوەڵاکردەوە تا بە چەمکێکی تازەتر و بە ناوی (تێکوپێکنان) کە چەمکێکی پۆست بونیادگەرییانەی ئەدەبییە بهێنێتە ئارا، لەم چەمکەوە سەرلەنوێ ئەدەب و شیعرو ڕەخنە، تیۆرێزەیەکی نوێیان بۆ کرایەوە، بە شێوازێک لەهەر تێکستێکدا دەلالەت، واتا، کۆد، مانا و تەلیسمیگەلی نوێی تێدا بدۆزرێتەوە، بەو شێوەیە دەیانگێڕایەوە بۆ ناو چەندین ڕەگەزی دیکەی وەک (زمان و ریتمی ناوەکی و فرەیی لە دەلالەت و مانا و کۆدی دیکە) کە ئەمانە وا لە دەق دەکەن؛ هاوشان بێت لەگەڵ فرە خوێندنەوەدا، ئیتر دەقیان وا لێکرد بەبێ حیساب کردن و گەڕانەوە بۆ شوێنکات، هەر بە زیندوویێتی بمێنێتەوە و نەمر بێت، ئەم دۆزینەوەیەش لە ڕەوتەکانی پێشوودا دەسگیرنەکرابوون، واتا هەر لە تیۆری گێڕانەوە تا ڕۆمانسیزم و ریالیزم و ریالیزمی سۆسیالیزمی و ڕەمزگەرایی و مێژووگەرێتی و دەروونشیکاری، بە هەموویان نەتوانرا وەک ڕێبازی تێکوپێکنان: "کە هەندێک لە نووسەرانی کورد بە هەڵوەشانەوەگەری ناوی دێنن"، ژیان و کارایی بە دەق ببەخشنەوە، بۆیە هەر یەک؛ لەو ڕێبازانەی ناومان هێنان، پاڵەوانی سەردەمێکی دیاریکراو بوون و دواتر پووکاونەتەوە، تەنانەت دادائیزم و سوریالییەکانیش، کە بۆ سەردەمی خۆیان ڕاپەڕینێکی نوێبوونەوەیان بەرپاکرد و پرەنسیپی (هونەر بۆ هونەر) و (شیعر بۆ شیعر)یان بەرزدەکردەوە و میتۆدەکانی پێشوویان ڕەتدەکردەوە، بە تایبەت ئەو میتۆدانەی کە بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی دەق و شێوازەکانی خوێندنەوەی دەق بە عەقڵێکی ڕەخنەیی نوێ دەکاران، کەدواتریش بوون بە ئەزموونێکی نوێ لە کۆک و تەباکردنی فۆرم و ڕوانینی یەکگرتوو بۆ ناوەڕۆک.

بە کورتی ڕێبازەکانی پێشوو هیچیان نەیانتوانی وەک ڕەوتەکانی هیرمینیۆتیکا و تێکوپێکنان واتە هەڵوەشانگەرایی، هەنگاوی مەزن بهاوێژن، کە پاشتر لە ڕێچکۆڵەی ئەزموونگەریدا سوودی لێ وەرگیرا، گەرچی هەندێک لە نووسەرانی عارەب، کاتێک ئەم ڕەوتانە بەخوێندنەوەی کولتووری ڕەخنەیی و فکریی خۆیانی بەراورد دەکەنەوە، سەرەنجام دەگەنە ئەو باوەڕەی کە چەمکی فرە دەلالات لای — دریدا- بچوێنن بە چەمکی (مانای مانا)کەی جرجانی یان (ئیدراکی ئیدراک) ەکەی ئیبن سینا، گوایە پێشتر لای ئەوانیش ئەم شێوازە تێکستانە باس کراون.

بەڵام گەر ئەم لێکدانەوە عارەبییە، هەندێک لە ڕاستیشی تێدا بێت، بێگومان هەموو ڕاستییەکە نییە، چونکە بەر لە دریدا هیچ هزرڤانێکی عارەب لە مێژووی فیکردا، ئەو تیۆرانەی بەکارنەهێناوە.



ڕووداو
ژمارە (347) دووشەممە 2015/2/16

# ڕێبین ئەحمەد خدر:

# فەزای ئەدەبی کوردی ناوکی کەوتووە

کە یەکەم شیعری لە گۆڤاری (وێران) دا بڵاودەبێتەوە (2009)، فەرهاد پیرباڵ لەبارەی شیعرەکانییەوە دەنووسێ: "یەکێک لەو شاعیرە گەنجانەی لەسەدا سەد دڵنیام لەداهاتوودا شەق لە شیعری من هەڵدەدا و تۆپ بە شێوازی کەڕەکیفە هەڵهێناوی منەوە دەنێت، ڕێبین ئەحمەد خدرە". دەبوو من رووی پرسیار بکەمە ڕێبین و بپرسم؛ ئەگەر بڵێم دونیای شیعریی ڕێبین تێکشکاندنی مانا، فۆڕم، وێنەی سواو و بە سەنتەرکردنی یار و گوڵ و... بەگشتی شەقلێدانە لە وێنە بەسوێ و کرۆزانەوەکانی شیعری ڕۆمانسی، هەست دەکەی من بەهەڵە لە دونیای شیعری تۆ تێگەیشتووم؟

ڕێبین گوتی: "ڕاستییەکەی لە وەڵامی پرسیارێکی وەهادا من ناتوانم هیچ بڵێم، دەبێ ئەوە خوێنەران یان ئەوانە وەڵامی بدەنەوە کە کار لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی دەکەن، دەتوانم خۆشم وەڵامێک بدەمەوە، بۆ نا؟ بەڵام ئەو وەڵامەی من ئەوەندەی هی ئەوانیتر گرنگ نییە. وەڵامی من: من دژی ئەم ڕۆمانسییەتە بەربڵاوەم کە هەیە و شیعری کوردیی ماوەیەکی دوور و درێژە لەناو خۆیدا درێژی دەکاتەوە و وەک نموونەی شیعری نمرەی یەک و باڵا دەیناسێنێ. چونکە شیعر بەهۆی ئەمانە چەقی بەستووە و خەیاڵی سیلاک بووە، پەرشکردنەوەی سۆزێکی سواو، یان بە فریشتەکردنی کچ و دروستکردنی باخاتی گێلاس و شتانێک کە وەک ماددەی سڕکردن وان، بوون بە بارگرانی. ناخۆشییەکە لەوەدایە ئەم جۆرە شیعرە جۆرێک لە خوێنەری لەناو کورددا پەروەردە کردووە کە تەنها ئەوە بە شیعر دەزانێ و لە دەرەوەی ئەوە هیچی لەلا شیعر نییە، بۆیە بەردەوام ئەو شاعیرانە دەکاتە بت و بەرزیان دەکاتەوە کە بەمجۆرە دەنووسن.

ڕۆمانی "باڵۆنێک لە ئاسمانی سووردا" و کتێبی شیعری "بە 14 ڕێگادا" ئەو دوو کتێبەن کە ڕێبین بڵاویکردوونەتەوە، پرسیارە بۆ من، کەسێک بە چواردە ڕێگادا دەیەوێ شیعر بگەیەنێتە کوێ؟ بۆیە لە ڕێبینم پرسی تۆ بۆ ئەوە دەنووسی کە وەک گەنجێک تۆش کتێبێکت هەبێت، یان بەڕاستی هەڵگری خەم و پەیامێکی وایت کە بشێ بە چواردە ڕێگادا وەرچەرخانێک بەرپا بکەی؟

ئەو نادڵنیا لەوەی کتێبەکانی چ کاریگەرییەکیان دروستکردوە، پێیوابوو: "بە 14 ڕێگادا چی کردووە؟ من تا ئێستا وەڵامی ئەوە نازانم. من زۆربەی کات بیر لە شیعری خۆم دەکەمەوە و پەیوەندی لەگەڵ خۆمدا، کەمتر بیر لەوە دەکەمەوە شیعری خۆم چی دەکات و چ ڕۆڵێک دەبینێ، چاوم لەسەر ئەوەیە بە شێوازی جیاجیا ئەوەی لە ناومدایە هەڵیکەنم. بەڵام هەرکەسێکیش کە دەنووسێ حەزدەکات یان هەوڵدەدات بە نووسین و دەربڕینەکانی کار لەناو ئەو فەزایەدا بکات کە تێیدایە. سەبارەت بە ئارەزووی بوونی کتێب، نەخێر لە سەرەتاوە ئەو ئارەزووەم زۆر کەمبووە بۆ چاپکردنی کتێب، یەکێک لە هۆکارەکانی چاپکردنی بە14 ڕێگاش ئەوەبوو، ئەم کۆمەڵە شیعرە وەک ئەزموونێک جیابکەمەوە.

هێندەی ئاگادارم ئەو گەنجانەی لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب دەنووسن تووڕەن لە دونیای ئەدەبی کوردی، یەکێک لەوان ڕێبینە، پێمگوت؛ ڕێبین بۆ هەمیشە تووڕەیە؟ ئەوە نییە ناوەندی ڕۆشنبیری، دەزگای چاپ، پاشکۆ و ماڵپەڕە ئەدەبییەکان، کۆڕ و فێستیڤاڵی ئەدەبیمان هەن؟ ئەوە نییە ڕێگات دەدرێ بنووسی؟ قەلەمی نوێ لەمە زیاتر چی دەوێ؟

ئەوپێیوابوو، ئەم پرسیارەم پرسیارێکی شەیتانانە و جوانە؛ "تووڕەم چونکە شتەکان خراپتریش لەوەن کە ڕاپەڕین و هەڵسانەوەیان لە دژبکەی، دۆخێک هاتووەتە پێش کە ڕاپەڕین و هەڵسانەوەکانیش لەکار دەخات. دەبێ تووڕەبوونەکان ڕەنگ بکەیت و شێوەی تازە ببینیتەوە تاوەکو شتێک بە شتێک بکەی، ئایا دەتوانین ئەوە بکەین؟ ئەوە گرنگە. دەزگای چاپ قۆرخکراوە و فێستیڤاڵ و ناوەندەکان قۆرخکاری و گەندەڵییان تێدا لە هەموو شتێک زیاترە، گەندەڵی بەجۆرێک کە کەسانی شارەزا و فرەبینیان تێدا نییە، یان کەسانێک نین کە بتوانن بڕیار لەسەر دەق و کتێب بدەن وەک دەق و بەس.

هەموو چاوەکە لەسەر دەستەیەک نووسەرە، کە کراون بە بت و کەس بۆی نییە هیچیان لەسەر بڵێت، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم فەوزایە پەروەردەی دەزگا و ناوەند و کتێبخانەکانە، ئەوان جۆرێک لە ئەدەب و تایپێک لە نووسەر زاڵ دەکەن، خوێنەرانیش زۆربەی کات لەژێر کاریگەری ئەواندا دەخوێننەوە و شتەکان هەڵدەسەنگێنن، پێش هەموو شتێک خوێنەری ئازاد و زیرەک گرنگترە لە نووسەری ئازاد".

زۆربەی وێنە شیعرییەکانی ڕێبین زۆر نزیکن لە دونیای شاعیری فەرەنسی رامبۆ، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئەم دوو ڕێگایە لەکوێ بەیەک دەگەنەوە؟ ڕەنگە هەندێکجار ئەمە وەک ڕەخنەیەکیش ئاراستەت کرابێت.

ڕێبین دەڵێ: "پێموایە بەو هۆیەوە کە شیعری من زۆرجار شیعرێکی تووڕە و برینداره، یاخود نیگەرانییەکی نەبڕاوەی تێدایە، یان بەو هۆیەی کە من لە شیعرەکانمدا حاڵەتی سوریالی و وێنەی هەڵگەڕاوە زۆرن، رامبۆش یەکێکە لەوانەی کە سوریالییەکان ڕێزێکی زۆریان بۆی هەبوو، بەهۆی نزیکیی دنیای ئەو لە خۆیان. یان نازانم چ هۆکارێکی تر. حەزدەکەم ئەم نزیکییەی من لە رامبۆ یان هەر شاعیرێکی تر وەک توێژینەوەیەک ببینم، بۆ ئەوەی خۆشم زیاتر بۆم روون ببێتەوە چۆن، گەر وەک ڕەخنەیەک بێت زۆر حەزدەکەم. چونکە هیچ شاعیرێک لەدایک نەبووە و نابێت کاریگەری دنیای ئەوانیت ری لەسەر نەبێت. ئلیۆت کاریگەربوو بە بۆدلێر و لە قەسیدە هەرە بەناوبانگەکەشیدا (وێرانە خاک) بە زەقی ئەو کاریگەرییە، تەنانەت زۆرجار لاساییکردنەوەش دەبینرێت. دەی دوو شاعیری جیاوازیشن کە هەردووکیشیان دوو جیهانی سەربەخۆن لەناو شیعری جیهانیدا. سەرگۆن پۆڵس کاریگەربوو بە ئالێن گینسبێرگ، ئالێن گینسبێرگیش بە چەند شاعیرێکی ئەمریکایی پێش خۆی. ئەم کاریگەری و لەیەکنزیکییە بە گرنگ دەبینم، تەنها کاتێک نا کە تەواو دەبێتە دووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی هەمانشت. ئایا من کێم دووبارە کردۆتەوە؟ دەبێ یەکێکی تر وەڵامی ئەوە بداتەوە".

باشترین کەس بۆ ئەوەی پرسیاری لەبارەی پاشکۆ ئەدەبییەکان، شێوازی بڵاوکردنەوە و دۆزینەوەی قەڵەمی نوێ و بەهرەی تازەکان ئاراستە بکەی گەنجەکانن، ڕێبین یەکێک لەو گەنجانەیە و دەڵێ: " لەوەتەی من دەنووسم پاشکۆ ئەدەبییەکان بەدەست چەند کەسێکەوەن و لەوان زیاتر گرنگی بەکەس نادەن، ئێستاش هەروایە. بەڵام لە ئێستادا باشتر، چونکە چەند گەنجێک هەوڵی ئەوە دەدەن و هەوڵیان داوە لە گۆڤارێک یان پاشکۆیەکدا خۆیان بەیان بکەن یان دەرگا لەسەر ئەوانیتریش بکەنەوە، لەسەر ئەو هاوارانەی قەتیس کراون، دەبێت ئەقڵێک بێتە کایەوە درک بەوە بکات کە هیچ دەقێکی جوانیتر زیان بە دەقی جوانیتر ناگەیەنێت، هیچ دەنگێگیتر دەنگێکیتر کپ ناکات و نایکوژێت، بەداخەوە تا ئێستا ئەوە نەهاتۆتە کایەوە. هەرکات هاتەکایەوە دۆخەکە بەرەو باشتر دەڕوات".

هەر بەڕاست ئەدەبی کوردی گەیشتووەتە ئەو بنبەستەی" بتی ئەدەبی" هەبێت؟ ئەمانە چین؟ بە ڕێبینم گوت دەکرێ روونی بکەیتەوە؟

ئەو گوتی: " بتی ئەدەبی ئەو نووسەرانەن کە هەموو شتێکیان بە مەزن و بە نایاب بانگ دەکرێت. ئەوانەن کە بتپەرستان دەڵێن: تەنها کەسانێکن بتوانن بنووسین و کاریگەربن. ئەوانەن بەر لەوەی بخوێنرێنەوە دەڵێن شاکاریان نووسیوە، ئەوانەن کە دەستیان بەسەر بڵاوکراوە و چاپخانەکان داگرتووە و نووسەرانی تریان خستوونەتە پەراوێزەوە...نووسەرانێک کە بوار نەماوە بە ئاسانی ڕەخنەش بکرێن، چونکە بوونەتە دەسەڵات و هێزیان پەیدا کردووە، لە کاتێکدا شکاندنی ئەو بتانە بە ڕەخنەکردن و لابردنیان لە چەق دەستپێدەکات".

**ئەدەبی کوردی و شیعریی کوردیش هێشتا ئەو توانایەی پەیدا نەکردووە سنووری زۆر ببڕێت**






پۆرترێتی نەزەند بەگیخانی
فۆتۆگرافەری فەڕەنسی (دۆمینیک تۆماسۆ)

# ئیرەیی

پێشکەشە بە ژنانی ئازاد نەک تەنیا لە چەوسانەوە، بەڵکو لە هەستە ناشایس و کردەوە ئازاربەخشەکان. زۆر هەوڵمدا تێبگەم بۆ ژنانی وڵاتەکەم و بەناو داکۆکیکار لە مافی ئافرەت دژایەتیی یەکتری دەکەن، سەرەنجام بەم شیعرە گەیشتم!

**نەزەند بەگیخانی**

نیگەرانییەکی قووڵ
ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا
بۆ یەکەمین ساتەکانی بوون
لەوێوە دێ
ئەم وەیلانییە
هێڵێکی بێدەرەتان
دەتبا بەرەو خۆپێوان بەویتر
ئینجا ترسێک
ئازارێکی تیژ لە ناخت هەڵدەچێ
ڕووانین تاریک دادێ
ژانێکی گەرم بەرۆکت دەگرێ
ژان لە ڕەزامەندیی ئەویتر
لەسەرکەوتنی من
لە سەرکەوتنی ئەو
لەسەرکەوتنی هەموو ئەوانەی کە تۆ نین
لە بەکەمبینینی خود
کە چەشنی برینێنێکی نەرگسی
قەتماغەی گرتووە
سەیری ناخی خۆت بکە
ئەی هاوڕەگەز
تۆ زامێکی زیندووی
پانتاییەک لە شپرزەیی
سەرگەردان شین هەڵگەڕاوی
دەروونت پەرێشان
ترپەی دڵت گوێ کەڕ دەکا
لەناوەوەڕا
جۆش و خرۆشێک دەتکرۆژێ
چقڵێک چەشنی چاڤینۆک
هەستێکی ناشایس
شادەمارەکانتی تەنیوە و
بە تەوژم دێ
لە گەرمترین پنتی بوونت فوارە دەکا







گۆران محەممەد

# مەلا کەتەر

پاساوی مەلا کرێکار بۆ ئەو سەرپەڕاندنەی داعش بە کێرد دەیکات، ئەوەیە لەسەردەمی سەلەفی سالّحدا ئێم فۆر، کلاشینکۆف و تاپڕ نەبووە، ئاخر بۆیە ئەم هەنگاوێ لە داعش زیاتر چووەتە پێش و بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، کەتەری پێشنیاز کردووە.


مەلای کەتەروەشێن، تاوێ نمایشی ماسولکەی هزری خۆی دەکات و لە رستەیەکدا ناوی هەندێ بیرمەند دەهێنێ، خێرا خێراش ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەر دەستی رۆیشت، گۆشاوگۆش بە کەتەرێک ملی نەیارەکەی دەپەڕێنێ.

مەلا یان خۆی ئەحمەقە، یان خەڵک بە ئەحمەق دەزانێ، ئاخر کەسێک لە نەرویژەوە و لە دیمانەیەکدا چاو زەق بکاتەوە و هەڕەشەی کەتەروەشاندن بکات، چۆن چاوەڕێیە باوەڕی پێبکەین کە دەڵێ ئازادیی رادەربڕین کۆڵەگەی هزر و بیریەتی؟ کەسێ لەناو جەرگەی ئەوروپادا ئامادەی کەتەروەشاندن بێ، ئاخۆ لە مووسڵ چی بکات؟ پێشبینی دەکەم، لە ئەگەری گەڕانەوەی مەلای کەتەرکاردا بۆ کوردستان، ناچار بین سەری رێز بۆ دلۆڤانیی سەربڕەکەی هوجام سورچی دانەوێنین.

مامۆستای کەتەرباز، ئامادە بوو شرۆڤەی زۆرتر لە هەزار ساڵ دیرۆکی سەلەف و خەلەف بکات، لاریی نەبوو باسی مارکسیش بکات، کێشەی نەبوو ئەگەر پرسیاری هزری وجوودیت لێبکردایە. ئێمە کە هەر ئەبو بەکری بەغدادیمان بیستبوو، ئەو ناو و ناسناو، عێل و عەشیرەت و ناوی پووری بەغدادیشی دەزانی، کەچی دەیگوت داعش ناناسم و ناتوانم ئێستا لەبارەیانەوە هیچ بڕیارێک بدەم. مەگەر خۆت لە خەتی گێلی بدەیت، دەنا ناسینی داعش، هیچ شایەنی باس نییە، لاکین نەناسینی داعش، ئەمەیان جێگەی گومانە لە قورمساخیی ئەو کەسە.

ئەو کە بە پێشمەرگەی دەگوت کوژراو و داعشی بە موجاهید ناودەبرد، بزانێ یان نا، بەوەندە خۆی یەکلایی کردووەتەوە لەکام سەنگەردایە. خۆ ویلایەتی مووسڵ، ڤاتیکان نییە تا شرۆڤەی بۆ بکەیت داخۆ کوێی باشە و کوێی سووکە رەخنە هەڵدەگرێ. هزری داعش، شیعر نییە رەخنەگرێک باشی هەڵبسەنگێنێ و ئەوی دی خەراپ. ئاخر لە نێوان داعش و ئەنتی داعشدا هیچ شتێکی دیکە نییە، تۆ یان داعشیت یان دژەداعش، بژارەی سێیەمی نییە.

هەقە مەلا کرێکار بەشداریی لە بەرنامەی داعش گۆت تالنت بکات، ئاخر ئەو هێندە داعشێکی بەهرەمەندە، دەتوانێت هاوزەمان کەتەر و ئازادیی رادەربڕین بخاتە هەمان رستەوە. هێندە بلیمەتە، دەتوانێ لەژێر یەک چەتردا، جیهاد و یەکتر قەبووڵکردن کۆبکاتەوە. ترسیشم لەوە نییە ئێس ئێم ئێسی بۆ نەچێ، ئاخر داعشبیرەکانی کوردستان، لە ئێستاوە بازاڕگێریی بۆ دەکەن، لە ئێستاوە فەرشی سووری بۆ رادەخەن، خەون بەو رۆژەوە دەبینن، بێتەوە کەتەر لە ملی ئەم و ئەو بدا. هەقە لەمەودوا ئەوەی لە یەک کاتدا پتری دوو کەتەری کڕی، بە تۆمەتی بازرگانی لەگەڵ داعش دەستبەجێ بخرێتە زیندانەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەموو ڕێگەکان دەچنەوە دەباشان؟

دەرکەوتنەوەی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (کۆسرەت رەسوڵ عەلی و د. بەرهەم سالّح) لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازیی کوردستان و هاوکات لەگەڵ ئەوەش گۆڕانی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو باڵە نارازییەی ناو یەکێتی، وایکرد کە هاوکێشەکان تا رادەیەکی زۆر ئاوەژوو ببنەوە. لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەسەر چەند ئاستێک گۆڕانی زۆر هاتنە ئاراوە. سەرەتا ئەگەر لە بەرەی بارزانییەوە نەک پارتی لێی بڕوانین (چونکە پارتیش وەکو یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا سڕاوەتەوە، حیزبێک شەش مانگ بێت دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی نەکردبێت، ئەستەمە ناوی بهێنرێت)، دەبینین کە بارزانی وردە وردە ماهیەتی باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتیی بۆ دەرکەوت. راگەیاندن و رێکخستنەکانیان بە رەسمی و نارەسمی، بە بۆنە و بێ بۆنە ئیشیان لەسەر شکاندنی سیاسەتەکانی بارزانی کرد. شکاندن بەو مانایەی کە راگەیاندنێک هەوڵی دا چەند سەعات گەریلایەکی پەکەکە لە ناوچەکانی نفوزی پارتی بکاتە پاڵەوانی شەڕی داعش، ژێر بەژێر لەگەڵ شیعە و ئێراندا ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەنجام دا، حەشدی شەعبی و شیعەی هێنایەوە ناو هاوکێشەیەک کە تێیدا دۆڕابوو و... هتد.

گرەوی سەرەکیی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی بنیاتنرابوو: ناوەڕاستی ئەمساڵ ماوەی سەرۆکایەتیی درێژکراوەی بارزانی کۆتایی دێت، دەستوور دەچێتەوە پەرلەمان، خاوەندارێتیی هێزی سەربازی و ئەمنی لە ناوچەیەکی بەرفراوان و چارەنووسی کەرکووک (کە بە پلان و بەرنامەی پێشوەخت تەسلیمیان کرا)، لە هەموو ئەو بابەتە ستراتیژیانەدا پێیانوابوو کە بارزانی ناچارە تەق تەق لەدەرگای ئەوان بداتەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێت، بەڵام کردار و گوفتاری چەند مانگی رابردوویان دەریخست کە بارزانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرووپەدا بەهەڵەدا چووە و حیسابی لەسەر شتێک کردووە کە ئەوەندەش نەبوون. شەڕی داعش بارزانیی کردووە بە رێبەری بێ رکابەر لە مەیدانی جەنگدا و هاوکات جێگرەکەشی سەرکردایەتیی گرنگترین خاڵی رووبەڕووبوونەوە دەکات، بۆیە ئەگەر ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش کۆتایی بێت، بارزانی منەتی بەو پۆستە نییە و هەر وەک فەرماندەی پێشمەرگەی کوردستان دەمێنێتەوە، ئەمڕۆش قسەی یەکەم لەم وڵاتەدا پێشمەرگەیە. خۆ ئەگەر گوشارێک دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت، ئەوا ئەو کاتە یاسای هەڵبژاردنی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەچێتە واری پراکتیکییەوە و دەرگا بۆ سەر ریفراندۆم لە کەرکووکیش دەکرێتەوە. مەسەلەی دەستوور لە ئەولەویەتی ئەجێندای سیاسیی حیزبە کوردستانییەکاندا نەماوە و، لە بەرەکانی جەنگی داعشیشدا دەرکەوتووە کە کێن ئەوانەی شەڕ دەکەن و کێن ئەوانەی عەودالی سیناریۆی جیاجیان. ئینجا بە پارێزگاری کەرکووکیش راگەیەندرا کە نەوتی کەرکووک لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەفرۆشرێت و ئەگەر پێشمەرگە نەبێ، بە خەونیش ئەوە نابینێ کە نەک هەر سەرۆکی هەرێمی کەرکووک بێت! بگرە ناکرێتە موختاری گەڕەکێکیش.

لەبەرامبەر ئەوەدا، باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی رەنگبێ چاوەڕێی هاتنەوەی بارزانی بکەن بۆ ئەوەی چاویان پێبکەوێت و گوێیان لە هەڵوێستی تازەی بارزانی بێت (بە تایبەتیش زانیاریی ئەوە هەیە کە هەردوو جێگری سکرتێری گشتی لە رۆژانی رابردوودا سەرباری هاتنی قاسم سولەیمانی بۆ سلێمانی، دانیشتن و رێککەوتنی کاتییان رەت کردووەتەوە). ئینجا لە یەک کاتدا لە چەند بەرەیەکەوە لە هەوڵدان: لە لایەک دانیشتن لەگەڵ جێگرەکان دەکەن بۆ کاراکردنی لیژنەکان، ئێرانیان لە بارودۆخی تازە و مەترسیی بارزانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ جێگرەکاندا ئاگادار کردووەتەوە و هێناویانەتە سەرخەت، ناو بەناو دیدار و چاوپێکەوتن بۆ سەرۆک تاڵەبانی رێکدەخەن و سەرویسی دەکەن بۆ میدیا.

باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی ناتوانن ئەزموونی قیادەی موەقەتی پارتی و بەجێمانی میراتی بارزانیی باوک بۆ کوڕەکانی دووبارە بکەنەوە، ئەوان ئەو رۆژە دژی ئەوە وەستانەوە و شۆڕشێکی دیکەیان بەرپا کرد. کەسایەتیی میراتگرەکانی شۆڕشی بارزانی و هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ناوچەکە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و میراتگرانی سەرۆک تاڵەبانی بەراورد ناکرێت. بۆیە ئەگەر لە دەرگای سازش لەگەڵ جێگرانی تاڵەبانی (کە لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە میراتگری راستەقینەی تاڵەبانین) نەدەن و لەسەر دەستی بارزانی نەگەنە رێککەوتنێکی بنچینەیی، عاقیبەت هیچ بەخێر نابێت.



عارف قوربانی

# حەویجە وەک بەڵایەک بۆ کەرکووک

ناوچەی حەویجە لەسەرەتای نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکانەوە تا ئێستا هەمیشە مایەی کێشە بووە بۆ کەرکووک، چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە مایەی بەڵای گەورەتر بۆ ئەو شارە و بۆ ئایندەی کوردستان.

کردنەوەی پرۆژەی ئاودێری و بایەخپێدانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەم ناوچەیە و کردنی بە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگ و پڕ بەرهەم، بۆ نیشتەجێکردنی مەڕدار و خێڵە کۆچەرییە عەرەبەکان بوو لە سنووری کەرکووک. بناغەی دامەزراندنیشی لە رووی ئیدارییەوە وەکو ناحیە و پاشان کردنی بە قەزا، هەر بۆ مەرامی سیاسی بوو، بەمەبەستی بناغەدانان بۆ پرۆسەی بە عەرەبکردنی کەرکووک.

بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر ئەم ناوچەیەیان کردبووە شوێنی ئیمتیازبەخشین بە عەشیرەت و خێڵە بەدەوییەکانی عێراق لە ناوەڕاست و باشوورەوە دەهێنران و زۆرترین زەویوزاری کشتوکاڵییان پێدەبەخشین تا لەناوچەکانی کەرکووک نیشتەجێ بن و ببنە پشتیوانی پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی. ئەنجامەکەشی بەو جۆرە بوو کە عەقڵیەتی شۆڤێنی عەرەبی پێش بەعس و بەعس دەیانویست.

بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ورد وەک کێڵگەی بەرهەمهێنانی عەرەب، هاوشێوەی دەواجنی هەڵهێنانی جووجەڵەی مریشک، ئەم ناوچەیەیان کردە ناوەندێک کە ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی گەشەکردنی عەرەب لە کەرکووک بەشێوەی ناسروشتی بەرێتە سەرەوە.

ئێستا کەرکووک پێویستی بە پرۆسەی تەعریب نەماوە، چونکە زیاتر لەو ژمارەیەی لە چوارچێوەی تەعریب دەهێنرانە کەرکووک، لە حەویجە بەهۆی گەشەی دانیشتووانەوە ئەو رێژەیە بەدەستدێت. بەپێی داتا و ئامارەکان لە رووخانی بەعسەوە بۆ ئێستا نزیکەی 200 هەزار منداڵ لە حەویجە لەدایک بوون، ئەویش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکین و هەر پیاوێک لەو ناوچەیە سێ بۆ چوار ژنی هەیە. چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت لە ئێستاوە بۆ 10 ساڵی داهاتوو رێژەی گەشەکردنی عەرەب بە ئەندازەیەکی ترسناک بەرزبێتەوە و مەترسی بخاتە سەر ئایندەی کەرکووک.

ئەمە سەرباری ئەوەی لە 10 ساڵی رابردوودا هەرچی ماڵە کوردێک لە حەویجە هەبوون بە تیرۆر و تۆقاندن شاربەدەریان کردن و موڵک و ماڵیان داگیرکرا کە ژمارەیان زیاتر لە 900 خێزان بوون. بەوەشەوە نەوستان و حەویجە و حەویجەییەکان بوونە سەرچاوەی هەڕەشە و تیرۆر بۆ کەرکووک. هەرچی کردەوەی تیرۆریستی هەبووە سەرچاوەکەی حەویجە بووە، مۆڵگەی نەیارانی کورد و تیرۆریستەکان بووە کە بەهۆیەوە زیاتر لە ژمارەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەم دوانزە ساڵەدا هاووڵاتی کەرکووک شەهید کراون.

لەدوای هاتنی داعشیشەوە بۆ عێراق، حەویجە زوو ئەم مەترسیەی پەلکێشی کەرکووک کرد، جارێکی دیکە بووەوە بە ناوەندی ئەم هێزە تیرۆریستیە. گەورەترین بنکەو بارەگا و ناوەندی مەشق و پێگەیاندنیان لە حەویجە دانا و رۆژانە لەوێوە پلان و بەرنامەی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ دەکرد. بەوهۆیەوە سەدان پێشمەرگەی ئازا و گیانفیدای کوردستان شەهید بوون و دەیان پێشمەرگەمان کەوتنە دەستیان بە دیلی و رۆژانە لە ناو شارۆچکەی حەویجە سووکایەتیان پێدەکەن.

لە بەرامبەر ئەو دوژمنکارییەی حەویجەییەکاندا بۆ کەرکووک، کورد هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ لانیکەم خۆپاراستن و کەمکردنەوەی قوربانیەکانمان. لە 10 ساڵی رابردوودا کە حەویجە ببووە سەرچاوەی هەناردەکردنی خۆکوژ و تیرۆریست بۆ کەرکووک، لانیکەم خۆ دەکرا رێگاکانی کەرکووک حەویجە دابخرێن. بەڵام هەمیشە سیاسی و بەرپرسەکان بەجۆرێک کاریان کردووە کەمترین باج بدەنەوە، بۆ ئەوەی سەرۆک خێڵە عەرەبەکان لێیان رازی بن و لای بەغدا سکالایان لێنەکەن، گوێیان نەداوەتە ئەو نەزیفەی کەرکووک، چونکە ئەوانەی شەهید دەبوون خەڵکی هەژار و بەدبەختی کەرکووک بوون نەک کەسوکاری بەرپرسەکان.

دوای هاتنی داعشیش بۆ حەویجە، لەوکاتەوە بۆ ئێستا سەدان کەسی ترمان بوون بە قوربانی، لانیکەم بۆ ئەوەی حەویجەش تووشی کێشە ببێتەوە، خۆ دەکرا هاوینی رابردوو ئاو و کارەبای حەویجە ببڕین کە سەرچاوەی ئاوەکەیان لە بەنداوی دوکانەوەیە و کارەباکەشیان لە کەرکووک. ئەگەر ئەوەمان بکردایە ژیان لە حەویجە نەدەما و دەبووایە هەموو خەڵکەکەی رەو بکەن. بەڵام ئەوەشمان نەکرد، نەبادا سەرۆک خێڵەکانی عەرەبی حەویجە گلەیی لە بەرپرسەکانمان بکەن.

لە چەند رۆژی رابردوودا کەرنەڤاڵی مەرگێکی تری شۆکهێنەرمان بینی کە پێشمەرگە دەستگیرکراوەکانمان بە کەژاوە لەناو قەفەس بەناو شارۆچکەی حەویجەدا سوڕێندرانەوە، خەڵکەکەی چۆن تەماشای ئەو قوربانیانە دەکەن، ئەگەری ئەوەش هەیە هاوشێوەی فرۆکەوانە ئوردنیەکە ئاگریان لە جەستەیان بەردابێت کە لە بنەڕەتەوە ئەویش هەر بەهۆی حەویجەوە بوو. چونکە ئەو ناوچەیە تا نزیکترین دەروازەی جەستەی کەرکووک بە دەستی داعشەوەیە و لەوێوە پەلاماری پێشمەرگە دەدەن و دەگەڕێنەوە ئەو ناوچەیە کە بۆ ئەوان بووەتە ئارامترین پەناگا.

ناکرێت ئەم ناوچەیە بەو جۆرە بمێنێتەوە و شوێنی خۆتەیارکردنی دوژمنەکانی ئێمەبێت، شوێنی مەشق و راهێنانی تیرۆریستان بێت، شوێنی ناردنی خۆکوژ و سەرچاوەی تیرۆر بێت بۆ کەرکووک، قەڵغانی پەلاماردانی داعش بێت و کوردیش هەر بەدەم رۆیشتنی خوێنی جەستەیەوە تەماشای حەویجە بکات.

بۆ ئەوەی شەڕ و مەترسی لە کەرکووک دوور بخرێتەوە، دەبێت شەڕ ببرێتە حەویجە. بۆ ئەوەی ماڵی ئەوانیش وێران بێت، بۆ ئەوەی سەربازگە و ناوەندەکانی مەشق و راهێنانیان تێکبشکێت. بەوەش ناوچە و پەناگای ئارامی داعش نامێنێ و کەرکووک لە مەترسی دوور دەکەوێتەوە. لەڕووی ستراتیژیشەوە دڵنیایی ئەوە دروست دەبێت کە کەرکووک بکەوێتەوە دەست ئیرادەی کورد، گومان دەکرێت هەر ئەوەش هۆکاری هێشتنەوەی حەویجە بێت وەک ناوەندێکی گەورە و بەهێزی پێگەی عەرەب و مەترسی و هەڕەشەی بەردەم لکاندنەوەی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە.



هیوا حاجی

# عەبادی مەلیک فەیسەڵ بەدرۆ دەخاتەوە؟

"لە عێراقدا... تا ئێستاش شتێک نییە بە ناوی گەلی عێراق، بەڵکو چەند کوتلەیەکی مرۆیین کە ناکرێ خەیاڵی بکەی، بەتاڵن لە هەر نموونەیەکی باڵای نیشتمانی...هیچ پەیوەندییەکی گشتی لە نێوانیاندا نییە، هەوڵی شەڕ دەدەن، ئارەزوویان لە ئاژاوەی سیاسیە، هەموو کاتێک ئامادەن بەرەنگاری هەر حکومەتێک ببنەوە، هەرچۆنێک بێت". ئەمە قسەی مەلیک فەیسەڵ، یەکەم مەلیکی عێراقە کە کەمێک بەر لە مردنی لە ساڵی 1933 کردوویەتی. ئەم وتەیە بێ ئومێدیی مەلیک نیشاندەدات لە پاش زیاتر لە 10 ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەوەی بکرێ شتێک بە ناوی گەلی عێراق دروستبکرێ. لەدیدی ئەودا ئەوانەی پێیان دەگوترێ عێراقی، کۆمەڵە خەڵکێکی پارچە پارچەن کە شتێکی هاوبەش کۆیاننناکاتەوە. لەدوای مەلیکیش و تێپەڕبوونی نزیکەی 80 ساڵی دیکە بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، هەرگیز نەکرا عێراق گەلێکی هەبێ. بۆیە زۆر بە دروستی لیام ئەندرسۆن و گاریس ستانسفیلد لە کتێبەکەیاندا (عێراقی داهاتوو- 2005) دەڵێن "هەرچەندە عێراق توانی وەک وڵات بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز نەتوانرا ناسنامەیەکی عێراقی هاوبەش بەرهەمبێ کە هەموو عێراقیەکان کۆبکاتەوە".

راستییەکی مێژووییە کە عێراق دەستکردێکی کۆلۆنیالیی رووتە. بەرهەمێکی خۆڕسک و ئەنجامی خەباتی هاوبەشی خەڵکەکەی نییە. لەسەرەتادا، عێراق بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەو دواتریش بەهۆی حیساباتی تایبەت بە نەوت و بۆ هەندێک راستکردنەوەی پارسەنگی ئیتنیکی (زیادکردنی رێژەی سوننە)، لە ساڵی 1925 ویلایەتی مووسڵیشی خرایە سەر. لەپاش دامەزراندنی بەهەڵەی دەوڵەتی عێراق، کێشەی درێژخایەنی ئەم دەوڵەتە بریتی بووە لە شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لە دامەزراندنیەوە تا رووخانی بەعس لە 2003، بەسەردەمی مەلیکی و کۆمارییەوە، عێراق لەلایەن کەمینەی سوننییەوە فەرمانڕەوایی کرا. شیعە و کورد پەراوێزخران و لە هەندێ باریشدا تەنانەت تووشی پاکتاوی نەژادیش هاتن. لە 2003 بەدواوە، نۆرەی ئەوە هات قوربانی ببێتە جەلاد. پەراوێزخستنی سوننە و دواتریش کورد لەسەردەستی زۆرینەی شیعە بووە خەسڵەتی ژیانی سیاسی لە عێراق. بۆیە مرۆڤ دەتوانێ بەسادەیی لەوە تێبگا کە بۆ قسەی مەلیک فەیسەڵ تا ئێستاش هەر بەدروستی ماوەتەوە.

راستە دەوڵەتی عێراق لە بنەچەدا بە ئیرادەی "عێراقیەکان" دروست نەبوو، بەڵام دەکرێ بپرسین ئایا نەدەکرا ئەم وڵاتە بە رێگایەکی دیکە، و جیاواز لەوەی ئێستادا رۆیشتبا؟ جیاکردنەوەی ئێرلەندای باکوور لە کۆماری ئێرلەندا و نوساندنی بە بەریتانیای مەزنەوە هەندێ لێکچوونی لەگەڵ کەیسی عێراقدا هەیە. تا ئێستاش لە ئێرلەندای باکوور، خەڵکانێک هەن کە کەمیش نین، لکاندنی وڵاتەکەیان بە بەریتانیاوە بە زوڵمێکی مێژوویی دەزانن و تا ئەم ساتەش لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە بەریتانی بزانن، خۆیان بە ئایریش پێناسە دەکەن. بەڵام جیاوازیی کەیسی عێراق و شانشینی یەکگرتوو UK لە کاردانەوەو سیاسەتی هەر دوو وڵاتەکە بوو لەگەڵ ناسنامە جیاوازەکاندا. لە باکووری ئێرلەندا چەکی کیمیایی و کاولکردنی گوندەکان رووینەدا.

ئەوەی تا ئێستاش لە عێراقدا روودەدات جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ تەمەنی نزیک لە 100 ساڵی رابردووی وڵاتەکە. زۆر کەس چاوەڕێی دەکرد سەرکردە عێراقیەکان وانەیەک لە مێژووی وڵاتەکەیان وەربگرن. بەڵام هەرگیز وادەرنەچوو. لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەدوای جەنگی 2003، سەرکردە عەرەبەکان، بە سوننە و شیعەوە، بەر لە هەر شتێک بەرهەڵستی ناونانی عێراقیان وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی کرد. هەرچەندە لە ناوەڕۆکی دەستووردا عێراق وەک دەوڵەتێکی ئیتیحادی پێناسەکراوە، بەڵام رازی نەبوون بەوەی فیدراڵیەت بەشێک بێ لەناوی فەرمیی دەوڵەتەکەیان. دواتریش ئەو فیدراڵیەتەی بەناچاری دانیان پێدانا، نەیانهێشت بە دروستی پیادەبکرێ.

عێراقی ئێستا لە زۆر رووەوە درێژکراوەی رابردووی خۆیەتی. بەشێکی گرنگی بنەما سەرەکیەکانی حوکمڕانی دەستیان لێنەدراوە. پەراوێزخستن و تاکپەرستی و کۆنترۆڵکردنی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان و بەگەڕخستنیان بۆ بەرژەوەندیی تائیفی و کەسی هەر بە بەهێزی ماونەتەوە. حکومەت لەسەر بنەمای تائیفی رووت دادەمەزرێ، پێکهاتەی هێزە چەکدار و ئەمنییەکان زۆر ناهاوسەنگە، کەمینەکانیش سیاسی بن یان ئێتنیکی فەرامۆش دەکرێن. لە عێراقی ئێستادا، وەک جاران، هەم دەسەڵات و هەمیش سەروەت زۆر بە نایەکسانی دابەش دەکرێن.

ئەگەر عێراق توانیبای بە ئاراستەیەکی دیکەدا هەنگاوی بنێ، ئەوا ئەو ئەگەرە بەهێز بوو کە ئێستا عێراقیەکان هەست بە ناسنامەی هاوبەش بکەن. دەکرا زەمینەیەک فەراهەمبکرێ کە دانیشتوویەکی زاخۆ شانازی بە کوردستانیبوون و عێراقیبوونی خۆیەوە بکا. بەهەمان شێوە دەگونجا کەسێک سوننە و عێراقی، شیعەو عێراقی و یان تورکمان و عێراقی بێت. مەرج نییە ئەو ناسنامانە هەمیشە دژی یەک بن. ئەگەر چوارچێوەیەکی دیمۆکراتیک بەرقەراربا و رێز بالادەست بووایە، دەگونجا ئەوەی ئێستا دەیبینین نەماندیتبا.

بە تێگەیشتنی ئێمە، تا ئێستا دوو سەرۆک وەزیری پێشووی عێراق (ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکی)، و ئەوەی ئێستاش (حەیدەر عەبادی) لادانێکیان لە مێژوو نیشان نەداوە. دوو سەرۆک وەزیرانەکەی پێشوو بە ئاشکرا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی عێراقیان دەکرد. جیاوازیی عەبادیش لەوەدایە کە ئەم لە سەردەمێکی زۆر ئەستەمی ئابووری و لە هەناوی جەنگێکی قورسدا بووەتە سەرۆک وەزیران. ئەوەی بۆ ئەوانی پێش خۆی دەچووە سەر بۆ ئەم ناچێتە سەر. بە ئەندازەی ئەوانی پێش خۆی نە لە رووی ئابووری و نە لەڕووی سەربازی و ئەمنییەوە دەستی کراوە نییە. هەربۆیە دەبینین هەندێ کراوەتر لەگەڵ سوننەکان و برێکیش نەرمتر لەگەڵ کورد مامەڵە دەکات.

بۆئەوەی عێراق بتوانێ قسەی مەلیک فەیسەڵ بەدرۆبخاتەوە، پێویستی بە سەرکردەیەک (یان چەند سەرکردەیەک)ی گرنگ هەیە کە بتوانن لادانێک لە مێژووی ئەو وڵاتە بهێننە گۆڕێ. ئەوەی لە عێراقدا روودەدات دووبارەکردنەوەی مێژووە و تا ئەو مێژووەش خۆی دووبارە بکاتەوە ئەستەمە شتێک هەبێ بەناوی "گەلی عێراق".

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.





سوهێر قەیسی *

# عەبعوب و دوبەی

ئێستا 9ی شوباتی 2015یە و بەیانی یەکەم ڕۆژی لووتکەی حکومەتە لە دوبەی. لەنێوەڕاستی هۆڵێکی گەورەدا دانیشتووم کە پڕە لە میوانە پایە بەرزە حکومی و ئابوورییەکانی جیهان. لەم هۆڵەدا شێخ محەممەد بن زاید، وتارەکەی سەبارەت بە ئایندەی وڵاتەکەی پێشکێش دەکات، بێگومان باسی ڕوانگەی خۆی دەکات بۆ ئایندەی وڵاتەکەی بۆ ڕۆژگاری دوای لەبنهاتنی نەوت و فرۆشتنی دوایین بەرمیلی نەوت لە ساڵی 2065دا. لەوێ گوتی: چی بۆ نەوەکانی داهاتوومان بکەین دوای فرۆشتنی دوایین بەرمیلی نەوت؟

ئاشکرایە کە ئیمارات نەیدەتوانی بەبێ ڕوانگەیەکی ڕوون و ورد ببێتە ئەو ناوەندە شارستانییە جیهانییەی ئێستای. بەبێ ئەوەی شێخ محەممەد وەبەرهێنان لە پەروەردەکردنی گەنجاندا بکات وەک سەرچاوەیەکی ئەڵتەرناتیڤ.

دروست لە کاتی گوتارەکەی شێخ محەممەد دا، (نەعیم عەبعوب)م بیرکەوتەوە! بەڵێ. ئەمینداری بەغدا و ڕوانگەی نایابی ئەوم بیرکەوتەوە بۆ ئایندەی پایتەختی عێراق! ئەوم لە خەیاڵ بوو. بیرم کەوتەوە کە چۆن دەیگوت دەستکەوت و پێشکەوتنی زیاتر لە شارەوانیی نیویۆرکمان بەدەستهێناون! بەبیرم هاتەوە کە ئەگەر پرسیارم لە عەبعوب کردبا لەبارەی (شاری زیرەک)ەوە، وایدەزانی باسی فیلم کارتۆنی گریندایزەر دەکەم.

دوبەی شاری "زەرق وەرەقە" بەلای عەبعوبەوە، بەڵام لە کۆنگرە حکومییەکەیدا باسی وەبەرهێنانی دەکرد لە بیابانی هەسارەی مەریخ!

خوێنەری ئازیز، مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە توانای خەیاڵکردن و دروستکردنی ڕوانگەی هەیە. ئەوەش توانایەکی زۆر گرنگ و بنچینەییە بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێک.

ئەنیشتاین کە یەکێکە لە گرنگترین زانایانی سەردەمی نوێ، دەڵێ خەیاڵکردن لە مەعریفە گرنگترە. The imagination is more important than knowledge

تایبەتمەندیی دروستکردنی ڕوانگە، لەلای زۆربەی سیاسییەکانی عێراق وەک بڵێی تێکچووە.

بەڵێ، گرنگترین تایبەتمەندیی فیکر لەکارکەوتووە! دەڵێم زۆربەیان نەک هەموویان. لەوانەیە ڕێبەرێک یان دووان هەبن بە تێڕوانین و ڕوانگەیەکی باشەوە.

نامەوێ هاووڵاتی بترسێنم، بەڵام نەبوونی ڕوانگە لە عێراق لەلای زۆربەی سەرکردەکان کێشەیەکی سەرەکییە و هۆکارێکی سەرەکی تێداچوونە.

نە ڕوانگەیەک هەیە، نە ستراتیژێک و نە ئایندەیەک.

لە عێراق هەستدەکەی لە ناوەڕاستی دەریادا بەسواری کەشتییەکەوەی کە هیچ ڕووگەیەکی نییە و بووەتە نێچیری ڕەشەبا و لەوانەیە نقوم ببێت.

ئیمارات بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە هەموو شارەکانی ببنە (شاری زیرەک)، ئێستا باسی شۆڕشی ژمارەیی دەکات و لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن بەشێوەیەکی ئیجابی کار لە هەموو جومگەکانی دەوڵەت دەکات! سەرکردەکانی هەر لێرەوە ئایندەی پاش 50 ساڵی پڕ بەختەوەریی خۆیان دەبینن و پلان و ستراتیژی بۆ دادەنێن.

بەشی ئێمە لەم پێشکەوتنە چییە؟ ئێمە هێشتا لە چیرۆکێکی سەدان ساڵەدا دەژین و لەسەر ئەو چیرۆکە یەکتر دەکوژین.

ئێستا کاتی ئەوەیە پەنا بۆ خەڵکی شارەزا ببەین بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ ئایندەی عێراق بنەخشێنین.

کاتی ئەوەیە.

***ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییە و میدیاکارێکی گرووپی mbcیە، هەفتانە ئەم گۆشەیە بۆ ڕووداو دەنووسێ.**



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# فریای کەرکووک بکەون

جەلادەکانی داعش جلی پرتەقاڵی دەکەنە بەری دەیان پێشمەرگە و لە قەفەزی ئاسنیندا نمایشیان دەکەن. لە نێو سنوورەکانی پارێزگای کەرکووکەوە هەڕەشەی سووتاندنی ڕۆڵەکانی کوردستان دەکەن. ئەمە هێندەی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ژیانی ئەو پێشمەرگانە، زەنگێکی مەترسیداریشە بۆ کورد، دوور نییە داعش هەموو شەڕەکەی بهێنێتە کەرکووک.

داعش بە بەراورد لەگەڵ ماوەیەک پێش ئێستا، جموجوڵەکانی لەسەرجەم بەرەکانی لەگەڵ کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سست بوون. دوای شکانیان لە کۆبانێ بەتەواوی لەو قۆڵەوە پاشەکشێیان کرد. لە شەنگال و مەخموور و میحوەرەکانی دیکەش چالاکییەکانیان سنووردارکردووە. لە بەرامبەردا دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەزاران تیرۆریست گواسترابێتنەوە بۆ نزیک کەرکووک.

ئەو ڕاستییەی کە داعش مەبەستێتی بەرەیەکی گەورە لە سنوورەکانی کەرکووک بکاتەوە ڕوون و ئاشکرایە، پێویستی بە لێکدانەوە نییە. کەرکووک زۆر لە کۆبانێ زیاتر گرنگە بۆ داعش. پێش هەموو شتێک کەرکووک مانایەکی سیمبوڵی هەیە بۆ کورد. دواتر، نەوتەکەی ئیشتیهای داعش دەکاتەوە. لەمانەش گرنگتر داعش پێویستی بە شەڕ هەیە بۆ ئەوەی بژی. پێویستی بە بۆنی باروت و شەڕ و خوێنڕشتن هەیە بۆ مۆتیڤەکردنی چەکدارەکانی.

بەر بەرچاوی هەمووشمانەوە، کۆتایی مانگی پێشوو پرۆڤەی هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر کەرکووک کرد. هەموو ئەم ئاماژانە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە داعش لە هەندێک شوێندا کەمتر لە 20 کیلۆمەتر دوورە لە کەرکووکەوە، بەسن بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە مەترسییەکی زیاتر لەو مەترسییەی لەسەر ناوچەکانی دیکەی کوردستانە، ڕووی لە کەرکووکە.

داعش لە ئامادەکاری ئەوەدایە کە هێرشێکی بەرفراوان بکاتە سەر کەرکووک. ئەو پرۆڤانەی کە هەتا ئێستاش کردوویەتی مەبەست لێی تاقیکردنەوەی ڕێگە جیاوازەکان بووە بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە. من پێشبینی دەکەم کە ئەگەر بەو نزیکانەش نەبێت، لەگەڵ هێرشی "چاوەڕێکراو" بۆ سەر مووسڵ، داعش بە هەموو هێزێکییەوە ڕوو بکاتە کەرکووک. نابێت ئەم مەترسییە پشتگوێ بخرێت.

داعش لە دوو شتدا زۆر سەرکەوتوون: یەکەمیان تۆقاندن پێش هێرش. ئەم ڕێکخراوە هەتا ئێستا بەمە بردوویانەتەوە. پێش شەڕی بەرە، بە بەکارهێنانی ئەو ڤیدیۆ و دەنگۆیانەی کە لەسەر دڕندەیی خۆیان بڵاویدەکەنەوە، هەوڵی تۆقاندنی دوژمنەکانیان دەدەن. دووەمیشیان نانەوەی دووبەرەکی و فیتنەیە لە نێوان دوژمنەکانیان. هەرچەندە من نازانم کە ئەوان زۆر سەرکەوتوون لەمەدا یان ئێمەین کە زۆر ئامادەین بۆ دابەشبوون بەسەر چەند بەرەیەکدا، پێدەچێت هەردووکیان بێت.

لە سەرەتاوە ئەم دوو چەکەیان بەکارهێنا لەگەڵ کورد. ئێستاش زیاتر لە جاران. هەردوو بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیە و دەنگۆی ئەوەی کە لە حەویجە ئەو نمایشە سازکراوە، بەشێک بوون لەو شەڕە دەروونییەی لەگەڵ پێشمەرگە، بە تایبەتیش لە کەرکووک بەرپاکراوە.

ئەو حیزب حیزبێنەیەش کە لە سەرەتای شەڕی داعشەوە کورد پێوەی دەناڵێت، هاوتەریب لەگەڵ تەکتیکە مەترسیدارە نهێنییەکانی داعش بۆ وروژاندنی ئەو دووبەرەکییە، کۆیانکەرەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە لە باشووری کەرکووک بێ لە پێشمەرگە ژمارەیەک هێزی دیکەی عەرەبی هەن کە کەس ناتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات تا سەر دۆست یان هاوپەیمان دەمێننەوە، هەموو ئاماژەی ترسناکن لە هاوکێشەی پاراستنی کەرکووکدا.

ئەوەی کە پێویستە بکرێت، سەرەتا وەلانانی حیزب حیزبێنەیە، یەکخستنی تواناکانە بۆ شەڕێکی قورس بۆ پاراستنی کەرکووک. دوای ئەوەش بەکارهێنانی کەناڵە دیپلۆماسییەکان و دروستکردنی لۆبییە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری زیاتری نێودەوڵەتی. بێ لەمانە دروستکردنی تۆڕێکی هەواڵگرییە لەنێو بەرەکانی داعش کە هاوکاری پێشمەرگە بێت. لەمانە گرنگتر هەوڵدانە بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕێکلام و پروپاگەندانەی داعش لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆخۆی دەکات. ئەو تۆقاندنەی لەسەر یوتیوبەوە بڵاوی دەکاتەوە.

بابەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن داعشەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەلایەک و هاندانی چەکدارانی خۆی بۆ پیاوکوشتنی زیاتر لە لایەکی دیکە، هێندەی خودی ڕێکخراوەکە مەترسیدارن. من تا ئێستا تێنەگەیشتووم بۆچی و چۆن ئەمریکا ڕێگەیەکی نەدۆزیوەتەوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش. ئەمە خۆی لە خۆیدا جێی پرسیارە.

هەتا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدۆزرێتەوە، هەنگاوێک کە ئێمە بتوانین بینێین ئەوەیە کە یەکەم: وەک میدیاکان واز لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڤیدیۆکانی داعش لەسەر شاشەکان و دووەمیش وەک هاووڵاتی ئاسایی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بهێنین.

دەسەڵاتدارانی کوردیش دەبێت بە نەفەسێکی کوردستانییانەوە بگەنە فریای کەرکووک. دوور لە ململانێی سیاسی، ستراتیژێکی ڕوون و بەهێز دابڕێژن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری هەر هێرشێکی داعش لەو میحوەرەوە.

هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئێن ئاڕ تی هەڵە نییە

ئەو هەڤپەیڤینەی ئێن ئار تی، کە یەکێک لە باشترین کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانە لە سلێمانی، لەگەڵ مەلا کرێکار بڵاویکردەوە، هی ئەوە نییە لەسەری سزابدرێت. دەسەڵاتی کوردی، کە هەر بۆخۆی لە ئازادیی ڕۆژنامەڤانی لە کوردستان دردۆنگە، پێنگاڤێکی دیکەی هەڵە دەهاوێت ئەگەر کەناڵێکی ناتوندئاژۆ لەسەر بڵاوکردنەوەی هەڤپەیڤینێک لەگەڵ کەسێکی توندئاژۆ دابخات. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەمە ببێتە خوو و حکومەت هەر کەناڵێکی بەدڵ نەبوو بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییەوە دایبخات.

کاتێک داعش ڤیدیۆی سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنییەکەی بڵاوکردەوە، کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمریکی و ماڵپەڕی هەفینگتن پۆست کە هەردووکیان دوو گەورەترین میدیای ئەمریکان، دەقاودەق ڤیدیۆکەیان بڵاوکردەوە. بەڵام ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆست و ئاژانسی ڕۆیتەرز و ئەوانی دیکە تەنیا وێنەیەکی ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە. ئەمە گەنگەشەیەکی گەرمی لەنێو میدیازاناندا دروستکرد. پرسیاری گەنگەشەکەش ئەوەیە: مادام دەزانین داعش ئەو ڤیدیۆیانە بۆ پڕوپاگەندە بڵاودەکاتەوە و وڵاتەکانمان لەگەڵ ئەو گرووپە لە شەڕدایە، بۆچی بەشداربین لە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەدا؟

ئەو گەنگەشەیە لەکاتێکدا دەکرێت کە هەم ئەوانەی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکاندان و هەم ئەوانەش کە لەدژین داوای داخستنی فۆکس نیوز و هەفینگتن پۆست ناکەن و حکومەتی ئەمریکاش هەنگاوی هەڵەی وا ناهاوێت.

ئەوانەی لەدژی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانن دەڵێن داعش مەبەستی لەو ڤیدیۆیانە بەتەنیا ترساندنی دوژمنەکانی نییە، بەڵکو پەیامی شاراوەشی بۆ ئەو کەسانە تێیدایە کە دەیانەوێ پەیوەندی بەو گرووپەوە بکەن. ئەوانەی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانیشدان دەڵێن ئەگەر ئێمەش بڵاویاننەکەینەوە، ڤیدیۆکان لەسەر تویتەر و لە ماڵپەڕەکانی دیکەدا هەن و خۆیان هەر بڵاودەبنەوە، هەروەها خەڵک مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیاربدات کە دەیەوێ سەیری ئەو ڤیدیۆیانە بکات یان نا، یانیش بڕوای پێبکات یان نا.

ڕەنگە هەبن بڵێن ئەمریکا و ئەورووپا جیاوازن و وەکو کوردستان نین. ڕەنگە بشڵێن بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەکی داعش یان هەڤپەیڤینێکی پڕ لە شفرەی وەکو ئەوەی مەلا کرێکار، میدیای کوردی بەشداری دەکات لە کاریگەریدانان لەسەر گەنجانی کورد بۆئەوەی ببنە داعش. ڕەنگە ئەمە بەشێکی ڕاست بێت، بەڵام خۆ ئەمریکا و ئەورووپاش وەکو ئێمە گیرۆدەی ڕادیکاڵیزەبوونی گەنجانیان و پەیوەندیکردنیان بە داعش و گرووپە جیهادییەکانن، ئەی بۆ ئەوان کەناڵێک لەسەر بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەکی وا داناخەن؟ بۆ من وەڵامەکە ئەوەیە کە یەکەم: حکومەتەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بە قەناعەتەوە، نەک بە ڕووکەش، ڕێز لە ئازادیی ڕۆژنامەڤانی دەگرن، دووەمیش: ئەوان خەڵکی خۆیان بە مێگەل و نەزان نازانن و ڕێزی ئەوە دەگرن کە خۆیان بڕیار لەسەر ڕاستی یان ناڕاستیی زانیارییەکان بدەن.

ڕووداو بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ ڤیدیۆکانی داعشدا دەکات و تەنیا لەپێناوی زیادکردنی بینەر و خوێنەر و بیسەرو سەردانکار بڵاویانناکاتەوە. هیچ ڤیدیۆیەکیش بەبێ هەڵسەنگاندنی تیمی فاکت چیکینگی ڕووداو بڵاونابێتەوە، بەڵام ئەگەر میدیایەکی دیکە ئەمەی کرد، نابێ بە هیچ شێوەیەک سزاکەی ئەوەبێت کە دابخرێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# بژارەکانی ئەمریکا لەدژی داعش

ئەم هەفتەیە، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی کرد پڕۆژە بڕیارێک بۆ ناردنی هێزی تایبەت لەدژی داعش و گرووپەکانی وەکو داعش پەسەند بکەن. ئەو پڕۆژەیەی لەبەردەم کۆنگرێسە بە ناڕوونی مۆڵەتی ناردنی هێزی زەمینیی ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە و ماوەی سێ ساڵ بۆ ئەو جەنگە دیاری دەکات. ئاشکرایە بەڵێنەکەی سەرۆک ئۆباما لە نەناردنی هێزی سەربازییەوە بووە بە ناردنی هەندێک هێز، ئەگەر پێویست بێت.

لەبەر چەند هۆکارێک، ناردنی ژمارەیەکی زۆری هێزی سەربازیی ئەمریکا بۆ سووریا وا دەردەکەوێ کە هیچ چانسێکی نەبێت. بۆیە زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە پەسەندکردنی ناردنی ئەو هێزە بۆ عێراق دەبێت. هەرچەندە ئەو دەسەڵاتەی ئۆباما داوای دەکات لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی بۆ پێگەیەکی جوگرافیی دیاریکراو و سنووردار نییە. دەکرێت هێزی سەربازی بنێردرێت بۆ یەمەن هەروەک چۆن دەنێردرێت بۆ عێراق. ئەگەر مەبەستەکە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی کۆنگرێس بێت لە پشتگیریکردنی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و سنووردار وەک ناردنی هێزە تایبەتەکان بۆ کوشتنی سەرکردەکانی داعش، کەواتە ئەوە شتێکی لۆژیکییە بۆ ئۆباما داوای دەسەڵاتێکی لەو جۆرە بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حاڵی حازر و لە ساڵی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆن لەلایەن هێزە تایبەتەکانی ئەمریکاوە لە سووریا ئەنجامدراوە، جێی سەرسوڕمانە کە ئێستا داوای دەسەڵاتێکی لەوجۆرە بکرێت بۆ هەمان جۆر لە ئۆپەراسیۆن. هەروەها ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لە پاکستان چەندین سەرکردەی قاعیدەیان کردە ئامانج پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆنگرێس نەبوو، چونکە دەسەڵاتێکی بەرفراوان دراوەتە سەرۆکی ئەمریکا لە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001.

بۆیە گومانەکان لە ناردنی هێزێکی سەربازیی ئەمریکی گەورەتر بۆ عێراق دووبارە دەبێتەوە بە جێگەی باسوخواس. ڕەنگە ئۆباما خواستی وابێت کە هێزە ئەمریکییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرتریان هەبێت شانبەشانی هێزە عێراقی و کوردییەکان، بەتایبەتی لە پێکانی ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکان بە شێوەیەکی باشتر. ڕەنگە هێزە تایبەتەکان شانبەشانی هێزە ناوخۆییەکان بجەنگێن هەروەک ئەوەی لە ساڵی 2003 کردیان کە هێزە تایبەتەکان شانبەشانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەنگان بۆ لەناوبردنی ئەنساری ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە. هەرچەندە ئەو هەنگاوە جەنگەکە بەهێزتر دەکات لە دژی داعش، بەڵام لەهەمانکاتیشدا مەترسی لەسەر گیانی سەربازانی ئەمریکی دروست دەکات و ڕەنگە لەناو تابوتدا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان. بۆیە پشتگیرییەکی دوولایەنە لە واشنتن پێویستە بۆ تەحەمولکردنی بەرپرسیارێتیەکی لەوجۆرە.

ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئۆباما خستوویەتیە بەردەم کۆنگرێس، ئاماژەیە بۆ سووربوونی زیاتری ئۆباما لەسەر شەڕکردن لە دژی داعش، بەڵام ئەمە جێی سەرسوڕمانە، بۆچی بژارەیەکی دیکە تاوتوێ ناکرێ کە ڕەنگە باشتر بێت: ئەویش پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی کوردە. سیاسەتی واشنتن ناردنی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکایە لەڕێگەی بەغداوە. هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە بەغدا تەنها ڕێگە بە چەند کەلوپەلێکی سەربازیی بچووک دەدات بگاتە دەستی کورد، زۆرێکی ئەو کەلوپەلە سەربازیانە گلدەداتەوە بۆ خۆی و میلیشیا شیعەکان. هەندێک جار میلیشیا شیعەکان فەرمان دەدەنە سوپای عێراق نەک بەپێچەوانەوە. میلیشیا شیعە توندڕەوەکانی وەک کەتایبی حیزبوڵڵا کە تاوانبارن بە سەربڕینی سوننەکان و نزیکییان لە ئێرانەوە، ئێستا بە تانکی وەک M1A1 کە پێشکەوتووترین تانکی سوپای ئەمریکایە دەبینرێن. لەهەمان کاتدا، هێزی پێشمەرگە هێشتا بە تانکە کۆنە ڕووسیەکانی سەردەمی سەدام حسێن و لەپشتی پیکابەوە شەڕدەکەن.

ئاشکرایە بیرۆکراتەکانی واشنتن زیاتر ترسیان لە کوردستانێکی بەهێز هەیە وەک لە میلیشیا شیعە توندڕەوە دژ بە ئەمریکییەکان. زیاتر ترسیان لە دابەشبوونی نێوخۆیی پێشمەرگە هەیە وەک لە سوپایەک کە لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ جیهادیەکان چەکەکانیان فڕێدا. ئەمە جگە لەوەی لە سووریاش واشنتن بەئەنقەست خۆی بەدووردەگرێت لە کورد. واشنتن بەلایەوە باشترە سوپای سووریای ئازاد پڕچەک بکات کە چەکەکانیان و ئەندامەکانیان بەشێوەیەکی نادیار دەکەونە دەست گرووپە توندڕەوەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش. واشنتن ئەمە دەکات بۆ ڕازیکردنی بەغدا و تاران و ئەنقەرە و ڕەنگە دیمەشقیش کە هەموومان باش دەزانین ئەمانە چەند هاوڕێ و هاوپەیمانی متمانەپێکراوی ئەمریکان. ڕەنگە ڕۆژێک ئەنقەرە ڕێگە بە ئەمریکا بدات لە بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیکی ناتۆ لەدژی داعش یان خۆی بەدووربگرێت لە بانگەشەی ئەوەی کە واشنتن و ئیسرائیل لە پلانگێڕیدان بۆ ڕووخانی حکومەتەکەی تورکیا.

ئێستا زۆر لە ئەمریکییەکان دەزانن کە کورد هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوە لە جەنگی دژی داعش. کورد وەک هاوپەیمانەکانی دیکەی ناوچەکە نین کە بە ئەمریکییەکان بڵێن "سوپاس بۆ هاوکاریەکانتان، بەڵام هێشتا لە دژتانین و ڕۆژێک دووبارە هێرش دەکەینەوە سەرتان". ئەگەر هاووڵاتیانی ئەمریکی ئەو دوو بژارەیەیان بخرایەتە بەردەم: بەهێزکردنی چانسی کورد بۆ سەربەخۆیی یان پڕچەککردنی خەڵکانێک کە ڕقیان لێیانە و دەیانەوێ مەرگی سەربازە ئەمریکییەکان لە عێراق ببینن، لەو بڕوایەدام بژارەی یەکەم هەڵدەبژێرن.

بەڵام بەداخەوە ئۆباما و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی ڕەنگە هێشتا ئەو پەیامەیان پێنەگەیشتبێ.



دانا نەوزەر

# ژن دەتوانێ سواری پاس بێت؟

دوای سێ ڕۆژ لە نزیک گۆڕستانێک تەرمەکەیان دۆزییەوە. جەستەی شێوێندرابوو، دەستەکانی بڕدرابوون و لاشەی سووتێنرابوو. دایکی جەرگ سووتاوی هاواری دەکرد "تاوانی کچەکەی من چی بوو؟ سواربوونی پاس تاوانە؟". کچەکەی ئەو ناوی ئۆزگەجان ئەسلانە. ئۆزگەجانی تەمەن 20 ساڵ خوێندکاری بەشی دەروونناسی زانکۆی چاخ بوو کە دەکەوێتە پارێزگای مێرسینی تورکیا. پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە پاسێکی بچووک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی، هاوڕێکانی دادەبەزن و بەتەنیا دەمێنێتەوە، لەلایەن شۆفێری پاسەکەوە هەوڵ دەدرێ دەستدرێژی بکرێتە سەری. پاش ئەوەی ئۆزگەجان ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ڕێگری لێدەکات، شۆفێرەکە بە چەقۆ لێیدەدات و دواتریش دەیکوژێت. بۆ شاردنەوەی تاوانەکەشی باوکی و هاوڕێیەکی بانگ دەکات و جەستەی ئۆزگەجان دەسووتێنن. پرسیارەکەی دایکی ئۆزگەجان ئەوەندەش سادە نییە کە دەردەکەوێت. پرسیارەکەی ئەو کەمێک درێژترە، بەڵام هەناوی سووتاوی و هەنسکی گەرمی تەنها بەشی پرسیارێکی سێ وشەیی دەکرد. پرسیارەکانی دیکەی بۆ ئێمە بەجێهێشت.

تەنانەت شۆفێری تەکسیەکیش کە حەزدەکات هەموو کەس بە تاکسی هاتوچۆ بکەن، وەڵامی پرسیارەکەی دایکی ئۆزگەجان بە بەڵێ ناداتەوە. نەخێر سواربوونی پاس تاوان نییە و ژنیش دەتوانێ سواری پاس بێت. بەڵام کاتێک پرسیارەکە کەمێک وردتر دەکەینەوە، وەڵامەکانیش جیاواز دەبن. ئایا ژن بەتەنیا دەتوانێ سواری پاس بێت؟ دووبارە زۆرینە دەڵێن بەڵێ. دواجار پاس ئامرازێکی گواستنەوەی گشتییە و مافی هەرکەسێکە سواری بێت. تەنانەت وڵاتێکی وەک سعودیەش کە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانەوە بە حەرام دەزانێ، ڕێگە دەدا ژنان بەتەنیا سواری پاس بن.

ئایا ژنێکی جوان کە خۆی ڕازاندبێتەوە و بەشێکی جەستەی دەرکەوتبێت، دەتوانێ بەتەنیا سواری پاس بێت؟ لێرەدا بەشێکی بەرچاوی خەڵک دەڵێن نەخێر، ژن بۆی نییە لە کاتی چوونە دەرەوەدا جوانیی خۆی دەربخات. لە پاسدا بێت یان لە تاکسیدا، بەتەنها بێت یان لەگەڵ خەڵکی دیکە، دەبێت جوانی و جەستەی خۆی دەرنەخات. هۆکاری پشت ئەم وەڵامە زۆرجار ئاینییە، بەڵام گرووپێک لە خەڵک لەبەر هۆکاری دینی نا، بەڵکو لەبەر خاتری ئاسایش و سەلامەتیی ژنەکە، پێیان باشە ژنی جوان بە تەنیا نەگەڕێت، چونکە پیاو دەورووژێت و دەکرێت تاوان ڕووبدات.

ئەم ئاراستە بیرکردنەوەیە کە لە کۆنەستی زۆرێکماندا هەیە، ژن بە بەشێ لە هۆکاری گێچەڵ و دەستدرێژی سێکسی دەزانێت و پێیوایە ئەگەر ژن جوان خۆی داپۆشێ، یاخود ئەگەر بەتەنیا نەگەڕێت، ئەوە پارێزراو دەبێت. ئەم بیرکردنەوەیە ئەگەرچی کوشتن و سووتاندنیش ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئۆزگەجانی 20 ساڵ بەهۆکارێک دەزانێت، چونکە هەم جوانیەکەی دەرخستووە، هەم بەتەنیاش سواری پاس بووە.

ئەگەر داپۆشینی جەستە ڕێگر بێت لەگێچەڵی سێکسی، ئەوە دەبوو وڵاتێکی وەک میسر کە ئەزهەری شەریفی لێیە، خەڵکەکەشی ئەوەندە دینیان بەلاوە گرنگە کە بەپێی ڕاپرسی دەزگایەکی جیهانی لەساڵی 2010 دا، 84%ی خەڵکەکەی پشتیوانی سزای لەسێدارەدان دەکەن بۆ هەر کەسێک لە ئیسلام هەڵبگەڕێتەوە، بەڵام هەر لەم میسرەدا و بەپێی داتاکانی "هاراس ماپ" کە پرۆژەیەکە بۆ تۆمارکردنی تاوانی گێچەڵی سێکسی، 90% ی ژنانی میسر بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە. ئەگەرچی میسر بووەتە نموونەیەکی زەقی ئەم تاوانە، بەڵام وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بە کوردستانی خۆشمانەوە زۆر حاڵیان لە میسر باشتر نییە.

ئەگەر تەنیابوون و تەنیا گەڕانی ژنیش تاکە هۆکار بووایە، ئەوە دەبوو شوێنە گشتییەکان سەلامەتترین شوێن بن بۆ ژنان، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. بەشێکی بەرچاوی گێچەڵی سێکسی بە ژنان لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا ڕوودەدات و هەندێک جاریش بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوەیە. دوای ڕووداوە جەرگبڕەکەی ئۆزگەجان، ژنە ئەکتەری ناسراوی تورکیا بێرین سات دەردی دڵی خۆی هەڵڕشت و باسی بەشێک لەو ڕووداوانەی کرد کە تووشی خۆی هاتوون. بەشێکی زۆریان گێچەڵی سێکسی بوون لەبەردەم خەڵک و بەبەرچاوی خەڵکەوە. کەواتە نە پۆشتەیی و نە تەنیانەبوون هۆکارێک نین بۆ ئەوەی ژن لە گێچەڵی سێکسی ڕزگار بکەن هەروەک چۆن وروژاندنیش ئارگیومێنتێکی بەهێز نییە. بەپێی هەمان ڕاپرسی ڕێکخراوە میسرییەکە، زیاد لە نیوەی ئەو پیاوانەی گێچەڵ و دەستدرێژییان کردووە، خێزاندارن.

دەبێت ئەوە تێبگەین کە گێچەڵ و دەستدرێژی پەیوەندییان بە ژنەوە نییە و تەنها فۆرمێکی دیکەی توندوتیژییە. تاوانبارکردنی ژنێک کە جوانیی خۆی دەردەخات، یان بە ئازادیی خۆی دەگەڕێت، وەک ئەوە وایە ئۆتۆمبێلێکی جوان کە لە دەرەوەی ماڵ ڕاگیراوە، بدزرێ و خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە تاوانبار بکرێت. هەروەک چۆن جوانیی ئۆتۆمبێلێک و دانانی لەو شوێنەی خۆت پێت خۆشە مافی ئەوە بە کەس نادات بیدزێت، بەهەمان شێوەش دەرخستنی جوانی لەلایەن ژنانەوە و ڕۆیشتن و گەڕان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت، مافی دەستدرێژی بە کەس نادات. جەستەی ژن موڵکی خۆیەتی و تەنها خۆشی بەرپرسیارە لەوەی چی لێدەکات و بەکێی دەدات. ئەگەر پیاویش دەستی بۆ برد، تەنیا تاوانبارێک کە هەیە: پیاوێکی توندوتیژە کە دەکرێت دیندار بێت، بێ دین بێت، گەنج بێت یان پیر، ژنی هەبێت یان نا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# پیرباڵ دەچێتەوە نێو قەفەسی زێڕین

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

